


# پێشەنگ ژمارە 6

# هاوینی 1383ی هەتاوی



توێشوی داهاتوو:

تایبەتە بە ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەندی گیان بەخت کردوو جەمالی مفتی

# پێشەنگ ٦

لاپەرە


وتەیەکی کورت

وتار 6

سەبارەت بە هونەر بۆ هونەر (پليخانوف)

زامی دار بەڕو

سینەما 20

فیلم دێتە زمان، بەڵام چ شتێك دەڵێ؟ (ئانتوان جیڕوس)

چیرۆك 30

ئەم ساتە (عەلی ئەشرەفی دەرویشیان)

لە چاوەڕوانی سیما مەرگ بارەکاندا (فەوزیە مەنمی)

یاد (عەلی بوداغی)

شێعر 42

ڕەشستان (سەلاحە ڕەش)

یاریکم هەیە لە خۆمدا (عومەر عەبدوال)

پەرتبوونی ئێوارەکان (بەهار مەحمود)

دڵۆپاندنی قەیرانێکی نامۆ (ترێ مەحمود)

پرسەی چوار چناری پاییزی (سەلاح قادرمەرزی)

توێشوو 68

کۆرتەیەك لە ژیانی ئەستێرەیکی درەوشاوە(بێهزاد کەراچی)

یەکەمین ترپە ئەڤینداریيەکانی دڵم (عومران سەلاحی)

بروا بکەن بە سەرەتای وەرزی سەرما (خوسرەو باقرپور)

چاوگێڕانێك بەسەر شێعری ئەمرۆدا (فروغ)

شۆرو شەوقی ڕزگاری لەشێعری فروغ دا (مەحمود فەلەکی)



خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد سالحی

سەرنوسەر: سەعید ئەمانی

سکرتێری نوسین: یونس. م

دەستەی بەرێوەبەر:

- بێستون
- کەیوان ئەفروز
- شورش موحەمەدی

روبەرگ و مونتاژ: هیوا عەبدی



ئیمەیل:
peshang2@msn.com

تەلەفون:
07701934573
07701367543



قیمەت: 1000 دینار / 600 تمەن


بۆ ئاگاداری خوێنەران:

کەڵك وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئاماژە کردن بە سەرچاوە ئازادە.

ئادرەسی پێشەنگ لە سەر تۆری ئەنتێرنێت

http://www.komalah.org/peshang/index.htm





# وتەیەکی کورت

ئەوە راستە لە سەردەمێك دا دەژین كە دام و دەزگا تەبلیغاتی‌یە گەورە و بەرینەكانی دەسەلات دارانی خاوەن سەرمایەكانی پشتیوانیان كەش و فەزایەكیان خوڵقاندووە كە وا نیشان دەدات هەر هەولێك بۆ گۆرینی سیستمی دەسەلات و شێوەی موناسێباتی زاڵ بە سەر پەیوەندی نێوان ئینسانەكان، جا چ لە بواری سیاسی، ئابوری، كۆمەلایەتی و یان هەنەر و ئەدەبیاتەوە بێ، بە توندترین شێوە سەركوت دەكرێ و ئەو هەولانە جیا لە خراپ كردنی وەزعەكە هیچ ئاكامێكی‌تری لێ ناكەوێتەوە.

بە ئاشكرا دەیانەوێ بلێن ئەگەری هەر ئاڵ و گۆرێك بەندە بە ئیرادەی ئەوانەوە. بەڵگەشمان بۆ سەڵماندی ئەو راستی‌یە ئەو هێرشە نامرۆڤانەیە كە رۆژانە دەكرێتە سەر هەر بزووتنەوەیەكی حەق خواز و بەرابەری تەڵەب، شاعێران و نوسەران، رۆژنامەنەسانی خاوەن هەڵوێست و ئازادیخواز. تەقەیان لێ دەكەن و خوێن یان دەرێژنە سەر شوستەی شەقامەكان. شەوانەو دوور لە چاوی خەڵك دەیان دزن و بە نامرۆڤانەترین شێوە لە نێویان دەبەن. زیندان و ئەشكەنجەیان دەكەن. هەرەشەیان لێ دەكرێ و بەر بە بلاو بوونەوەی بەرهەمەكانیان دەگیرێ. نمونەی ئاخری ئەم هێرش و زیندانی كردنانە لە مەهاباد رویدا كە رۆژی دووشەممە 21ی بەفرانبار "شەمزینی جیهانی" رۆژنامە نووس و هەڵسوراو لە بواری داكوكی لە مافەكانی ژنان لە شوعبەی 2ی دادگای ئینقلابی شاری مەهاباد حوكمی 3 سال زیندانی تەعلیقی و 91 رۆژ زیندانی قەتعی بەسەردا سەپێندرا.

كارەساتی سروشتی "سونامی" روو دەدات و نزیك بە 300 هەزار ئینسان تێیدا دەبنە قوربانی. بە بێ ئەوەی ئەو گشتە دەم و دەزگا مۆدێرن و پێشكەوتووە پیشەسازی لە بواری ئاگادار كردنەوە و راگواستن دا، بەهەم هاتوون و بە ملیارد سەروەتی ئەو خەڵكەی تێیدا سەرف كراوە، بە هانایەوە بێت.

ئەم سەدان هەززار ئینسانە دەبنە قوربانی بەرژەوەندی‌یەكانی هێندیك خاوەن سەرمایەی چاوچنۆك و مناتسێباتێكی نامرۆڤانەی زال بە سەر كۆمەڵ دا.

ئەو هەولانە كاردانەوەی خۆیان بووە. زۆر لە نوسەران، شاعێران و هۆنەرمەندان توشی یەئس و بێ هیوایی بوون. ئەم بێ هیوایی‌یە بە زقی لە بەرهەمەكانیاندا رەنگی داوەتەوە و خستونیەتە شەڕ لە گەڵ حەز و ویست و هەڵچونە دەرونی‌یەكانیان، وەك مروڤێكی هۆنەرمەند و نائاسایی.

لە گەڵ گشت ئەمانەدا قەڵەم بە دەستانێكی خاوەن هەڵویست و با ئیرادە لە گۆرەپانەكەدا حوزوریان هەیە كە عەزمیان جەزم كردووە و لە پێناو گۆرینی ئەم هەل و مەرجەدا چاكی هیمەتیان كردووە بەلادا و فروغ وتەنی: "لە ناخەوە هان دراون كە پێویستەسنورە دەستكردەكانی ئەم موناسێباتە دژی ئینسانی‌یە ببەزێنن " و بەگژی‌دا بچنەوە.

پێشەنگ بە ئیمان بەو راستی‌یە و پشت ئەستور بەو ئازیزانە، بە هەر كەم و كۆری و وەدرەنگ كەوتنێك بوبێت، ژومارە شەشی ئامادە كرا و خرایە بەر دیدەی خوێنەرانی. گۆڤاری پێشەنگ دەنگی گشت نوسەرێكی ئازادیخواز و بەرابەری تەلەبە. بابەت و نوسراوی بۆ بنێرن و پشت گیری و یارمەتیتان هۆی دڵگەرمی‌مانە.




- سەبارەت بەهونەر بۆ هونەر
- زامی دار بەڕو

# "سەبارەت بەهونەر بۆ هونەر"

نوسینی: پلیخانوف
وەرگیرانی: سمکو محەمەدی

*"باوەر بەهونەر بۆ هونەر ئەم کاتە پێک دێت کەهونەرمەند لەگەڵ جێگاو شوێنی کۆمەلایەتی خۆی، هاوئاهەنگی لەدەست بدات". (پوشکین)*

هەڵبەت ڕەنگەو بووترێ کەبۆ وەها حوکمو ئاکامێك، ئەم دێرەی پوشکین ناتەواوە، بەر لەوەی کەئەم دێرە رەد کەمەوە یان ئینکاری بکەم، سەرەتا چەند وێنەیەك لەشێوەی ئەدەبیاتی وولاتی فەرانسە دێنمەوە. واتا لەمێژووی ئەدەبی ولاتێك کەلانی کەم تا نیوەی ئەم سەدەیە(1) لەسەرانسەری کیشوەری ئوروپادا زۆرترین و بەربلاوترین کاریگەری بووە.

هاو دەورانەکانی پوشکین، واتا رۆمانتیستە فەرانسیەکانیش جیا لەچەند دانەیەکیان بەگشتی موعیداتی پرشوری هونەر بۆ هونەر بوون. رەنگە دەمار گروتینی ئەوان ئێئدفیل گوتیە بووبێ کەپشتیوانانی بوچونی قازانج بەدەستی ئاوا دەکوتا:

نا (ئەی گێژەو وێژەکان) نا ئەی کەم عەقلەکاویەکان، کتێبێك ناتوانی بێتە سوبی ژلاتین، هەروەها چیرۆکێك ناتوانی بیتە پۆتینێکی بی درز.. سوێندم بەتەواوی پایەکانی رابوردو داهاتوو: (ناو) هەزار جاری تر دەڵێم..



من یەکێك لەو کەسانم کەئەو شتانەم بەدلەکەبۆ قازانج بەدەستی نین. ئەوینی من پەرەستی کەرەستەکان و خەڵك، پەیوەندییەکی پێچەوانەی هەیە بەو خزمەتانەی کەرەنگە لەدەستیان بەربێت و پێمی بکەن....

لەنوسینێك لەسەر ژیاننامەی "بودلێر" هەر ئەم "گوتیە"یە بەشوروشەوقێکی بەتینەوە لەسەر نوسەری (flurs du mxl) دەنوسێت: (پشتیوانی خودموختاری و سەربەخۆیی بێ ئەملاو ئەولای هونەرە و ناهێڵێت شیعرو شاعیری هیچ ئامانجێکی بێت جیا لەهەڵخراندنی هەستی جوانایی – بەمانای بێ ئەملاو ئەولای وشە لەروحی ئادەمی‌دا.)

ئەوەی کە(بیروکەی جوانی) لەمێشکی گوتیەدا تا چ رادەیەك دەیتوانی لەگەڵ ئەندێشە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکاندا پەیوەندی هەبێت، دەتوانین لەم وتەیەی خوارەوە دا بدوزینەوە:

"بەخوشکێ زۆرە رایدەگەیینم کەوەك یەك فەرانسەیی بوو وەك شارومەندێك مافی تینی (رافائیلیکی بلیمەت) و ژنیکی جوانکیلەی روتەڵانەم هەیە".

بی‌شك بەئەمە ئەو پەری کارەکەیە. سەرەرای تەواوی ئەمانە ئەگەری ئەوە هەیە کەتەواوی "پارناسیال"ەکان لەگەڵ گوتیە هاونەزەر بووین. هەرچەند رەنگە هەندێك لەوان لەگەڵ قالبی زیادە لەحەد نائاسایی گوتیە، بەتایبەت لەسەردەمی لاویەتی‌دا، بۆ دەربڕینی بیروباوەری سەبارەت بەسەربەخۆیی (بێ ئەملاو ئەولای هونەر) هاودەنگی نەبووین.

هۆی ئەم بوچونە زەنییەی رومانتیستەکان و پارنامیانە فەرانسەییەکان چی‌بوو ؟ ئایا ئەوانیش لەگەڵ شوێنی کۆمەڵایەتی خۆیان هاوئاهەنگ بوون؟. ئینۆفیل لەساڵی 1857 سەبارەت بەزیندوکردنەوەی شانونامەی (چەتر کوون)ی (ئالفرید دۆوینی) لەلایەن شانۆی فەرانسەوە – کەئەو بەرواری پیشاندانی 13ی فێوریەی 1835 راگەیاندووە ووتارێکی نوسیوو لەوتارەی‌دا وتی کە:

پشت سەحنەیەك کەهێرنوون لەوێوە قسەی دەکرد، پڕ بوو لەگەنجی پرچ درێژی رەنگ زەرد هەڵکراوە کەبەسەر سەختیەوە باوەڕیان بەوە بوو کەهیچ کارێکی بەشکوترو گەورەتر لەشیعر وتن وێنە کیشان نییە وە سوکایەتی کردنیان بەبورژواکان لەسوکایەتی کردنی وانشجویانی ساڵی ئەوەڵ‌و دووەمی (هایدیلبیۆگ) و (یێنا) سەبارەت بەبێ فەرهەنگان و خەڵکی بێ‌سەواد گەلێك زیاتر بوو.

ئەم بورژوا بیرلێکراوانەکی بوون ؟

گوتیە دەلیت:

(وشەی بورژوا) نە تەواوی وەکیلیان و دوکانداران و بانکداران‌و بازرگان‌و دەلاڵەکان دەگرێتەخۆ. کەسانێك بوون کەبەشێك لەرۆمانتیستەکان گ. پ" نەبوون. ئەو کەسانەن کەتەواوی شەوورۆژیان بەقسەی بوچ‌و بێ ناوەڕۆك بەفیرو دەچوو. نیشانەی زیاتریش لەبەردەست دایە. "ئیۆدۆر نبویل"

لەتەفسیرێکی دا لەسەر یەکێك لەقەسیدە سەرسورهێنەرەکانی خویدا، ئەوە قەبول دەکات کەخۆشی ئەم بێزاریەی لەبورژواکان بووە. وشی ئەکاتەوە کەمەمزوری لەم وشەیە چییە. (بەزمانی رۆمانتیستەکان) ئەم وشە بەواتا (بورژوا) بەمانای نەك کەسانەیە کەتەنیا خودایان پارەی 5 فرانکیە؟ وەهیچ ئامانجێکیان نییە جیا لەوەی کەخۆیان لەزەرەر کردن بپارێزن. لەبواری شیعریش دا لایەنگری گورانیە هەست بزوێنەکانن.

لەبواری پەیکەرسازی و وێنە کێشانیش دا لایەنگری لیتو گرافین) دونبویل داوا لەخوێنەرانی دەکات کەبەتینی ئاوا قسەیەك دەمیان دانەچەقێ. ئەگەرچی قەسیدە سەرسورهێنەرەکەی – لەکوتاییەکانی دەوامی رومانسی دا نوسراوە– بەشێوەیەك کەدەڵێ خەڵك جیا لەمرۆڤێکی نەزان و کورتبیر هیچی تر نین. هوکاری ئەمەش بەوە دەزانن کەخەڵك شێوەی بورژوداری ژیان وەك سەرمەشقی خۆیان چاو لێدەکەنو ریز لەبلیمەتە رۆمانسیەکان ناگرن.

ئەم وێنانە ئەمەمان بەرونی پیٚنیشان ئەدەن کەرۆمانتیستەکان بەراستی لەگەڵ دەوروبەری خویان هاوئاهەنگ نەبوون. بەلاّم لەراستیدا ئەم مەسەلەیە پەیوەندی کۆمەلاّیەتیەکانی بورژوازی نەدەخستە مەترسیەوە. کۆمەڵی رۆمانتیستەکان سڕبوون لەو لاوە ئەو بورژوایانەی کەموناسباتی بورژواییان رەد نەکردەوە بەلاّم لەدژی پەستی و یەك هەوایی ژیانی بورژوازی هاتبوونە مەیدان. هونەری نویٚ کەئەوانی شیفتەی خوی کردبوو ریگەچارەیەکی باش بوو ئەوەی بۆ ئەوەی ئەوان لەدەست ئەم یەك هەواییو پەستیە نەجاتیان بێت. لەساڵەکانی کوتایی (ریستوراسیون) و لەنیوەی سەرەتایی پاشایەتی (لویی فلیپ) واتا لەباشترین سەردەمی رۆمانتیسیزم دا، زیاتر لەهەر کارێکی تر، سازگاری لەگەڵ ژیانی تاقەت پروکێن و تەپلۆسانەویەك هەوایی بورژوازی بو لاوانی فەرانسیەیی دژوارتر دەبۆوە. چونکە فەرانسە تا ماوەیەك لەمەو بەر لەشوروی کەبیرو سەردەمی ناپلۆنی بەخۆیەوە بینیبوو ئەمانەش سەردەمێك بوون کەشوروشەوقو هەستی مرۆیان ژیراوژوور دەکرد. کاتێك کەبورژوازی لەکۆمەڵگادا نەفسیکی خالبی وە ئەستو گرت. و ئەوکاتەی کەئاگری خەبات بۆ گەشتنیان بەرزگاری لەژیاندا لەگەکەوتبوو، بۆ هونەری نویٚ هیچ چارەیەك نەما جیا لەوەی کەبەنەفیو شیوازی بورژوازی ژیان شیکلیکی قارەمانی ببەخشێت. هونەری رۆمانتیك لەراستیدا ئەم ئامانج گەراییە بوو.

رۆمانتیستەکان نە تەنیا لەهونەردا بەڵکو لەبەڵکو لەقیافەو شێوەی سەرو ریشیان دا سازگاری و میانەرەوی بورژوازیان رەد دەکەنەوە. ماوەیەك سەختەی شانۆیی (هەتر توون) پرچی درێژیان هێشتبووە. بەلاّم چ کەهوکی بێز هەستانی خەڵکی شیك بوش. بۆ رۆمانتیستیە لاوەکان شتێکی کەم وێنەی وەك پرچی درێژ بو کوران، کەرەستەیەك بوو

بۆ ئەوەی کەخۆیان لەبورژوازی نەفرەت لێکراو جیاکەنەوە. رەنگی زەردیشیان هەر بو ئەم مەبەستە بەکار (هێنا) ئاوادەگیرنەوە کەرەنگ ورووی زەردی رۆمانیستەکان نیشانەیەك بووە بۆ نارەزایەتی دەربرین سەبارەت بەزگی تێروتەسەلی بورژوازیەکان.

گوتیە دەڵێت: لەم رۆژگارەدا لەنیوان رۆمانیستەکان دا، رەسم ئەوەبوو کەتا ئەم جێیەی کەئیمکانی هەیە رەنگێکی لاوازو زەعیفیان هەبێت.

روخسارێکی زەردو لاوازی مەیلەو سەوزە کەزۆرتر لەزەنگی مردووەکان دەچوو. وەها رەنگیك ئینسانی بەرواڵەتیکی ستەم دیتوی بایرونی دەنواندو گەواهیەك بوو بۆ ئەوەی کەنیشان بدات کەئەو (مرۆڤی رۆمانتیسیت)و غەرقی پەشیمانیە، گوتیە هەروەها ئەلیت کەرۆمانستەکان نەیاندەتوانی رواڵەتی گەشاوەو رێزداری دیکۆرو هرگۆ ببەخشن. وە لەوتو وێژەکانی نێو خۆیان دا بۆ ئەم تایبەتمەندیەی شاعیر ئاخیان هەڵدەکێشا. چونکیە ئەم لاوازیە ئەوی (لەگەڵ بەشەریەتو تەنانەت بورژوازی پەیوەند دەدات.

بەگشتی دەبی سەرنج بدەینە ئەو مەسەلەیە کە سەوزە)و رواڵەتی تایبەتی و بەرچاو هەمیشەو لەهەر دەرەیەك دا زایەڵەی پەیوەندییە کۆمەلأیەتیەکانی دەورانێکی تایبەتی بووە. ئەم بوارەش جیی خۆیەتی کەلێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسانەی بەرینی لەسەر ئەنجام بدرێت.

بەم بوچونەی رۆمانتیستە لاوەکان بەبورژوازی ئەوە مایلی بوو کەئەندێشەی "هونەری قازانج پەرەستانە" هەستی ئەوان بهروژێنیٚ. لەروانگەی ئەوانەوە قازانج مەند کردنی هونەر یانی ئەوەی کەهونەر بخەیتە خزمەتی بورژوازیەکەوە کەبێز لێکراوبوو.

ئەم توند خوییانەی گوتیە بەجوانی قسەکەی پیشومان کەگوتمان گوتیە بەبورژوازی دەکوت "کەم عەقلەرکاوبەکان" باش تەبیین دەکات. هەروەها تێبینی ئەو باوەرەی دەکات کەدەیکوت: لەچاوی ئەودا بایەخی کەرەستەو مرۆڤەکان لەگەڵ خزمەتیك کەپێی دەکەن پەیوەندییەکی بەپێچەوانەوە هەیە.

لەبنەرەت دا تەواوی ئەم بیرە سەیرو سەرسورهێنەرانەی گوتیە لەگەڵ ئەندێشە و دەمار گرژیەکانی یوشکین دا وەك یەك وان.

دوورکەونەوە ئەی ئەی ویشکەموقەدەسەکان

شاعیری ئاسودە خاتر چ باکی لەچارەنوسی گیوەیە.

پارناسیان و یەکەمین رێیالیستە فەرانسەیییەکانیش (کونگورەکان، فلوبێرو....) کۆمەڵگای بورژوازی دەوروبەری خۆیانیان بەبیٚ بایخ دادەنا. ئەوانەش دایمە بورژواکانیان بەتاوانبار

دادەنا. ئەوان ئەگەر کتێبێك چاپ بکردایە بۆ هەموو کەس نەبوو و خوێنەرانیان تەنیا کەسانێکی دەوروبەری خۆیان بوون" یان بەشێوەیەکی کەفلۆبیر لەیەکێك لەنامەکانیدا نوسیویەتی ( pour des & mis in commus) بۆ دۆستانی نەناسراون.

ئەوان لەسەر ئەو باوەرە بوون کەتەنیا نووسەرانێکی بێ زەوق و بێ توانایی لەوەی کەخوێنەریان زۆر بێت خۆشحان دەبن. لووکۆنت دێلەیل لەسەر ئەو باوەرە بوو کەنوێ خۆشەویستییەکی نووسەر هۆی کورت بیرییەتی. رەنگە پێویست بەوتن نەبێ کەپارناسانیشن وەك رۆمانسیەکان لایەنگرانی هونەر بۆ هونەر بوون.

دەکرێ وێنەی زیاتریش بێنینەوە، بەلاّم پێویستیەکی ئەوتۆمان پێیان نییە. ئەوەتا ئاشکرایە کەباوەر بەهونەر بۆ هونەر ئەو کاتە پێك دێت کەهونەرمەند لەگەل دنیای دەوروبەری هاوئاهەنگ نەبێت. بەلاّم کە پێویستە سەبارەت بو ئەم نا ئاوهەنگیەشی کردنەوەی زیاترمان بێت.

بەکۆتاییەکانی سەدەی 18 داو لەسەردەمی بەر لەشۆرشی کەبیردا، هونەرمەندانی پێشرەوی فەرانسە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی (دەسەلاّتداری) ئەوکات هاوئاهەنگ نەبوون و دژایەتیان دەکرد. داویدو هاوڕێیانی لەگەڵ (نەزمی کۆن) دژایەتیان دەکرد، ئەم دژایەتیەشیان چاوەڵنەگر بوو. چونکەسازان لەنیوان ئەوان و نەزمی کۆن دا بەراستی شتێکی وەدی نەهاتوو بوو. جیالەتەواوی ئەوانە نا هاوئاهەنگی نیوان داویدو هاورێکانی لەگەڵ نەزمی کۆن دا بەرادەیەك بوو کەناکرێت لەگەڵ ناهاوئاهەنگ بوونی نێوان رومانتیستەکان و کۆمەڵگای بورژوازی دا هەڵسەنگێنرێت. لەکاتێکدا کەداویدو هاوڕێیانی لەئاواتی لەناوچونی نەزمی کۆن دابوون، تئیوفیل گوتیەو هاوبیرانی، هەروەکوو چەندین جاری تریش باسم کردووە – لەفکری رەدکردنەوەی کۆمەڵگای بورژوازیدا نەبوون. تەواوی شتێك کەداخوازی بوون ئەوە بوو کەنیزامی بورژوازی دەست لەپێك هێنانی رەوشت و عادەتە بێ بایخەکان هەڵگرێت.

داویدو هاوڕێیانی، بەخۆشیان لەبەرامبەر نەزمی کون دا، ئەوەیان بەباش دەزانی لەئەوپەری ئەوانەوە، چینێکی کۆمەلاّیەتی سێهەمیش هەیە کەبەزووی بە وتەی (کشیش سیسی) دواتر هەستی هاودڵی ئەوان لەگەڵ کۆمەڵگای نوێ کەلە(زاهدان)ی کۆمەڵگای کۆنەوەی پەرەی گرتبوو، وە دەچوو تاجێمە ئەو بگرێتەوە، روبوو. هەستی ناهاوئاهەنگی لەگەڵ نیزامی دەسەلاّتدار.

بەلاّم ئێمە وەها شتێك نە بارسانیان و نە لەرۆمانتیستەکان دا نابینین: ئەوانەی نە بەهیوا بوون کەنەزمی کۆمەلاّیەتی ولاّتە فەرنسە بگورن و نە ئاواتی وەها شتێکیان بوو. بەم هۆیەیە

کەناهاوئاهەنگی ئەوان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی کەتێیدا دەژیان چارەهەڵنەگر بوو. پوشکنیش بەهیوا نەبوو کەروسیەی سەردەمی خۆی بگۆڕێت. جیالەوە لەسەردەمی نیکۆلا دا خوازیاری هیچ جۆرە گۆرانکارییەك نەبوو. هەر بەم هۆیە ئەویش بەچاوێکی درنونك چاوی لەژینی کۆمەڵایەتی دەکرد. ئێستا ئیتر بەبروای من، دەتوانم ئاکامەکەی کەپیشوگرتبوومان بەبلاٚوتر بکەمەوەو بڵێم:

باوەر بەهونەر بۆ هونەر ئەوکاتە پیش دێت کەهونەرمەندان و لایەنگرانی هونەر بەشێوەیەکی لەچارنەهاتوو لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵگای خۆیان ناهاوئاهەنگ بن. بەلاٚم ئەمە کۆتایی کارەکەنییە، وێنە هێنانەوە لەپیاوە 60 ساڵەکانمان، کەدەمار گرژانە لەسەر سەرکەوتی ناوەختی خویان سووربون، یان لەداویدو هاورێکانی کەئەوانیش هەر ئەو باوەرەیان هەبوو. ئەوەیان پیٚ نیشان دەدات کە:

روانگەی قازانج پەرەستی لەهونەردا، واتا ئەوەی کەبەرهەمەکانی هونەر داوەرانی دیاردەکانی ژیانن و مەیلی بەشاری هنەر بۆ بەشداری لەم شەرە کۆمەلاٚیەتیەدا ئەوکاتە پێك دێت و پەرە دەستێنیٚ کەهاورییەکی بەرامبەر لەنیوان زۆرینەی خەڵکانی کۆمەڵگاو ئەوکەسانەی کەکەم تا زۆر هۆگری هونەرن بوونی هەبیٚ. راستی ئەم وتەیەی سەرەوە، ئەم راستیەی کەئێستاش لێدەکرێت نیشان دەدا.

کاتێك کەتۆفانی بەهێزی شۆرش فێوریەی 1848 نیشتەوە، زۆرکەس لەو کەسانەی کەلایەنگری دەمارکرژی هونەر بۆ هونەر بوون، ئەم جارەیان چوونە ریزی ئەو کەسانەی کەئەم روانگەیەیان دەکردەوە. تەنانەت بودنیر کەدواتر گوتیە ئەوی وەك پێشەنگو وێنەیەکی باش بۆ هونەری سەربەخۆ ناو لێبرد، لەپرێکدا دەستی کرد بەدەرکردنی رۆژنامەی – سلاٚو لەخەڵك. هەر چەند کەئەم گۆڤار ماوەیەکی زۆر دەرنەچوو، بەلاٚم لەساڵی 1853 دا سبودلێر لەدیباچەرەکەی دا کەلەسەر (گورانیەکانی بنێر دوپۆنی نوسی، تیوری هونەر بۆ هونەر منداڵانە ناو لێبرد و وتی کەهونەر دەبیٚ ئامانجێکی کۆمەلاٚیەتی هەبیٚ، تەنیا سەرکەوتنی دژە شورشەکان بوو کەبووە هۆی ئەوەی کەبودلێر و هاوبیرەکانی دواتر بگەریتەوە سەر ئەم تیوریە منداڵانەیەی هونەر بۆ هونەر.

دواتر سیمای بەناونگی (پارفاس) (لوکۆنت دولیل) گرنیگی دەروونناسی ئەم گەرانەوەیەی لەپیشەکی کتێبێکی بەنیوی ( poemes & ntigaes) کەلەساڵی 1853 دا یەکەم جار چاپ کرا بەروونی باس کردووە، ئەو وتی کە: ئیتر شیعر هەڵخرێنەری کردەوەی قارەمانانەو تەڵقینی رەوشتە باشە کۆمەلاٚیەتیەکان نییە، چونکەئێستا، هەروەکو باقی سەردەمەکانی لاوازی ئەدەبی زمانی

موقەدەســـی شـــیعر تـــەنیا دەتـــوانی هەســـتە تاکەکەســیەکان بــاس بکــات، وئـیتر بــۆ وە تابێــت کــەفێری کەسێکی تـری کـەیت. لوکونت دولیل روو بەشـاعیران دەڵێـت کەرەگـەزی بەشـەر کـەزەمانێك ئەوان باریان دێنان، ئێستا لـەخۆیان زوتر و زیاتر گەشەیان کردووە. بەوتەی پارناسیان، ئێستا کـەئیتر ئەرکی شێعر (دانی ژیانێکی قارمانی) بەو کەسانە بـوو کـەژیانیکی راسـتەقینەیان نـەبوو. ئـەم قسـانە تـەواو ی رازی دەرون ناسـانەی بـاوەری هونـەر بـۆ هونەر ئاشکرا دەکات. لەداهاتوودا، کاتی ئـەوەمان دەبێـــت کـــەجارێکیتر بگەرێینـــەوە ســـەر ئـــەم پیشـــەکیەی لوکونـت دولیـل کەئێسـتا کەبەشـێکی ئەومان بینی.

دوای ئاکام وەرگرتن لەم لایەنەی مەسەلەکە، دەبیٚ ئەوەش بلێن کە، هێزی سیاسی هەمیشە لایەنگریی بۆچـونی قـازانج پەرەسـتی لەهونـەردا بـوو، تـا ئـەو رادەیەش کەهیچ سەرنجێك نادەنە خودی هونەرەکە. ئەو مەسەلەیەش بەم شێوەیە: چونکەهێزی سیاسی ئـەوەی بـەقازانج کەتـەواوی ئایـدۆلۆژیاکان، بگرێتـە خزمـەت ئـەو ئامانجـەی کـەخۆی خزمـەتی پیدەکات، وە چـــونکەهیزی سیاســـی زۆرتـــر موحافزەکـــان ئیرتیجاعیە ئەوەمان بەروونی بۆ دەردەکەویت کەئەو بیروباوەرەی کەپێی وایە بەگشتی خەڵكو روناکبیران باوەریـــان بـــەقازانج پەرەســـتی لەهونـــەردا هەیـــە بەگشتی لەهەڵەدان.

میـژوی ئـەدەبیاتی روسـیە ئـەوەمان پـیٚ نیشـان دەدات کەتەنانـەت فـەرمانرەواکانی ئێمـە چ خۆیـان لەو مەسـەلەیە لانەداوە. باچەند وێنەیەك بێنینەوە. کاتیك کەسیٚ بەشی هەولی چیرۆکی وی. تی. نارێژن بـەنیوی (ژلبلاسـیکی روسـی یـان ماجـەرای کۆنـت گارویــل ســیمونۆ ویــچ جیســتیاکوف) لەســاڵی (1814) دا بلاوکرایـەوە، بـەخیرایی لەلایـەن وەزیـری بارهێنانی گشتی، کۆنت رازو مۆڤسکیەوە (تـەوقیف و تەحریم)کرا. ئەم وەزیری لەم کاتەدا بیروړای خۆی سەبارەت بەپەیوەندییەکانی نیوان ئەدەبیات و ژیان ئاوا باس دەکات.

زۆربـــەی چـیرۆك نووســـان کەلەرواڵەتـدا لەگـەڵ گونـاەو فەسـاد. بەشـەرِدێن بـەلاّم لەچـیرۆکەکانی خۆیـان دا بـەدەنگ گـەلێکی جـوانو تروسـکەدارو وەهابەوردی باسی لیٚدەکەن کەلاوان بەرەو لای گوناە و فەسـاد رادەکێشـرێن. فەسـادو گوناهێـك کەباشـتر بوو هیچ کات باسیان لیٚ نەکرێت.

بەوشێوەیەی کەبینیمان رازونومسکی لەسەر ئەو باوەرەیـە کـەخۆی هونـەر نـاتوانیٚ ئامـانج بێـت.ئـەو گرویـە لەخزمـەتگارانی نیکـولای کەبـەهوی جێگـاو شـوێنی حرفـەیی خۆیـان و مجبـوور بوون سـەبارەت بـەم مەســەلەیە بیروباوەرێکیـان هـەبێت، سـەبارەت

بەهونەریش هەر بەم شێوەیە بیرمان دەکردەوە. دەبێ لەبیرمان بێت کەبنێکنێدروق لەهەوڵی ئەوەدا بوو کەپوشکین بەرێتەر سەر رێگای راست.

ئەوکاتەی کەلەمارسی 1850 دا کۆمێدی ئەو بەناوی گرفتەکانمان لەنیوان خومان دا حەل دەکەین. لەدڵی هەندێك لەدوستانی روناکبیری ئەدەبیات تجارەی ئەم ترسە نیشتەجێ بوو کەنەکا ئەم مەسەلەیە ببێتە هۆی ئازاری چینی بازرگانەوە. سەرۆکی بارهێنانی گشتی ئەو سەردەمە (کونت شیرنیسکی) دەستوری بەسەرپەرشتی بەشی بارهێنانی مسکودا کەشانو نوس لاو بانگهێشت بکات بۆ لای و پێی حاڵی بکات کەئامانجی بەقازانجی هونەر تەنیا نومایش دانی گیانداریکی گاڵتە جارانە نییە، بەڵکو هونەر دەبێ ئەم شتانە مەحکوم بکات.

ئەویش نە تەنیا بەگاڵتەجار نواندنی ئەوان بەڵکو بەتەلقینی هەستە رەوشتییە بەرزەکان. هەر بۆیە بەنیشاندانی گوناه و چاکەکان، و بەگورێنەوەی جیگای کردەوە گاڵتە جارانەکان لەگەڵ کردەوە گەلیکی باش کەروحانیەتی مرۆڤ بەرز کاتەوەو سەرەنجام، بەهێز بەخشی ئیمان، کەبۆ ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی باجێکی زۆری هەیە، وە ئەوەی کارە خەراپەکان، هەرلێرە، هەر لەم دونیایە، سزای شیاوی خۆی دەدرێت.

تێزار نیکولاش بۆخۆی زیاتر لەروانگەیەکی (رەوشتی) (اخلاقی) چاوی لەهونەر دەکرد. تا ئەو جێیەی کەئێمە ئاگادارین، ئەو لەگەڵ بینکندروف سەبارەت بەو مەسەلەیە کەدەبێ پوشکین بێننە سەر رێگای راست هاونەزەر بوو.

نیکولا سەبارەت بەشانۆنامەی ئوستروفسکی بەنێوی (سواری سورتەیەکی تر مەبە) کەزەمانێك نوسرا کە، کەسنتروفسکی چوبۆ ژێر نفوزی



دوستانی کلتوری ئیسلاو پێی خۆش بوو کەلەمیوانیەکان دا بڵێت کە(هەموو کارەکانی پێتێر باتڵ دەکاتەوە) بەرێزەوە دەیکوت کە: ئەوە شانۆنامە نییە، بەڵکو دەرسێکەبێ ئەوەی کەرێژەی وێنەکانمان بەرینە سەرێ، بەئاماژە کردن بە3 راستی کوتایی بەم باسە دینم. کاتیك کەلەmoskorsky ی رۆژنامەی کۆکولنیك بەنیوی "دەستی ئەو کەسەی کەلەسەرو هەموانەوەیە زێدی باوو باپیرانمان رزگار دەکات" گیرابوو بەچاپ گەیشت، لەروانگەی وەزیرانی نیکۆلاوە دەبوایە رۆژنامەکەتاوانبار ناسراباو تەحریم کرابا، بەڵام

کاتێك کەخودی پۆلیوودی شانۆنامەی نیشتمانی "بابەگەورەی هیزی دەریایی روسیە" و "ئیگولکینی بازرگانی" نوسی، بەپێی وتەی براکەی پولیووی، تزار لەتوانایی پولیوی لەشانۆنامە نوسین دا گەلێك خۆشحال ببوو وە گوتبوی: ئەم نوسەرە، بلیمەتێکی بیٚ وێنەیە، ئەو دەبیٚ بنوسیٚ وبنوسیٚ بنوسی، بەڵی بنوسیٚ (بەپێکەنینەوە) نە ئەوەی گۆڤار چاپ بکات.

هیچ شك لەوەدا نییە کەفەرمانرەوایانی روسیش لەم بابەتەوە هیچ جیاوازیکیان نەبووە. نا، سەرمەشقێکی بادی هەوایی وەك لویی چواردەهەمی فەرانسەش هەربەم دەمار گرژییەوە لەسەر ئەوە سوور بوو کەهونەر خۆی لەخۆی دا ناتوانیٚ ئامانج بێت. بەلآم دەبیٚ کەرەستەیەك‌و بێت بۆ بارهێنانی ئەخلاقی. وە ئەم برِوایە، لەناخی تەواوی ئەدەبیات و تەواوی هونەری سەردەمی بەناوبانگی اویی چواردەهەم رۆچوو بوو. ناپلۆنی یەکەمیش هەر لەو روانگەیەوە سەیری دەکرد هونەری دەکردو پێی وابوو کەهونەر خولْقاوی دەستی ئیترلوگە بیزالێکراوەکانە. ئەویش پێی وابوو کەهونەر و ئەدەبیات دەبیٚ لەخزمەتی ئامانجە رەوشتیەکان بێت‌و لەرێگەی بەکردەوە دەرهێنانی ئەم خواستەی خۆی تارادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو. وە بەلْگەیەکی باش بۆ ئەم راستیە ئەوەیە کە، بابەتی زۆریەك لەتابلۆکانی گالْیدییەکانی ئەو رۆژگارە، بەرهەمە شاهکارەکانی شەری کونسولگەری‌و ئمپراتۆری بوون. برازای چکۆلەی ئەو واتا ناپلیۆنی سێهەمیش هەر درێژەدەری ئەم رێگایە بوو ئەویش تەواوی هەولْی

خۆی خستە گەرِ هەتا هونەر بێنێتە خزمەت ئەوشتەی کەناوی ئەخلاقی لێدەنا لەمانگی نوامبری 1853، برۆفیسور لاپرادی دانیشتوی شاری لیۆن بەشێوەیەکی شەراوی لەهەجوینیەیەك بەنیوی les muses detat دا ئەم بوچونە بوناپارێتەوە سەبارەت بەهونەری بەگالتەگرت. ئەم پێش بینی ئەو مەسەلەیەی کرد کەکاتێك دێت کەهونەری دەولْەتی، عەقلْ وبیری مرۆڤ دەخاتە ژیر رکێفی نەزمی میلیتارییەوە: وە ئەم کاتە نەزم حاکم دەبێت و تەنانەت نوسەرێکیش ناوێرێت کەکەمترین نارەزایەتی لەخۆی نیشان بدات.

مرۆڤ دەبیٚ لەئاسمانی ساوو هەوری دا خۆشحالْ بێت‌و لەگەرماو سەرماشدا" روخسارێکی سووری هەبێت. من لەپیاوانی زەردو لاواز بێزارم. هەرکەس کەپێنەکەنیٚ سزاداری ئێعدامە.

دەبیٚ بلێم کەلاپراد بەخاتری ئەم هەجوبیەیە لەکارەکەی خۆی لابرا. حکومەتی ناپلیۆنی سێهەم نەیتوانی کەخۆی لەبەرامبەر تانەو تەشەرەکان بەرامبەر بە هونەری دەولْەتی رابوەستێت.

*

# زامی دار بەڕوو
# خوێندنەوەیەکی کتێبی

*ن:سەعید ئەمانی*

تۆ گوتت من
تەریدەی خاکی هەندەران
ئاوارەی نێو تاریکترین کوچەی دنیام
بەڵام ئەمن لەخاک‌و شارو زێدی خۆم
غەریب غەریب
تەنیای تەنیام

زامستان، کۆمەڵە شێعری بەڕێز ڕەحیم لوقمانی، لەتوێی 130 لاپەڕەداو بەساڵی 1383 ی هەتاوی، لەلایەن بڵاوگەی گۆران، لەشاری سنە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

بەڕێز ڕەحیم لوقمانی ناوێکی ئاشناو جێی ڕێزی کۆمەڵگای ئەدەبی کوردستانی ئێرانەو چ لەڕێگای شێعرو نووسراوەکانیەوەو چ لەرێگای بەشداری چالاکانەو خاوەن هەڵوێستانەی، لەزۆربەی کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبیەکاندا، بەباشی دەیناسن‌و پێویست بەناساندن نییە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە قسەو باسێکی کورتە لەسەر کتێبی "زامستان" لەچەند ڕوانگەیەکەوە. دەمانەوێ‌و نەلەدەستمان دێ یەك بەیەکی شێعرەکانی ئەم کتێبەبدەینە بەر باس و شێکردنەوە، بەڵکو ڕوانینێکی گشتی‌یە بەسەر فەزای گشتی نووسراوەکانداو چەشنێك ناساندنی ئەو کۆمەڵە شێعرەیە بەخوێنەرانی ئازیز.

ڕەنگە ئەرکی شێعر، بەدیوێکی‌دا، گەیاندنی پەیامی مرۆڤایەتی بێت، ئەگەر بەدیوەکەی دیکەیدا دەرککردنی ئەو شتانە بێت کەدەرك نەکراون. یان بەچەشنێکی تر وێنا کرا بێتن‌و تەفسیری جیاوازیان هەڵگرتبێ. هەندێ دەق‌و نووسراو هەن گۆڕانی زەمەن و مێژوو .. هتد، کاریان لێناکات، بەڵام نووسین هەیە تووشی داخوران‌و داڕمان دەبێت و لەسەردەمێکی تردا ناخوێندرێتەوە. ئەمەش زیاتر ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کەلەئاستێکی گونجاودا ڕۆنەچوونەتە قووڵایی مناسباتەکانی کۆمەڵگاو

تەنیا بەشێوەیەکی ئێحساسی‌و رووکەش خۆیان لەقەرەی گرفت‌و ناهەنجاریەکان داوە.
فەزای گشتی "زامستان" بەروونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کەئەم کۆمەڵەشێعرە بەشێوەیەکی گەلێک گونجاو و دەرکی وشیارانەی ئازارە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکان، تویێشوی رێگای هەرمانی دەستەبەر کردووە و تا زەمانێك چەوسێنەرێك وجوودی هەبێ، تا زەمانێك بێعەدالەتی سایەی رەش بەسەر کۆمەڵگاوە قورسایی بکات، بانگەوازی بەرەنگاری و راسان بەدژی زاڵمان، بیسەرکێی مابێ، درێژەی ژیانی "زامستان" مسۆگەر کراوە.
"زامستان" نە بەقیلاوی رەشبینی و خۆ تەریك گرتندا رۆچوە و نە جەغزی بەدەوری خۆیدا کێشاوەو پێوایە بەشووشە بەندی تەنیایی دەوری داروەو بەنزیك بوونەوەی هەر دەنگی پێیەك، ئەم حەسارە شووشەییە، دەچرژێ!! بوێرانە دخاڵەت گەرەو سەبارەت بەگەیشتن بەئازادی‌و رزگاربوون لەم ژیانە پرمەینەتیە پاراوی هیواو هومێدەو باوەرێکی پتەوی بەدەربازبوون هەیە.
کۆمەڵەشێعری "زامستان" جەستەیەکی دەرزی ئاژنی گشت ئەو ئازارانەیە کەبەردەوام بەدەست ئەو ناعادلانەبەوە دڵانەیەوە کەدەسەڵات داران‌و زۆرداران بەسەر کۆمەڵگایاندا سەپاندووە چەشتوویەتی.
لەهەل‌و مەرجێکدا کەهێندێك نووسەرو بەناو رووناکبیر، ئێستاو بەراشکاوی، خۆ فرۆشی‌و سەرنەواندن بۆ دوژمنان بەچەشنێك بەرەنگاربونەوە لەبەرژەوەندی گشتیدا دەبینن، تێکۆشان‌و خەباتی سەربەرزانە دەدەنە بەر رەخنەو جاری خۆ بەدەستەوەدان دەدەن، "زامستان" لەدژوارترین هەلومەرج دا، وانەی شێعری (دار بەروو) مان بۆ دەست نیشان دەکات‌و پێمان دەڵێ نەبینە پوازو دەسکی تەور بۆ لێك ترازاندنی ریزی یەکگرتوومان.
رەنگە شاعیر لەم شێعرەدا بەسەرهاتێکی ژیانی راستەقینەی خۆی، یان هاورێیەکیمان بۆ بگرێتەوە، شایەدیش زادەی ئەندێشەی ئەو بێ. دەکرێ لەسەر دەمێك دا شاعیر گشت مەوقیعیەتە لەبارەکانی ژیانی لەپێناو ئەم نەبوونە پوازو دەسکی بیورەدا، لەدەست دابێ‌و بەم شێوەیەی بۆ ئێمە دەربرِێ تا دەرسی لێوەربگرین.

"دار بەروو"

دارستان ویستیان
دار بەروویەك ببرنەوە
دەمێ بیور
هەر نەیتوانی زامداری کا
مشارێك تازە سویان هێنا سەری
ئەویش گیرگەی تێدا شکا
کەشەو داهات،
داربەروو، بەشەمچەی هەور
ئاگرێکی بەردا خۆی‌و
بوو بەخۆری نێو دارستان
بۆ بەیانی
نوسراوێکی بۆ یارانی جێ هێشتبوو
لێی نوسیبوو:
وامن گری عەشقم بەردایە گیانی خۆم

چونکه نەمویست
ببمە هۆرەو دەسکی بیور
بۆ جەستەی هاوڕێکانی خۆم

نووسین ناتوانێ تەنیا پشت بەستن بەئیلهامو هۆشی نووسەر بێت، ئەگەر پێمان وابێ نووسین خۆرسکەو دەخولقێ، لەهەڵەداین. نووسین تەنیا وەهمێکی ئیلهام کراو نییە، بەرهەمێکی ڕەسەن پێویستە چۆڕاوەی ژیان و خۆشی و ناخۆشیە ئەزموونکراوەکانی بێت. هەر نووسینێك دەبێ ئامانجێکی لەپشتەوە بێت، باکگراوندێکی مەعریفی تێدا بژی دەنا دەبێتە دەقێکی مردوو.

کەبەرهەمەکانی دوو تویێی "زامستان" بەشێوەیەکی بەرچاو، ئەم بۆشاییانەیان پڕ کراوەتەوەو لەهێندێك شوێن قورسایی ئەم بارە لقەکانی ئەو باخەی داهێناوە. ئەگەر بمەوێ نموونە بێنمەوە گەرەکەبەشێکی زۆری شێعرەکانی لێرەدا نێو نووسکەم.

"زامستان" لەگەڵ ئەوەی زمانێکی، لەباری مانابیەوە، تایبەت بەخۆی هەیە، بەلأم لەباری فۆرمو دارشتنەوە لەژێر کاریگەری هێندێك لەشاعیرانی پێش خۆی دایە. ئەگەر بمانەوێ ئاماژە بەبەکێکیان بکەین پێویستە قامك بۆلای سوارە ڕابدێرین. نموونەی ئەو شێعرانەش کەهەست دەکرێ لەسەبکی سوارەوە نزیك بن بریتین لە: سوارە پووشینە، تاسەو کەمەند. ئەم لەژێر تەئسیردابوونەش ناکرێ وەك خالێکی لاواز چاو لێبکرێ، چون بەوتەی ئەفلاتوون‌و ئەرستوو شتێك بەناوی داهێنان، لەئەدەبیات دا، بوونی نییە، پێیان وایە کەسروشت داهێنانە و هونەرمەند و ئەدیبەکان لاسایی دەکەنەوە. ئەوان پێیان وایە کەمرۆڤ ئەوەندەی توانایی لاسایی کردنەوەی هەیە توانایی داهێنانی نییە. هەڵبەت ئەوانیش، سەبارەت بەم مەسەلەیە، جیاوازی بۆچونیان هەیە کەجێی باسی ئێمە نییە.

ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە کەگشت لاسایی کردنەوەیەك دەقاو دەق نییە، بەڵکو بەشی زۆریان بەئاوێتەبوونی بۆچونی لاسایی کەرەوە بەرەو کامڵتربوون پاڵپێوە دەندرێ، کەڕێچکەگرتنی "زامستان" دەکرێ لەم ڕوانگەیەوە بدرێتە بەر سەرنج.

لەیەك سەدەی رابردوودا تەنیا نیما و گۆران دەکرێ وەك دوو لوتکەی ئاڵوگۆر پێکهێنەر لەشێعری فارسی و کوردیدا چاولێبکەین. دەنا ئەوانیتر، بەشاملۆ، فروغ و سوارە، لەڕاستای کامڵتر کردنی ئەو داهێنان‌و ئاڵوگۆر پێکهێنا دا کاریان کردووە.

کاتێ شێعر لەدایك دەبێ، بەرلەوەی قەڵەم ناوکی ببڕێ، زمان رۆحی پێدەبەخشی‌و خەیالێك پەروەردەی دەکات‌و هەستەکان گوڵ‌و خۆشەویستی و جوانی پێدەدەن. لەگەڵ ئەمانەدا لەشێعرەکانی "زامستان"دا سنووری حەرام‌و بڤەکان دەشێکن‌و خەیاڵەکانیش پڕ دەبن لەئەسپی سەرکێش‌و سرکی جورئەت‌و ئاوی بوێری ئاژین دەبێتە

خاکەوشکەکانی ترس و بەدڵ پیاسەیەکی تەڕی پێدا دەکات (وەك شێعری"من پشکۆیەك لەو ئاگرەم کەئاسنیش دەتاوێنیٚ"). شێعرەکانی دووتوێی ئەم کتێبەخاوەنی چەندین تێڕوانین و خەون و پیاسەکردنن کەدەکرێ بڵێین هیچ کام لەپیاسەکانی تری، عەقڵ دەرکی پێنەکردوە و لەو گۆشەنیگایەوە تێی نەڕوانیون.

هەستێکی کەوەك هەستی تاکی نووسەر، لەشێعرەکانی "زامستان" دا، لەگەڵیان رووبەڕوو دەبین بەڕادەیەك کۆمەڵایەتی و هەمەگانی و گشت گیرن، ئەگەر نووسەر ڕاستەوخۆش باسی گرفتەکانی ژیان و دەروونی خۆیشی کردبێ، دیسان ئەم تاکە ونەو هالەیەکی هەمەگانی وەسەر دەکشێ. هەر ئەمەش، بەبڕوای من دەبێتە تەمەن درێژ کۆمەڵە شێعری "زامستان".

کارل ئەسکامبرگ دەڵێ: ئەگەر شێعرێك ورووژێنەر بێت و لەکاتی ڕوودان دا لەزەیندا هاوکاری دروستبوونی هزرەکان بکات و تاکیش بۆ کردار هانبدا ئەوکات ئەرکی خۆی بەباش بەجێ گەیاندووە، دەتوانین ئەو پێناسەیە بدەینە شێعرەکانی "زامستان" و خوێندنەوەیان بمان خورۆشێنیٚ.

شاعیر وەك تاکێکی نێو کۆمەڵگا لەڕێگای هەستەکانیەوە مامەلەلەگەڵ هەموو کێشەو کەم و کوڕیەکانی نێو کۆمەڵگادا دەکات، دەست بردن بۆ کێشەکانی زۆرینەی خەڵك و ڕاستگۆبوون لەدەربڕین دا دەتوانێ ڕەمزی سەرکەوتنی شاعیر لەبواری شێعر نووسین دبیٚ. "زامستان" لەم بوارەش دا سەرکەوتووە و نووسەر شێعری لەسەر ئەساسی ئێحساسی کەسێکی تر نەهۆندۆتەوە، بەڵکو ئەو بابەتانەی ورووژاندوە کەخۆی لەناخەوە هەستی پێکردون.

لەکۆتایشدا بەپێویستی دەزانم ئاماژەیەك بۆ ڕواڵەت و بەرگی کتێبەکەش بکەم" ئەم کتێبەوەك ڕەمزی بانگەوازی بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوە، دەنگێکی نامۆیە بەنیسبەت ئەو بەرهەمانەی لەگەڵ کەش هەوای پڕ لەسانسۆرو خەساندندا، بەچاپ دەگەن و هاوخانیان لەگەڵ هەلومەرجەکەدا هەیەو لەتیراژی زۆرو بەبەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە دەکەونە بازارەوە. هەر بۆیە بەشێوەیەکی ئاشکرا بیٚ مەیلی بونگا مۆدێرنە چاپەمەنیەکانی بەڕوخسارەوە دیارەو بەتایپێکی نامۆدێرن و ڕواڵەتێکی دەستکورتانەوە بلاٌوبۆتەوە.

ئەمەش دیسان ڕاستگۆیی نووسەرو ڕاوەستاوی ئەونیشان دەدات. دڵنیام ئەم سیما فەقیرانەیە پەیامی تایبەتی خۆی پێیەو بایەخی کتێبەکەی، بەلای بەردەنگە ڕاستەقینەکانیەوە، بەچەند قات بردۆتەسەر و خوێنشیرین تری کردوە.

*

سەرچاوەکان:
–ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژوومارەکانی:
389– 399– 404
–ئایندەی ژومارە 53

# سینەما



فیلم دێتە زمان

بەڵام چ شتێک دەڵێ؟

# فیلم دێتە زمان، بەڵام چ شتێك دەڵێ؟

ن: ئانتوان جیڕوس

وەرگێڕ/ شۆڕش محەمەدی



کاتێك کە هەوا تاریك تر بوو، سەدان پیاو لەحاڵێکدا کەپلاکاردی ڕێکخراوە کرێکارییەکان‌و مەشخەڵیان بەدستەوە بوو، بەبی قەرارییەوە چاوەڕوانی ڕێبەرەکەیان دەکرد، تا بێت‌و پێیان بڵێ کەچی بکەن، ئایا درێژە بەمانگرتنەکەیان بدەن یان بگەڕێنەوە سەر کارەکەیان؟ کاتێك ئەو گەڕاوە، جۆش‌و خروشێکی، ئاڵۆزی خوازانەی کرێکاری، جەماوەرکەی داگرت. دەستەکان بەباوەڕێکی بەرزەوە لێك گرێ دران: ڕێبەرچووە سەر سەکۆیەك‌و بەقسەکانی جەماوەری بێ شکڵ‌و نارێکخراوی هەڵخراند. دەریایەکی لەو پیاوانەی کەهەموو لیباسی ڕەشیان لەبەردا بوو، لەدەروی خڕبوونەوەو بوونە جەماوەرێك کەبەریان پێ نەدەگیرا. کاتێك کەریبەرەکە توندوتیژتر قسەی دەکردو شوروشەوقی دەدا بەقسەکانی، هەر مستەلێك گرێ دراوکان بوون کە لەحەوا دەسوڕانەوە.

لەماوەی چەند خولەکدا، وتەبێژی جنێوفرۆش، جەماوەرە هێمنەکەی هێنایە جۆش‌و خرۆش‌و کردنی بەحەشیەتێکی شەڕەنگێزای ئاژاوە خواز. قسەکان نەتیجەیان دا.

ڕێبەری ئیتحادییە لەسەکۆکە هاتە خوارێ‌و بەرەو ئیدارەی ناوەندی شیرکەت وەرێ کەوت، ئەرتەشە بەوەفاکەشی بەدوایەوە بوون.

جەماوەری هەڕەشەکەر لەسەر ڕێگاکەیان تووشی بەکرێگیراوانی شەڕاشوی شیرکەت بوون کە گۆپاڵ‌و شووشەیان پێ بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە 2 هێزی کارو سەرمایە بەرەنگارییەك بوونەوە، جوگەلەیەکی خوێن وەڕێ کەوت، ئەوانەی کەنەهامەتیەکی زیاتر داوێنگیریان ببوو، یان بەمەشخەڵەکان سووتان یان بەشووشەکان سەروچاویان بریندار بوو.

کرێکاران سەرکۆنەکران و هەریەك بەلایەك دا بڵاوەیان کرد. لەو کاتەدا چەند تەقینەوەیەکی گەورە

رووی‌داو کامیونەکانی شیرکەت ئاوریان گرت. میراتی ئەم انگرتنە بێ نەزمی‌و بشێوی‌و مەرگ بوو. لەوەشەوە لانی کەم 8 ئیتحادیەچی گیانیان لەدەست دا.

بەڵام لەبەرچی؟

ئەو فیلمەش وەك تەواوی ئەو فیلمانەی کە مەسەلەی نێوان کارو سەرمایەیان بەتەسویر کێشاوە، زانیارییەکی یەکجار کەمی سەبارەت بەهۆکارەکانی پێك هاتنی ئەم مانگرتنە بەدستەوەداوە. وە بەجێگەی ئەو پێیان لەسەر لایەنی شانۆیی‌و باری توندو تیژی مانگرتنەکە داگرتووە. بینەران، ئیتحادیە چی گەلێکیان بینی کەتوانای دەربڕینی دژ کردەوەیەکی گونجاویان نەبوو. ئەو کردەوەیەی مانگرتووان چ عادلانە بێت‌و چ عادلانە نەبێت، ئەوان کاتێك کەدەستیان لەکارکێشاوە، بەشێوەی جەماوەرێکی ئاڵۆزی خواز بەوێنەکێشران‌و زۆر بەخێرایی کردەوەکانیان بوو بەتوندوتیژییەکی وێرانەکەر. ئەو روانگە موحافزەکرانەیە بەبینەر سەلمێندرا کە ئیتحادیە یانی توندو تیژی" ئیتحادیەچییەکان خەڵکانێکی بێ یاسان‌و رێبەرانی ئیتحادیەکان کەسانێکن کە توانای کۆنترۆڵی خۆیان‌و ئەندامەکانیان نییە. ئەو دیمەنانەی کەشیم کردنەوە، لەفیلمێکی سامتی (بێ دەنگی) دەیەی بیست نین کە ئەکتەرێکی دەستەی چەندەم تێدا رۆڵی بینینی‌و گەورەی کردبێتەوە، ئەکتەرێك کەماوەیەکی زۆرە لەبیرچۆتەوە، ئەوانە چەند وێنەیەك بوون لەفیلمی (Hoffa) کە لەساڵی 1993 دا لەلایەن کۆمپانیای فۆکسی سەدەی بیستەم بەرهەم هاتووەو ئەستێرەی بەناوبانگی سینەماجەك نیکلسۆن رۆڵی سەرەکی ئەو فیلمەی بەئەستۆ بووە.

سینەما لەساڵی 1937 وە بەدەنگیش بڵاوبۆتەوە و لەو ساڵەشەوە تائێستا، سەبارەت کێشە کێشە چینایەتیەکان، هەر ئەو باس‌و تەسویرانەی بەدەستەوە داوە کە لەسینەمای سامتیش دا باسیان کرابوون. تەسویری موحافزەکارانەو لەتاودانی سیاسی یەك کە تایبەتمەندی سەرەکی فیلمەکانی کۆتایی دەیەی 10و 30ن بەم شێوەیەی خوارەوەن:

وێنەی رێبەرانی ئیتحادیە گەندەڵەکان‌و ئاژی تاتورەکانی دەرەوەی ئیتحادیە، کە کرێکارانی رازیش هەڵدەخرێنن، جەماوەرێکی شەرخواز لەکرێکارانی تورەوە ئەو رادیکاڵانەی کە لایەنگری ئاڵۆزی‌و توندوتیژی بوون‌و بەکرێگیراوانی "ئیزم"ەکانی دەرەوەی وڵات.

بەڵام لەدەیەی 30 دا ئیمازیش بەوێنەی رێبەری ئیتحادیە گەندەڵەکان زیادکرا: وە تەماح حستی ئەو بەدەستی مافیاو هاوکاری ئەو لەگەڵ گانگێستێرە رێکخراوەکان.

بۆ تێگەیشتن لەنیلمەکانی کارو سەرمایە، نابێ تەنیا سەرنج بدەینە ئە ومەسەلەو بابەتانەی کەبڵاوبوونەتەوە، بەڵکو دەبێ ئەو شتانەش لەبەرچاوبگرین، کە نەگێڕدراونەتەوەو یا بەتەسویر نەکێشراون.

گەرچی هێزی خاوەنانی ستۆدیوکان بێ ئەو پەڕینە، بەڵام ئەوە فیلمەکانیانە کە بەڕادەیەکی زۆر پەردەی سینەماکانیان بەخۆیان تەرخان داوە، لەبەرئەوەی کەژمارەی سینەماکانیان زۆرە وە ئیمکانی ئەوەیان هەیە کە بچنە سەر شاشەو بڵاوبنەوە. لێرەدا دەتوانین چەند فیلمێکی لەوجۆرە ناوبەرین: "توڕەیی رەش" (Black Fury) "بەرەو هەتاو".

(Reaching For the sun) "کوشتو کوشتار لەشەقامی دەیەم دا" و لەکۆتایی دا "هوفا" لەو فیلمانەدا زۆرک کەم کۆسپەکانی بەردەم گەشەی توانایەکانی کرێکاران‌و نابەرابەری و نائەمنی شوێنی کار، کە رێگا خۆشکەری مانگرتنن دەچنە سەر شانۆ. لەو فیلمانەدا، چینی کرێکار، چینێك نیە کەگرفتی هەیە، بەڵکو چینێ کە کە گرفت سازە. هەڵبەت لەتەنیشت ئەو هەموو فیلمەی کە بۆچوونی موحافزەکاری خۆیان لەسەر کارو سەرمایە تەبلیغ کردوە، چەند فیلمێك لەگەڵ کرێکار هاودەردیان کردووە کە هەڵبەت زۆر کەمن: "نانی رۆژانەی ئێمە" (our Daily Bread)

1934 "سەردەمی نوێ" (Medern Times) 1936 "هێشوەکانی توندوتیژی". (Grapes of Wrath) 1141 و چەند فیلمێکی‌تر کە دواتر ئیشارەیەك بەناسراوترینیان دەکەین بەداخەوە لەژمارەیەك لەو فیلمانەدا ئەوە سیستم نیە کە دەکەوێتە بەر هێرشەوە، بەڵکو کەسی فاسیدەکە هێرشی دەکرێتە سەر. لەفیلمەکانی پوپولیستی‌دا (وەك بەرهەمەکانی فرانك کابرا) وێنەی دڵسۆزانەی هەلومەرجی کارو ژیانی سەختی کرێکاران لەخزمەت تەقدیسی وردە بورژواکان‌و خاوەنانی زەمینە چکۆڵەکان دایەو هەروەها لەخزمەت رابردویەك دایە کە کەمتر ئاڵۆزکاوە.



شکڵ دان بەئایدیۆلۆژی سینەمایی

لەدەیەی 30 بەرەو ئەولا. هەشت کۆمپانی سینەمایی (پارامۆنت، فۆکس، کۆڵۆمبیا، یونیورساڵ، برایانی وارندە" ئیم. جی. نیم" (MJN)، "ئار، کێی، ئو" (RKO) لەسازکردن‌و بڵاوکردنەوەی فیلم دا جێی خۆیان کردەوە. ئەوەی کە داوایان لێ دەکردن یان ئەوەی خۆیان باوەڕیان پێ هەبوو بەتەسویر دەکێشرا، سەرەڕای ئەمە فیلمەکان بەشێوەیەك

لەشێوەکان کاریگەریان لەدونیای دەرەوە وەردەگرت، هێزەکانی موحافزەکار لەلایەك و گروپ و تەشەککو لەکرێکاریەکان لەلایەکی دیکەوە، تێدەکۆشان بۆئەوەی فیلمەکانیان جۆرێك ساز بکرێ، کە "قازانجەکانیان، نوێنەرایەتی و داین بکات.

لەکۆتاییدا رێکخراوە بەهێزەکانی موحافزەکاران توانیان لەساڵی 1934 داو لەناو هالیووددا "دەستوری ئیدارەی بەرهەم هێنانی فیلم" (PCA) بۆ سانسوز پێك بێنن و کاتۆلیکێکی: موحافزەکاریشیان لەسەرەوەی ئەم دەستورە ئیدارییە دانا، لەوە بەدوا هەر بەرهەم هێنەرێك دەبوایە، فیلم نامەکی بەتەئیدی PCA گیاندبایە. هیچ ستودیویەك نەیدەتوانی بەبێ ئیجازەی PCA فیلمێکی بلاو کردبایەوە، بەوتەی رۆژنامەیەکی مەحەلی ئەو سەردەم "فیلمەکانی گانگێستێری و سێکسی "بەچاوی کوێر" و فیلمەکانی چەپ بەزەررەبین دەخرانە ژێر چاوەدێرییەوە و هەر جۆرە ئیشارەیەك بەرادیکالیزمی سیاسی دەبوو بەهۆی ئەوەی کە فیلمەکە بلاو نەکرێتەوە. شەپۆلی مانگرتن و رێکخستنە کرێکاریەکان کە تایبەتمەندی سەرەکی ساڵەکانی قەیرانی ئابووری لەدەیەکانی سی و ئەوەلی دەیەی چل دا بوو.

سانسورچیەکانوو گروپەکانی فشاریان وەها ترساند بوو کەپێیان وا بوو هەر ئیشارەیەکی چۆلەکە بەروداوە چینایەتیەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەباتەکەیان بەشێوەیەکی بەربلاوتر درێژە پێ بدەن. وای لێ هاتبوو کە هەر سیناریۆیەکی رادیکاڵیان یان رەد دەکردەوە، یان ئەوەی کەوەها ئاڵووگۆڕێکیان تێدا پێك دێنا کە هیچ شوێنەوارێکی رادیکاڵیزمی چەپی تێدا نەمێنێتەوە یان خراپتر لەوەش.

جاروبار ئاڵۆووگۆڕەکە بەشێوەیەك بوو کە فیلم نامەکەی بەتەواوی دەشێواندو فیلم نامەکە مانای راستەقنیەی خۆی لەدەست دەدا. بەڵایەك کە بەسەر "تورەیی رەش" داهات نمونەیەکی لەم چەشنە بوو. لەسناریۆی سەرتایی فیلمەکەدا خاوەنانی مەعدەنەکان بەتوندوتیژی رەخنەیان لێگیراو هەڵسوکەوتی مەنتقی کرێکاران و ئیتحادیەکەیان دەستخۆشی لێکرا.

ئەو فیلمە رابردووی راستەقنیەی قازیەکەو بەهێرش کردنە سەر خاوەن مەعدەنەکان دەست پێ دەکات، لەپاشان ئێمە تەسویری نەداری و هەلومەرجی سەخت و دژواری کاری کرێکاران دەبینین، کە خاوەن مەعدەنەکان بەسەریان دا سەپاندوون. لەدوای ئەوە ئاژاوەگێری خاوەن کارەکان نیشان دەدرێت، ئەوان بەبەکرێ گیراوێکی نەناسراوی خۆیان دەستور دەدەن کە کرێکاران هەڵخرێنێ بۆ ئەوەی کەمانگرتنێك وەرێ بخەن. کاتێك کە بەکرێ گیراوی شیرکەتەکە لەکارەکەیدا سەرکەوتودەبیت، خاوەن کاران ئیعتساب شکێنەکان بەپولێکی کەمتر دێننە سەر کارو بەیارمەتی پۆلیس مەعدەنەکان وە کار دەخەنەوە. و لەوکاتەدا لەنێوان

بەکرێ گیراوان‌و کرێکاران شەڕێکی قورس دەست پێ دەکات. لەسناریۆو داهاتووە، کە کرێکاران بەڕێنوێنی دروستی ڕێبەرێکی ئیتحادیەو بەسیجی بیروڕای گشتی، بەهاتنە کایەی لەڕووی ناچاری دەوڵەتەوە، بەسەرکۆتن دەگەن. بەڵام ئەو سناریۆ راستەقینەیە لەبنەڕەت دا و بەدەستی سانسورچییەکان‌و سەرۆکی ئیجرایی "براینی وانێرەوە دەگۆڕێت. ڕێبەری کرێکاران دەبێتە کەسێکی کینەیی‌و بەرمەست. کەدۆستە کچەکەی لەگەڵ یەکێك لەپۆلیسەکان دا هەڵ دێت.

و ئەو بۆئەوەی تۆلەبستێنێتەوە. کرێکارانێك بەرەو لای مانگرتن رادەکێشێت. کەهەلومەرجی کاری‌و حەقدەستەکانیان زۆر باش بووەو خاوەن کارەکانیشیان جێی رێز بوون.

سەرەڕای ئەو هەمووئالووگۆڕەش فیلمەکە لەلایەن سانۆرچیە مەحەلیکانەوە بەرادیکاڵ دادەنراو، ئیجازەی بڵاوبوونەوەی ئەو فیلمەیان لەچەند ویلایەتێکی ئامریکا قەدەغە کرد.

بەو سەفە درێژەی کە گروپەکانی فشار، هێزەکانی سانسۆری دەوڵەتی، ئەندامانی PCA و سانۆرچیە مەحەلیەکان پێکیان هێنا بوو. کەس نەی دەوێرا سەرمایەی خۆی بەهۆی بەتەسویرکێشانی هەلومەرجی دژواری کاری کرێکاران، داخوازیەکانیان، چەوساندنەوەیان بەدەست خاوەن کاران لەدەست بدا. کردەوەکانی خاوەن ستۆدیۆکان بەسانسۆرو درۆ کۆتاییان پێ نەهات. بەڵکو ئەوان پێشیان بەهەرجۆرە ناڕەزایەتی دەربڕین و هەرجۆرە جموجۆڵێك بۆ چاکتربوونی بارودۆخی رێکخراوبوونی کرێکارانی ستۆدیۆکان و تەنانەت سینارۆنوسەکان‌و ئەکتەرەکانیش گرت. لەناوەڕاستی دەیەی سی‌دا، ئەکتەرو سیناریونوسەکان ویستیان کە بەشێوەی رێکخراو کار بکەن. خاوەنانی سەرمایەش زوو وتیان کە کومونیستەکان رەخنەیان کردۆتە ناو هالیوودەوە. ئەوان کەلوپەلی پێویستیان بۆ خەبات لەدژی رادیکاڵیزمی چەپ لەناو سەنعتی فیلم دا هەبوو. بەڵام بۆ وەداخستنی ویست‌و داخوازییەکانی کرێکاران، پێویستیان بەگانگێستیرەکان بوو کە بەهانایانەوە بێن. پێش ئەوەی کەدون کارلونە یاڕاگرافە مەعروفەکەی بڵێت، خاوەنانی ستۆدیۆکان مەعامەلاتێکیان لەگەڵ گانگێسکتیرەکانی بەناوبانگ وەك نوێنەری ئال کاپۆن لەشاری شیکاگۆ کردبوو. لەو معامەلەیەدا کە لەساڵی 1941ۆ دا لەقاودرا حەق دەستی کرێکاران کەم کراِبۆوەو بەرگری لەهەر جۆرە داخوازیەکی کرێکاری دەکرد. بەپێچەوانەوە، گانگێستیرەکان هەموو ساڵێ سەدان هەزار دۆلار بەگیرفانیان زیاد دەبوو.

کاتێك ئیتحادیەی کرێکارانی ستۆدیۆکان لەدەست گانگێستیرەکان رزگار بوو، لەساڵی 945 تا ساڵی 1947 دەستیان دایە رێکخستنی ئیعتزارێکی جەماوەری بەربلاو بەمەبەستی باشتر کردنی هەلومەرجی کارو زیادکردنی حەق دەست. ئەو ئیعتیرازانە چەندین مانگرتنیان لەبەر دەگرت. لەوکاتەدا خاوەنانی سەنایعی فیلم بێ کار دانەنیشتن‌و لەپۆلیسی ویلایەتی کەڵکیان وەرگرت‌و جگە لەوە بەکرێ گیراوانێکی زۆریان چەك دارکردو ناردیانن بۆ یارمەتی پۆلیسی مەحەللی، بەلام کرێکاران توانیان هەلومەرجی کار باشتر بکەن‌و دەرسد حەق دەستەکانیان زیاد بکەن‌و بەسەر خاوەنانی ستۆدیۆکان دا بی‌سەپێنن بەلام ئەم جارە سەرمایەداران بوون کە بەیارمەتی تەشەککولیکی موحافزەکارانە کەرونالد ریگان رێبەری دەکردە تەشەککولی کرێکارانی سۆدیۆکان لەناوبرن.

خاوەنانی ستۆدیۆکان باوەکوو کە پەیوەندیەکی ناسراویان لەگەل مافیاو گانگیستیەرکان هەبوو لەدەیەکانی سی‌و چل دا، فیلم گەلێکیان ناردە بازارەوە کە پێوەندی نێوان گانکێسیرەکان‌و رێبەرانی ئیتحادیەکانیان بەتەسویر دەکێشا. دوای لەقاودرانی دەست‌و پێوەندی خۆیان لەگەڵ مافیاو گانگیسترەکان، ئەوان تا ماوەیەك لەو بارەیەوە بێ‌د ەنگ دانیشتن، بەلام لەدەیەی 50داو هاوکات لەگەڵ زاڵ بوونی مەك کارتیزم، جارێکی‌تر کاری خۆیان بەکەڵك وەرگرتن لەسوپر ئیستارەکان‌و بەتەرخان کردنی سەرمایەیەکی زۆر بۆ ئەو مەبەستە و رێ خستوە. بەناوبانگترین فیلمەکانیان لەم دەورەبەدا ئەوانە بوون:

"لەقەراغ ئاو" (on water front) "اف، ئای، اس، تی" (F.I.S.T) وهوفا، راستیەکەی ئەوەیە کە ریبەرانی ژمارەیەك لەئیتحادیەکان گەندەڵ‌و فاسد بوون‌و ئێستاش هەرهەن، وە لەتاودانی ئەوانە کارێکی باشە. بەلام ئەو فیلمانە پەیامێکیان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو "هەموو ئیتحادیەکان رێکخراوێکی مافیایین‌و هیچ قازانجێکیان بۆ کرێکاران نیەو نەبوە. لەپەنای ئەو کردەوانەی کە بەرەنگاری کرێکاران‌و تەشەککولەکەیان دەبوونەوە و باسمان لێکردن، دەبێ باس لەو شەڕە خاجیانە بکەین کەدوای شەڕی جیهانی دوهەم لەگەڵ کومونیستەکان‌و بەتایبەت لەناو هالیود دارێیان خست Commiree House of un A,irican Actirities کە لەساڵی 1947دا دەستی بەکارکرد، دەی ویست بەر بەهەر کارێکی سینەمایی کە تێیدا باسێك لەکێشمە کێشێکی چنیایەتی بەقازانجی چینی کرێکار کراوە بگرێت. شەڕێکی دژی کۆمۆنیستی کە بەخاتری خەبات لەدژی شورەوی دەستی پێ کردو نیشتمان پەرەستی ئامریکایش پشتیوانی لێدەکردو

بەشێوەی راستەوخۆ لەدژی چینی کرێکار سیلەی گرتبوو. لەنێوان ساڵەکانی 1948 تا 1953 دو سەد فیلی دژی کۆمۆنیستی سازکران، وەك ئەو فیلمانە، "من لەگەڵ کۆمۆنیستێك ئیزدواج دەکەم".

(I Marred a communist) و "من کومونیستێك بووم بۆ اف. بی. ئای" ( I was a communist For F.B.I). فیلمەکەی یەکەمیان نیشان دەدات کە چۆن کۆمونیستەکان کێشە ساز دەکەن‌و درهەمیان ئەوە بەتەسویر دەکێشی کە ماموستایان ، رەش پیستەکان‌و کرێکاران ئامانجێکی دەم‌و دەستی کۆمۆنیستەکانن، ئەوان دەیان ویست وابنوێنن کە کرێکاران‌و خەڵکی ئامریکا زۆر خۆش بەختن‌و. خەباتی چینایەتی لەوێ داناکرێ ئیمکانی نیە "فیلم سازی دژایەتی کار دوبارە هاتە ئاراوە ئەمە سەریترە".

زاڵ بوونی هالیوود بەسەر سینەمادا بەو مانایە نەبوو کە فیلم سازی رادیکاڵ‌و دژایەتی کەر کۆتایی هاتووە، ئیتحادیەکان، دەرهێنەرە سەربەخۆکان‌و رادیکالەچەپەکان ساز کردنی فیلمیان درێژە پێدا.

لەدەیەکانی سی‌و چل دا رێکخراوە چەپەکان وەکو "فیلمەکانی کرێکاری" (Workers Films)، "فیلمەکانی فارنتیر" (Frantier Films)و "فیلمە سازکراوەکانی کرێکاری ئامریکایی" ( American Labor prodactions) و ژمارەیەکی فیلمی خەبەری موستەنەدیان ساز کردو هێندێك رێپێوان‌و مانگرتنیان لەفیلمەکانیان دا نیشان دا. کە هیچ کات بینەران لەفیلمە تچاریەکاندا نەیان دەدەی. لەفیلمە موستەندە کرێکاریەکان دا دەتوانین چەند دانەیان ناوبرین، وەك " "میلیونها لەئێمە" ( Million s of us) "شەپۆل" (the wave)، "ولاتی خۆم" (Native Land) و ، جەماوەری "کمبرلند" (People of cumber land). ئەو فیلمانە دەیانویست، کە قازانجی ئیتحادیەکان‌و هێزی یەکگرتووی ئاکسیونەکان نیشان بدەن‌و زەرەری مانگرتن شکێنەکان بەکرێکاران بناسێنن، جگە لەوانە، دەرهێنەرە سەربەخۆکان و رێکخراوە کرێکارییەکانیش چەند فیلمێکیان سازکرد، بەلام ئەو فیلمانە هیچ کات لەناو جەماوەردا بەشێوەیەکی



بەربلاو، بلاّونەکرانەوە، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە خاوەن ستۆدیۆوکانو حکومەت بەتەواوی هێزی خۆیان بەریان بەو فلیمانەو بلاّوبوونەوەیان دەگرت. ژیان نامەی "نمك زەمین" (Salt of the Earth) نمونەیەکی بەرچاوە. "هربرت بایبرمن" سناریۆنوسێك بوو کەولاّمی بەپرسیارەکانی HuAc سەبارەت بەپەیوەندییە سیاسیەکانی نەدابۆوە ئەو هەر بەو هۆیەوە خرایە بەندی خانەو ناوی لەلیستی رەش دا نووسرا. هربرت دوای ئەوەی کە لەبەندی خانە ئازاد بوو، لەساڵی 1951 دا شیرکەتێکی سازکرد، ئەو پوڵەی کە کۆمپانیەکەی دابین دەکردو رێگای درێژە پێ دان بەکارەکەی دەدا، پولێك بوو کە لەئیحتیادیەی ئەنترناسیونالی کرێکارانی مەعدەنو ئاسن گەریو ئاشەکان" نابوویە ژێر دەستی تا فیلمێکی بۆ ساز بکات. بڕیار بوو ئەو فیلمە لەسەر مانگرتنێك بێ، کە کرێکارانی مەعدەن لەدژی ئیتحادیە چیەکانی مکزیكو ئامریکا لەنیو مکزیکۆ وریَ یان خست. مایکل ویلسۆن کە ئەویش لەلیستی رەش دا بوو، فیلم نامەکەی نووسی، بایرمەنیش دەرهێنەری فیلمەکە بوو، وەئەستێەری فیلمەکە "روسارا ریووتاس" بوو. کرێکارانێکی زۆرو خەڵکی مەحەلیش بەشداری ئەو فیلمەیان کرد.

"نەك زسین" فیلمێکی هەرە پێشکەوتوی ئامریکاییە کە نیشان دەدا مانگرتنێکی کرێکاری چۆن دەتوانی کاریگەری لەسەر بنەماڵەو کۆمەڵگاو کرێکار دا هەبێ. وە لەڕاستیدا هیچ فیلمێکی ئامریکایی نەتوانیوە بەوشێوەیە، پەیوەندی دو لایەنەی نێوان، چینو رەگەزو بەرابەری نێوان ژنو پیاو بەتەسویر بکێشێت. تێکهەڵکێشە رومانسیەی ناو فیلمەکە بەرهەمی تەنینو تێك هەڵکێشانی سی چیرۆکی جیاوازە لەیەکتردا:

1-خەباتی چینایەتی لەنێوان مەعدەنچیەکانو خاوەن مەعدەنەکان

2-کێشمە کێشێکی رەگەزی لەنێوان مکزیکی – ئامریکاییەکانو ئانگولاییەکان.

3-وە کێشەکانی نێوان مەعدەنچیەکانی پیاو لەگەڵ هاو سەرەکانیان دا

لەڕاستیدا پەیامی فیلمە کە بەباشی لەدڵی دراماو تەسویر کراوە بەرچاو دەکەوێ پەیامەکەش ئەوەیە کە لەکۆمەڵ گادا دەبێ لەنێوان، چینو توێژەکان، ژنو پیاوو نەتەوەکان دا بەرابەری هەبێت. لەدرێژی وێنەگرتن دا بوو کە بەکرێ گیراوان بەتەقە کردنو ئازاردان دەیانویست. بەر بەوێنەگرتنی فیلمەکە بگرن. وە کاتێك ئەو کارەیان نەیتوانی کاریگەری هەبێت لەسەر وێنەگرتنەکە. دایرەی کوچ (مهاجرت) هاتە ئاراوە وە ئەستێرەی مکزیکی فیلمەکەیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە پاسپورتو ئیجازەی کاری

هەیە دەرکرد. دوای ئەوەی کە ئەو کارەشیان بێ ئکام ماوە، خاوەن سینەماکان هەوڵیان دا بەر بەکارکردنی فەرمانبەرانی ئەو فیلمەکە بگرن. ئەو فیڵەشیان وەك بڵقێکی سابوون تەقی. نوێنەرێکی مەجلیس ماوەی 20 خولەکە سەبارەت بەفیلمە قسەی کرد. ئەو لەبەشێك لەقسەکانی دا وتی: ئەگەر ئەو فیلمە لەئامریکای باشور، ئاسیاو هندوستان بێتە سەر شانۆ، زیانێکی زۆر لەئابڕووی ئامریکا، مرۆڤە ئازادەکان دەدات. ئەوە سەرەتای دەست پێکردنی گرفتەکانی دەرهێنەر بوو. فیلم هەڵگرتن کە کۆتایی پێ هات. دۆزینەوەی لابراتوارێك بۆ چاپی نیگاتیوەکان لەگەڵ کەندوکۆسپێکی زۆر بەرەو رووبوو، ئەوەش کە چارەسەر کرا. کۆمپانیەکانی بڵاوکردنەوەی فیلم، فیلمەکەیان بەلاو نەکردەوە وریگایەکیان کە بۆ دیتەوە، ئەوەبوو ئوپراتورەکانیان هان دا کە فیلمەکە لەهۆلەسەرەکیەکان دا بڵاونەکەنەوە. لەوکاتە دا بوو کە بڵاوبوونەوەی فیلمەکە گەیشتە هۆڵەکانی دەرجەچەندوم. و لەوکاتەدا کەسانێك کە دژ بەبڵاوبوونەوەی فیلمەکە بوون. بەتوندی رەخنەیان لەو فیلمە گرت. ئەوەش کە کاریگەری نەبوو، لەتەنیشت هۆڵەکانی نمایشی فیلم چەند کۆنسێرتێکی گەورەیان سازداو بوونە هۆی ئەوەی کە فیلمەکە لەزوترین کات دا لەسەر شاشە بێتە خوارەوە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو دژایەتیەی کە لەگەڵ فیلمەکانی رادیکاڵی کرێکاری دەکرا، لەدەیەکانی 70و80 دا زۆر فیلم سازکرا کە خەبات، راوەستاوی، داخوازی کرێکاران بۆ ژیانێکی باشتر، بەرابەریو دیمۆکراسیان بەتەسویر کێشا. "تێڕوانینێك لەسەر داهاتوو".

راگەیەنەرە گشتیەکان کە یەکێك لەوانە سینەمای موحافزەکار بوو، ئامریکاییەکانی بەو قەناعەتە گەیاندبوو، کەهەمویان چینێکی مام ناوەنجینو مەسەلەی چینایەتی شتێکی زۆر گرینگ نیە بۆیان. لەسەدەی بیستو یەك دا، ئەو بیرە دروینەیە لەگەڵ راستی بەرزبوونەوەی، رادەی هەژاری، بێکاری، بێ هیوایی و مەترسی بێکاری بەرەو روبوو. بەپێی هەوالەرەسەمیەکان جیا لەژومارەیەك لەچینی کرێکاری موتەشککل، ئەوانیتر، ژیانیان بەرەو باشی نەڕۆیشتوە، یا ئەگەر چووە، زۆر کەم چۆتە پێش. سەرەڕای ئەو بارودۆخە دژوارەش هەتا ئەو کاتە کە جەماوەری خەڵك بۆ بەرەو پێش چوونی ژیانی تێ بکێشێ، فیلمەکانی کارو سەرمایەش هەر بەردەوام دەمێننەوە. بەڵام ئەو فیلمانە بۆئەوەی زۆرتر سەرکەوتوبن، دەبێ لەوشێوە تەبلیغیيە بێنە دەرێ، وە وەك هونەرێکی جوانو سەرنج راکێش کە ئەستێرە بەناوبانگەکانی، سینەما لەوان دا هونەر نەمایی دەکەن، دەربێن.

"فیلم دەتوانێ دنیایەکی جیاواز لەوەی کەهەیە ساز بکات وەبیخاتە بەرچاوی بینەران"

*



# چیرۆک

- ئەم ساتە
- لە چاوەڕوانی سیما مەرگ بارەکاندا
- یاد

# ئەم ساتە

ن: عەلی ئەشرەف دەرویشیان
و: پێشەنگ

چنارەکان سیجار گەڵاکانیان زەرد هەڵگەڕا و ئەندامی ڕووتیان سیجار لەبەر تەزووی بەفر و سەرما دا لەرزی.
پیاوی سیوشەش سال تەمەن لە تەنیشت پەنجەرەکە راوەستاوەو چاوی بریوەتە شوشەی نێو درگانیوە کراوە کە، کە باوکی لەوێیە. هاوتەمەنی خۆی بوو. موو،برۆ، لێوە هەمیشە لیک نراوەکانی، لووتی کورت و سمێڵە پر و پانەکەی کە تازەماشی و برنجی ببو. دروست وەکو خودی ئەو.
لەپەنجەرەوە سەر دەکیشیتە دەرێ. شەش نهۆم لەشەقام دوور. دوور لە شۆستە. دوور لە چەمەنەکانی ژێر چنارەکان. چنارەکان قەدیان کیشاوە و چوار نهۆم هاتونەتە سەر. سەرچڵەکانیان ئەبینی کە بە شنەی با، رادە دەژێن. سەرچڵە باریك و شلکەکانیان قورسایی قەلەڕەشەکان ڕاناگرێ و بەشینەیی دەچەمینەوە. لەو رۆژانەدا، چنارەکان



شلك و کورتە بالا بوون. با کامیونێنکی شارەداری هێنایاینن و لە قوڵکە چێکراوەکانی لێواری جەدەوە لە کاندا چەقاندیانن. کاتێ بەلایاندا دەرۆیشت، بەدەستە بچووکەکانی بە ئارامی ڕایدەژاندن. بابە ئەیوت: وریا بە کوڕم. ڕیشەکەی دەجوولێ و وشك ئەبێ هێشتا ڕیشەی قایم نەکردوە. ئەمرۆ، هەر ئەمرۆ دایکەیان بەخاك سپارد دوورلە زێدەکەی کە بەردەوام لە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ئەوێدا بوو، ئەو شوێنەی هەمیشە خەوی بە جەنگەڵی دار بە ڕوو و گوێزەکانیەوە دەدی و بە دایم ئاهەنگە تاڵ و شیرینەکانی لە ژێر لێوەوە ئەوەتەوە:

"وەرەتا دۆستایەتیەکەمان سەرلە نوێ داڕێژینەوە
من ئەبمە داری نارنج تۆش ببە بەداری لیمۆ"
دایە سی ساڵی تر لەدوای بابەمایەوە و سی جاری تر زەرد بوونی گەڵای چنارەکانی بینی چەندکەسێك لە دۆستە قەدیمیەکانی بابە هاتبون بۆ سەرەخۆشی و دڵنەوایی. نووسەرێکی پیریان لە گەڵدا بوو ماچی کردو وتی: "دروست شێوەی باوکتی.. بەڵام.."
بەڵام چی مامە گیان؟
وەك تۆ گۆشە گیرو ماتەم بارنەبوو. سەر تاپا شۆر هومێد بوو.
بگرە ئەو کاتەی کە لە ژێر چنارە ساوا کاندا کە وتبوو؟
نووسەری پیروتی:
"بەیە کەوە لە بەندیخانە ڕزگار ببوین. لەگەڵ چەند کەس لە دۆستانی هاتن بۆ دیدەنم دیارییەکیان بۆ هێنا بووم پەنجادانە خودکار و سەد دانە دەفتەرچەی سەدبەرگی
پێشتر ئەمەم بیستبوو"
کاتێ دیاریەکەی دامێ وتی: بنووسە وتم بە چاوان کاکە گیان ئەگەر لە بەر خاتری تۆش بوە، دەنووسم.
بە کەنار پەنجێرە کەوە وێستاوە و چاوی بڕیوەتە وێنەکەی خۆی سەر دەکێشێتە دەرەوە. دەنگی دایە دەبیستێ:
"سیروان سەرت بەرە ژوورێ کورم لە تۆی دەدەن"
دەکشێتە دواوە دایە ڕەنگ پەڕیو و هەراسان چاو لە بابە دەبڕێ بابە گوێی داوەتە دەنگی ئەو پۆتینانەی بە پلیکانی بینا کەدا دە کوترێن ئاسانسووڕ بە هۆی نەبونی کەرەسەی یەدەکی و پێویست، کارناکات و ئەوان خەریکن بە پلیکانەکاندا دێنەسەرێ. بابە ئەیەوێ لە سووچی پەنجێرەکەوە چاوێك لە دەرێ بکات گوللەیەك ڕاست بە لای پەنجێرە کەدا دەڕوات و واوەتر، لە دیواری ماڵە کەدە درێ. ژنە هاوار دەکات:
"رۆڵە سیروان! وەرە ئێرە دانیشە عەرزی"
بابە ئەڵێ "تەنیا ئەو ماڵە کەی ئەزانی"
دایە دەپرسێ :دوێنێ بۆ کوێ چووی؟
چووم تەلەفون بکەم
کەسێك شوێنت نە کەوت؟
نا
موتمەئینی؟
ئەرێ
بۆ جێیەکی تر نەچوی؟
نا تەنیا لەگەڵ ئەمین دا قەرارم بوو. لەچەند شەقام خوارترەوە تەلەفونم کرد
چی جواب دایەوە؟
گوشیەکەی هەڵگرت بەڵام کەس وڵامی نەداوە
کەوایە خۆی لەماڵ نەبوە
نازانم وشەیەکی کە ئەبووبێلی نەیوت منیش خێرا تەلەفونەکەم قەتع کرد دوایە چیتکرد؟
گەڕامەوە بۆ ماڵێ بۆ شوێنەونکێ لە چەند کۆڵان خوارترەوە هاتمەوە، گشت جییێك خاوێن و هەل و مەرجەکە ئاسایی بوو.
ژنە کە چوەپشت درگاکەو توند دەستی نایەسەر دەستگیرە ئاسینەکە پیاوە کە وتی: دەستی لێمەدە

ژنەکە وتی: خەریکن دێنە سەرێ زۆرن
پیاوە کە وتی: ماڵە کە ئاشکرا بوە
یانی بەم زووییە؟
کابل و پێست و ئێسک
کاک ئەمینی بینی کە دەوروبەری پڕ بوولە خوێن و ددان و نینۆخ و چوار چنگۆڵە، بە بەردەمیدا

بگرە خودی منیش.
لە سەرە خۆ و بە زەوی دا چوار چنگۆڵە بۆلای پەنجێرە کە چووە بە پارێزوە سەرێکی کێشادەرێ و لە خوارێی ڕوانی سێ دانە جیپی بۆر کە باندکەیان شەترەنجییەکی ڕەش و سپی بوون، لەوێ وێستابوون.



دەرۆیشت.
بەدەنگی ژنەکە، کاک ئەمین دوور کەوەتەوە
بەڵام ئەم هەمیشە چەکی لەگەڵ خۆی هەڵدە گرت.
چاوی پیاوە کە هەلدەهات تا کاک ئەمین لە تەمێکی سوور باو دا بدۆزێتەوە: "هێندێك جار گوللە گیر دەکات و تازە..."
وە تازەچی؟
ژیان شیرینە چاولە چنارەکان بکە و بزانە چۆن بە تاسەوە بەرەو خۆرەتاو هەڵدە کشێن قەلەباسکە چاولێبکە بزانە چۆن بە ئەوینەوە بە سەر دارە کانەوە هێلانە چێدەکەن
یانی کاک ئەمین!

پیاوەکە خۆی بە زەویەوە مڵاس داو وتی:
"ڕەگ و پێست و کابڵ ئێسقان و ئاسن"
کوڕەکە لە چاوە کاڵە کانی بابی دا برووسکەیەکی تیژ پەری بەدی کرد. ڕەگی تەوێڵی هەستابوو. ژنە پارچە ئاوەکەی لە یەخچاڵ دەرهێناو کردیە پەرداخەکەوە دەستی دەلەرزی ئاو کەلاولی کرد و دەستی تەڕ کرد پەرداخەکەی دابەسیروان:
"بیخۆ، رەنگت وەك گەچی لێهاتوە"
هێشتا فێنکی ئاوێتە بەترسی ئاوەکە لە ئەوك دا هەست پێدەکات سی جار دارەکان ڕووت و قووت ببونەوە و ئەندامی پەتیان لەنێو بەفرو سەرمادا لەرزیبوو. سی جار قەلە باسکەکان لە هێلانە

کانیاندا کرکەوتبوون و هێلکەیان تروکابوو. هێشتا نەیدەزانی وێنەی خۆی بوو کەوتبوە سەر شوشەی پەنجێرەکەیان هیبابی بوو، لەو سەرەوە دەیڕوانیە ئەو تارماییەی کە لێی دوور دەکەوتەوە و لە پانتای شۆستە کەدا، لە تەنیشت ئەوسیٚ جیپە بۆرەدا بەزەویدا دەکەوت.

ئاخ بابە!

ئەمە هاوری کیٚ بوو؟ چاوی بڕییە شوشەی پەنجێرەکە خۆی بوویان بابی؟ دەنگی شێوەی دەنگی منالێکی شەش سالاٚن بوو کاتیٚ کە تازە لە قوتابخای نزیك مالٚی خۆیان نێو نووسیان کرد بوو وە دە بوایە تامانگێکی تر بچوو بایە بۆ قوتابخانە. کیفێکی جوانیان بۆ کڕیبوو بابیشی بەلێنی دابوو قەلەٚم و قەلەٚمتراش و لاسیتکیشی بۆ بکریٚ. بابە دوور و دوور تر کەوتەوە تا بوو بە خالێکی بچووك لەسەر شۆستە و بە پالٚ دار چنارە کانەوە.

ئاخ بابە!

لەپشت درگا کە دەنگە دەنگ و هەراهەرا بوو لە تەختی ئاشپەزخانەکەدا، کتێب، جوزوە و سەنەد و بەلٚگەکان ئاگردرابوون. دایکە بە پەشۆکاوی، لەسەر چۆك بە دیوەکەدا دەسووراوە و بۆ ئەوەی نە قیژێنیٚ، لینگە گۆرەویەکی لە زاری خۆی خنی بوو.

ژنە لە ناکاو لینگە گۆرەوی لە دەمی دەرهێنا:

چی بکەین؟

تۆ گیانی خۆت و سیروان منالٚەکەم بە تەنیا جیٚ مەهێلٚە خۆت چۆنت گەرەکە ئاوا بژی، بەلاٚم منالٚە کەم بە جیٚ مەیەلٚە

مەگەر تۆ لە گەلٚ ئێمە نایەی؟

پیاوەکە چوە پشت درگاکە، خەریك بوون بە قونداغی تفەنگەکانیان، درگاکەیان دەشکاند. لە پڕ پیاوە کە گەڕاوە. ڕوالەٚتی ڕوون و لە سەرە خۆ بوو. رەگی تەوێلی شووش دارتر لە هەمیشە و چاوە کالٚە کانی تروسکە دارتر ببوون. هەلاٚت بەرەو پەنجێرەکە و بە خێرایی بە بۆ شایی فەزای پەنجێرە کەدا فڕی سیراون بابی دیت کە سەرنجێکی ئەوی دا، بالٚی کردەوەو بازی دا. لە ڕوانینی دا، شتێکی سەیرو پڕلە ڕەمزوراز بە دیدەکرا کە ئیستاش دوای تێپەرینی سی جار بەسەر ڕووت بوونەوەی چنارەکاندا لەماناکەی حالٚی نەببوو.

با بە خەریك بوو دەفڕیە خواریٚ. خوار خواریٚ لە دلٚەوە دەیویست وەك فیلمەکان، دووبارە بێتەوە دواوە بێتەوە سەریٚ و لەسەر لێواری پەنجێرەکە دابنیشیٚ.

ئێستا خەریك بوو بابی دێناوە سەریٚ. بەدەست و بالٚی کراوەوە لە فەزادا هێنایەوە دەم پەنجێرە کە هەر بەو چاوە کالٚ و ڕوونانەیەوە ڕوانیە ئەو ڕوونی چاوانە ڕاز لە وێدا بوو. لە ناکاو دیتیەوە و بە خۆی وت: بەچاوان بابە ئێستا ئیتر هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت

بابە دوور و دوورتر کەوتەوە تا لە چەشنی خالێکی ڕەش، بە گولێکی سوور لە نزیك سەری، لەگەلٚ چەند گولٚی لۆکەیی سپی لە نێوان گولٚە سوورەکاندا، لە تەنیشت چنارە شلکەکاندا، لەپالٚ



ئەوسێ جیپە خۆڵە مێشیەدا، کە بانەکانیان شەترەنیجەکی ڕەش و سپی بوو، کەوت.

سیروان، بە تەنیا لە لای پەنجێرە کە وێستا بوو.

سی ساڵ لە مەوبەر تازە نێونووسی کردبوو بۆ قوتابخانە. شۆر و شەوقی خوێندن و نووسین بە گیانیدا دەگەڕا. دروست وەك بابی هێشتا مەدرەسەکان نەکرا بوونەوە بەڵام ئەو گشت ڕۆژێ بەیانی کیفە تازە کەی هەڵدەگرت وزیبەکانی دەکردەوە دەیبەستەوە. چەند خولەلێك لە شانی دەکرد و بابی. کە ئەی دیت پێی دەوت:

"پیرۆزە خۆشەویستم چەند کیفێکی جوانە! نەمردم و چونە قەتابخانەی تۆم بینی"

داکیش بە شادمانیەوە ئەیپرسی:

بۆ کوێ ئەچی کوڕە نازدارەکەم؟

سیروانیش بە قیافەیەکی جیدی یەوە وڵامی ئەداوە:

مەدرەسە!

سیروان ئەیڕوانیە سەر چڵی دارەکان ئیتر ئەو خاڵەو گوڵە سوور و سپیەکانی دەوروبەری بەسەر شۆستەکەوە نەماوە ئیتر شوێنە وارێك لە جیپە بۆرەکان لە سەرشەقامەکە نابیندرێ.

ژنێك لە ژێر چنارەکاندا، لە سەر ڕووبەری چەمەند کە، کە تا مەوادیەکی دوور، تا ئاسۆی داگرتبوو، گۆرانی دەوت و ئەگریجەکانی، بێ پەروا ئەسپارد بوە دەست با. چەند هەنگاو واوە تر قەلە ڕەشەکان لە دەوری یەك دانیشتون.

مانگی ڕەزبەری 1365

*

سەرچاوە:

کتێبی: ازندارادتا دارا

عەلی ئەشرەفی دەروێشیان تاران1377هە

# له چاوەروانی سیما مەرگبارەکاندا

فوزیه مەنمی

گێژ و لولی د وکەڵ و بۆنی دارو تایەی سووتاو هەناو ی دەسمی ، ئاسمان خۆڵە مێشێکی تۆخ د ەی نواند

له هەموو لایەکەوە زاق و زریقی منالآن و دەنگی ئەم ڕۆ ژی سالّی تازەیە نەورۆزە هاتەوە هێلەی دەکرد ، شار وەك هەموو سالآنێك له ڕۆژەکانی جیاوازبوو سەیرێکی ئاسمانت کردوو : پێدەچێت تۆش من ئاسا هەناوت پڕبێت .

به خۆت و کۆمەڵێك یادەوەری تاڵ و شیرینەوە به رەو تەنیایی سەربان وە خۆکەوتی ، تا چاو برکات شەقامەکانت قۆستەوە ڕوانینەکان بونه نەورەسێکی بزۆز و له شەقەی باڵیان دا له گەڵ کزەبای دوکەڵ و بڵێسەی تارماییه سەیرەکان ڕۆچون :

( ئەم ئێوارەیه چەند پی رۆزە لام وەك کچێکی نەتەوەکەم ئەوەندەش شیرینه وەك ئەو سالّەی لەم جێگایەدا و لەم ڕۆژەدا سەیری گڕو کلّپه و نێڵەی ئاگری منالآنمان دەکرد ).

سەدای سۆزێکی بێنەوا هێد ی هێد ی کاری خۆی دەکرد ، خوازیار بویت له توانات بوایه ی پڕ به سینەت سەردۆلکەی نۆ بو کانەت بگوتبابو ئەم قورساییەی دەرونت خاوبکردبایه وە هەڵگیرسانی گڕی کۆمەڵە پێچکەی مندالآنی گەڕەکەکەی بەردەمت له وانی تر جیاواز بوو تا دەهات بەرزتر دەبویەوە و زمانەی دەکێشا ، منالآنیش له نوای تۆپەڵە ئاگرینەکەوە فریشتەیانه بەزمیان دەکرد ، خۆزیات دەخواست تەمەنت پەتی تۆمارێك بوایه وە دوا بەکێشت بکردایه، منلآنیش به چەند ساتێکی به میه ری کورته ئاگرەکەش بوو بوە شەبەنگێکی گەورە و مندالآنیش به چوار دەوریا دەجمان ،دوکەڵێکی لول پێچ ئاسا بەز دەبووەیەو و هێزێکی نادیار بەرەو بەرزایی ئاسمان ڕاپێچی دەکرد ،ئاسمان ڕاپێچی دەکردە سەرت کێل دەکرد ،

ئاسمان تەمێکی بۆر دەینواند ، بۆر وەك ئەو ئێوارەیەی بە دەستەکانی هێلی کێشاو : سەیر کە سەر ( هەڵەبجە) تەمێکی سپی یە سپی وەك چۆری شیر ، پێدەچێ ڕۆحیانەتی قو ربانیەکان بێت زۆر بە زەحمت بە دەستەوەدرابێ و پێش قەرەوڵی کارەساتێك بکات گەر نا بۆ مەملەکەتی ژەهر و وێرانە خاك جێناهێڵێت ( دەستێکی هێنا بە سەریا و چارشێوەکەی توند کردەوە لە گۆشەیەکی نادیار گەڕا :

سەرەتای مانگی گوڵان بوو عەبابەیللێ یەك پا رچە سەوز دەینواند نیگای حەزێکی چەند ساڵە لە نێوانمان ڕۆژ لە دوای ڕ ۆژ تینی دەکێشا پاش بارانی ئێوارە بەهارێکی فێنك و جوان و بەشکۆ ئەو ناوەی دەڕ ەنگان شنەشنی دارەکان ، خوڕەی کارێزو جۆگەکان ، باڵە فڕەی مەلەتەریوەکان نەرمی گژ و گیا شرمێونەکانی ژێر پێی ڕێیوان ئاسمانێکی پەڵە پەڵە بە هەورە ڕۆیتەنیەکان ،لێکا لێکدا تابلۆی ئەو ئێوارەیەی دەنەخشاند ، دەستی خواوەند ئەو ئێوارەیەی شاکارانە لە ڕ ۆژی دی جیاکردبۆوە ، شێلگرانە کەوتە لۆ قە کردن تا لە (شنەو سۆزە ) ی خوشکی جیابوینەوە چاوە ڕەشەکانی لە ژێلر یرۆ چ ڕو پ ڕەکەیدا بریسکەی دەدا لروخسارە مەستەکەشی گ ەشتر دەینواند مژ ۆڵەکانی لێك نانوو هەڵی هێنان ، بە ئەستەم دانەوییەوەو خونچە یەکی خنجیلانەی لە نێو دەستم نا :

بیرتە کە منالّ بوین خونچەکانمانم لە یەکتر دەئالأند و ملوانکەو کەمەر بەندمان لێدروست دەکرد .

لە ژێرڕا سەیرێکیپڕمەستی کرد وبزەیەکی هاتێ : شەش مانگی تر ەنگوستیلەی دەست گیرانیت لە نێو قامك دەنێم.

ئاخێکی تێکەڵ بە ئاپورەی دوکەڵو گێژە لولی ئەو ئێوارە نەورۆزانەیە کرد .

زۆر بە حشمەتەوە چاوی بڕییە ئەنگوستیلە پیرۆزەییەکەیی و بە نیگایەکی کەمێك غەمگین و تێکەڵ بە ئۆخژەنی تاوێك بەر لە وەی ژێر زەمینەکە جێبهێڵن ئەم ئەنگوستیلەەیەی لە پەناوە لە نێو دەستم نا.

- چی ئەبوو گەر ئەو شەوە لە کەڵ ئێوە بۆ سلێمانی بە ڕێکەوتایە خ ۆ کورە پورت نەبوو ؟
- زۆر بووین پاشان ئەو چۆن پورموو خوشکەکانی جێهێشتایە ، ئێستاش سیمای ماڵئاوایی ئەو شەوەم لە بەر چاوە لە ناو هەمواندا وەك بە هەموو هەستی پڕبەو سەردابە گەورەیە هاوار بکات : نا مەڕۆ جارێکی دی یەکتر نابینینەوە .

سەدای س رودی مندالّە چەتونەکان وەك وەئاگای هێنایەتەوە بە زەحمەت ناخت بەرزەفتی دەنگە ناوازەکان دەهات دنیایەك پارچە بۆر دەینواند بە دەم د ڕیپێدانی یادەوەرییەکانەوە

هەناسەت سوار ببو بە گران خۆت پێگیردەکرا دیمەنەکانی بەیەکدا دەچون و هەزارو یەك جۆر دەینواند ڕەنگەکان تێکەڵ دەبون و کاڵو کاڵتر دەبویەوە تا لە شێوەی تەمێکی سپی ، سپی وەك باڵی کۆترەکان سپی وەك و جەستەی نێو دارە بازان دەجمین سیمای سەیر سلەیریان دروست دەکرد ،( ئەم ئێوارەیە هەر بەو تەم و تارمایی و تەلسمە دەچیّ کە چوار ساڵی ڕەبەق بە ئاسمانی ( هەڵەبجە ) وە مۆڵەق بوو بوو ، چوار زستان هات و ڕێواسی دەم نسارەکان لە نێو سارای ڕەوەزە سەختەکانەوە سەری دەرهێنا ئەم هەر نەڕەوییەوە چوار بەها ر هات و زریان و باڕێژەو بۆرانی نووالەی هەورە گرگرتوەکانیش ئەم تەمەی نەڕەوانەوە ، ئەوەندەی زەمەن سەرماو سۆڵەی بە شنرویّبە خشیوە هێندەی ئەو ساڵە بە فر نەباری نەك هەر ڕێبەندان و بەفرانبار و رەشەمیّ گولاًنیش ڕنگی گۆڕی بوو بە سپی ترۆپك و کاروان و کەندو لەند و پێدەشتانیشسپی دەچویەوە ، ئەو ڕەوەزانەی کە شەبەنگی خۆرەتاوەکان دەچووە سەری مینای بێگەرد ب ریسکەی دەهات بەفر کەڵەکەی یەست لە سەری هەر فریشتەکان لە وادەی کۆچەکانیاندا کەسیرە نەکەوتن ، ئەو هێشتا بەری ئاسمانی هەڵەبجەی بەرنەدا و سپی دەچویەوە ،ئیێ چاوەڕوانی چارەکی یەکەمی مانگی گولاًن بوو گێجە با و با هورەیەك لە شارەوە هەڵی کرد ئاسمان و ڕێسمانی گرتەوە رشەهێڵەو بریسوو کارێکیان کرد (با بە دەواری شڕی نەکردبیّ) ئەو دەم و ڕۆحیانەتەکان هیچشتا ئامێتەیەك بوون لە یەك جودا نەبونەوە لە و تاقورەتەیا زەنایان فەزای هەژاندبوو پیرو خوڕۆکان لە بیّ ئۆغری فەرزەندەکانیان بێحەجمان بوون ،دەستەی شووان و گاوانەکان لە قارەی مێگەل و قیرەی بۆق و سەدای بول بول و گمەی کۆتر بەزەحمەت جیادەکرایەوە ،چەردەیەکیان منالاًنێك بوون دایکیان بە برینداری جیّهێشتبوو بە کەس دانەدەکاسان و بیّئۆقرە دەکڕوزانەوە ، عاشقەکانیش هەریەکەو لە ئاوازێکیان دەخوێند عاشقانی نیشتمان بیّ پەروا لە چاوەڕوانی وێردی خۆیان دەخوێند کە (عەباسی ) تۆ کەوتەوە گلە یی بناشت : کردە کورد قڕانەکان تەواوی سەبوردەی ژیانمان بوو .

ئان و سات لە دایکی دەڕوانی : لێم ببورە پێدەچیّئەمە دووعای تۆو چەندانی تر بێت لێمان بوو بە مێملّ دلّ گران نیم لە قەیرانی مەرگەساتا لە کەڵتان بوم . بەلاًم چاوەرشوانی ڕەنگی چاوەکانی کالّ کردمەوە . چەند ساڵە سیروان ئا وێنە ڕۆحمە و وێنەی خۆمی تیائەبینم ، ئەهریمەن شەرم لە بینینمان ئەکاتت ، ژەهرەکان لە ڕۆحیشمان کردەوە .

دنیادیدەیەك سەیرێکی کۆڕەوی ڕۆحەکاندا کەس دەم ژمێر ی لە بی ر نەچووبوو تا ئەو و دەمو ژمێرانەش لە سەر تاق و مێز و گیرفاندا بوو بە دوایانا چك ...چك بەو و ئاسماتی شارەوە لە کارا بوون ، دەم ژمێری (ڕیکۆ ) و (سور ) خۆش

ڕەوتانە ساتەکانیان پیادە دەکرد چاڵمەی بەرباخەڵی مامە پیرە کانیش لە کارابوون و تا ئەو بەرەبەیانییەی یەکەیەکە بۆ دوا جار سەنگلانەوە لە و چەندانە دا گاشەیەکی وەهایان نایەوە کۆرشەوی ڕۆح پێش ڕشەوی گیانە زیندوەکان کەووت دەستە دەستە گەنج و تولاز ، پیر و خوڕۆکان لە پێش هەموانا چ ەرخە و کەودەری تاکەش کەشانی فەلەك بڵند بوونەوە و لە چاو وون بوون .

تاق و تەنها بەو ئاسمانی شارەوە وەك پێداوێتەوە سەر قەڵپۆز ڕامابوو تا دەنگی وە ئاگای هێنایەوە : چاوەڕێی چیت ، دەنگ گەیی وە جیهان ئەمێستا لە ئافەریدەکار داواکە فریشتەی جوان .

–دایە گیان دڵم خەبەری داوە ئەوە چەند ساڵە پەپولە تێکەڵ وەڕۆحمان نەبووە و قەرەمان نەکەوتووە ، پەپولەیەك دەوری گرتتووم ، ئەی نەت بیستووە کە پەپولە تەتەری پەیامی عاشقانە ؟

تێسکەی نەیزەك ئاسا بەرەو شارۆچکەی (سەید سادق ) کشاو هێڵێکی سپی لە دوای خۆی جێهێشت وەك سکێچی ڕێگای کاکێشان لەو نێوەرا ڕەوێکی ناوەختە شەو زەنازەنای هات هات و شەیپوری شەوی دەیجورا کەڕەنا ئاسا لێ ئەدرا باران گاشە بەردەکان و زەوی زۆنگو بە یارو ئێسك و پ

رسکی مردووی چەند ساڵەی خوساندنەوە گەواڵە هەورە تورە و تۆسنەکانیس بە ئامان دامان دانەدەمرکان و ئەو هەرێمەیان جێنەدەهێشت و لە کەڕنەڤاڵی مۆڕەودا هێشتا چاوەکان لە تاقی ئاسمانی دەرشوانی بە دەم ژان و ئێشی گیان کێشانەو جواناوی مەرگت دەڕشت کە ڕۆحت لە جەستەت جیابویەوە هەلردەنگ بوو دەیگوت :

- (ژن و مێرد لە ئاو و گڵپیێك دروست دەکرێت ) .
- چوبونە سروشتی یەکەوە .
- وەی لەو وێناکردنە .
- (دوو گا لە دۆڵێك دا بژی گەلر ڕەنگی یەك نەگرن ئەوا خوی یەك دەگرن ) .

ئەو دەنگانە کەشکەلانی فەلەکی پڕ کلرد ئێوەش بێهودە بوە ئاسمانی شارەوە شانۆیەکتان پێشکەش کرد میللە تێك سەیرکەری بوو وای لەو شانۆکارە هەر دوای تاوێك ئۆخژن بەروە دووا دلان ڕەتتان برد

(ئاسمان گریاو هەناویشت زام ئاسا زوخی لێ ئەتکا مندالأن بەرەو ماڵ خلۆر بوونەوەو کزەیەکی سارد هەڵی کرد ).

*

# یاد

*عەلی بوداغی*

چەك و رەختەكەی لەخۆ كردەوەو لەپشت سەری لەشوێنی خۆی هەڵی واسین. هاوڕێكانی هەریەكە بەكارێكەوە خافڵابوون هیواو خەبات شەترەجیان دەكرد. شۆرش گوێی بۆ ڕادیۆ شل كردبوو، ناسر لیباسەكانی قەد دەكردو هاوڕێیانی تری چاویان لەتەلەویزیون بڕیبوو.

پەتۆیەكی هەڵ گرت و دەستی دایە كتێبێك كەتازە دەستی بەخوێندنەوەی كردبوو. لەمەقەڕ وەدەركەوت و لەبن سێبەری تاقەداری قەراغ سەنگەر پەتۆكەی ڕاخست و پاڵی وە دارەكەدا.

هێشتا لاپەڕەیەكی تەواو نەكردبوو كە دایكی هاتە بەرچاوی و وەك هەموو جارێك دەستی كرد بەلۆمە وتیرو توانج پێدادانی..

—دەك رۆلەعەمرت نەمێنێ، وەڵلە...ت بخواردبایە چاكتر بوو دەرۆم و دەچمە ریزی شۆرش! گەلەكەم چاوی لەمنە. باوكیشت هەروای دەگوت. ئەدی ئەو كاتەی باوكت بەشاخانەوە بوو و منیش بەكڵفەتی و قەرەواشی و كاری ماڵان پێنج منداڵی سەروپێچكەم بەخێودەكرد بۆچی كەس نەبوو ئاورێكم لێبداتەوە و دەستخۆشانەیەكم لێبكا، چەند شەو و نیوەشەو جاش و پاسداران بەردەرگەیان پێدەگرتم و بەبیانووی سەیرو سەمەرە ماڵیان دەپشكنی، رۆحم دەهاتە سەر لووتم و كەس نەبوو هانای بۆ بەرم، تۆش خەباتم بۆ دەكەی و مافی گەلم بۆ دەستێنی.

سەری هەڵێناو بڕییە هەیبەسوڵتان. قورس و قایم لێی دەڕوانی و بۆ لای خۆی دەكێشام بەلام دایكی پشووی پێ نەداو دیسان بەربینگی گرتەوە:

—من لێرە كوندە جەرگ بووم ئەوەندەی پێم بڵێن و ببیسم كوڕی كابرا پیاوی كاروكاسبی نەبوو. داپیرەی لەكەلاوە كۆنان بەجێهێشتووە و خۆشی وەشوێن كلاوی لاركەوتووە. تۆش خۆتیان لەسەر بۆ بەكوشت دەدەی. لەباوكتانەوە تەنیا فرمێسكو خوێن و چەرمەسەری و ئەركی سەرپەرشتی ئێوەم بۆ بەجێما. لاوەتیم و جوانیم لەسەر ئێوە دانا.

لەسەرتان دانیشتم و پێم گەیاندن. دڵم بەوە خۆش بوو کوڕم گەورە کردووە، لەبن سێبەری دەحەسێمەوە، لەکاتی پیری و پەککەوتەییم دا بۆم دەبێتە داری بەری. نەمزانی جیفرکێك لەخۆی دەداو لەگەڵ تەنیایی و پیری و بەشمەینەتی بەجێم دیڵێ.

کتێبەکەی بەستو لەتەنیشت خۆی دانا. قسەکانی دایکیوەك کوتکێك بوون لەسەری دەدران و کاسیان کردبوو. هەستایە سەرپێو جگەرەیەکی داگیرساندن، "سارای" خۆشەویستی بەکراسێکی سپی گوڵ سوورەوە، بۆلای دەهات دەستەکانی گرتو بەخۆیەوە گووشی...

–دەزانی چیە رزگار! خۆشەویستی تۆ لام گەلێك پیرۆزە بەڵام ژیانم خۆش دەوێ. نامەوێ باوکی مناڵەکانم قەت لێمان دوور کەوێتە. پێم خۆشە هەموو ئێوارەیەك بەرەو پیلی بچمو لەباوەشی دا وەحەسێم. نانا.. نەك حازر نیم لەچیا بژیم تەنانەت نامەوێ بەدڵەڕاوکێش کاتەکانم بەرمەسەر. من نامەوێ بەردەوام چاوەڕوانی هەواڵی کوژران یا بریندار بوونی مێردەکەم بم.

کورتی بڕمەوە من حەزم لەتەنیایی و فرمێسك و دووری و دابڕان نیە و نامەوێ وەك دایکت بەهەڕەتی لاوەتی دا بێوەژن بکەومەوە. ببوورە واقسەت لەگەڵ دەکەم بەڵام تۆ پێت وانیە بەو هەڵوێستەتو بەبەجێهێشتنم خەیانەتم پێ دەکەی؟..

بەچڕەی قامکی وەخۆ هاتەوە. قونچکە سیگارەکەی فڕێ داوە بەپەلەبۆلای مەقەڕ وەرێ کەوت. لەنێو سندوقی کتێبەکانی دا ئالبۆمی وێنەکانی هێنا دەرێو کەوتەوە رێ. بەدەم رێگاوە لاپەڕەی ئالبۆمەکەی هەڵ دەداوە...

ڕێبواری برای پاڵی وەدیواری حەوشەوە دابوو... کاکە گیان ئەوە خێزانم خەریکە مناڵی بێ. دوو ناوی خۆشمان بۆ هەڵبژێرەو بۆمانی بنێرەوە، با ناوەکان کوردانە بێ....

بەگاڵتەوە ڕوانیە لاپەڕەیەکی دی، منیرەی خوشکی بەگریانەوە باوەشی پێداکرد..

کاکە گیان بگەڕێوەو بۆ ئێمە کۆستێك بەسە، توخوا کاکەگیان...

هەر لاپەڕەیەك وێنەیەك، خزمێك، خۆشەویستێکی جێماو کۆمەڵێك بیرەوەری.

ئالبۆمەکەی فڕێدایە سەر عەرزی و دەستی کرد بەچاڵ هەڵقەندن، یەك، دوو، سێ، چوار، پێنجو.... لەپێش هەموان دا دایکی ناشت. پاشان براو خوشكو سارای خۆشەویستی و خزمو دۆست و ئەوەی بەبیری دا دەهات هەمویانی لەگۆڕنا، کاتێك لەناشتنیان بۆوە، وێنەکانی ئالبۆمەکەی دەردێناو لەسەریەك کەلەکەی کردنو شەمچەیەکی پێوەنا. بەدەم سووتانی وێنەکان هەناسەیەکی پڕ لەحەسرەتی هەڵکێشاو بەئاورەکەی جگەرەیەکی داگیرساند و بۆلای تاقە دار گەڕاوە، لەسەر پەتۆکە دانیشتو دەستی دا کتێبەکەو بەئاسوودەیی ملی لەخوێندنەوەی نا.

*





- ڕەشستان
- یارێکم هەیە لە خۆمدا
- پەرتبوونی ئێوارەکان
- دڵۆپاندنی قەیرانێکی نامۆ
- پرسەی چوار چناری پاییزی

# رەشستان

**بۆ.. سوهرابی سوپهری**

**سەلاحە ڕەش-سلێمانی/ 2004**

**تۆ خەڵکی کاشانی**
**من خەڵکی هەڵەبجەم ..**
**تۆ لەتێك نان شك دەبەی**
**منیش هەروەها..**
**دایکی تۆ .. نیانترە لەگەڵای درەخت ..**
**بەڵام من بیرم نایە دایکم باشتر بوو یا نا ..**
**ئەشێ ڕەچەڵەکی تۆ بچێتەوە سەرگیایەك لە هیند**
**ئەشێ ڕەچەڵەکی منیش بچێتەوە سەر ئەو گەواڵە هەورەی ڕەشەبایەك هەڵی پێچا...**
**تۆ خەڵکی کاشانی**
**من خەڵکی هەڵەبجەم...**
**هەڵەبجە:**
**کەمێك لەخوار کۆڵانێکی تاریکی توناو تونی جەهەنەمو**
**زۆر لەسەروی جۆگەلە شەرابی بەهەشت...**
**نەختێ خوارتر لە نێڵە نێڵی نەفخی سورو**
**زۆر لەسەروی دیداری برژانگەکانی حەقیقەت**
**نزیك لەدیرۆکی گومان و**
**دوور لە هەوارێکی یەقین**
**ئاشنا بە حیکایەتەکانی مەرگو**

نامۆ بە بەستەکانی ژیان

ئەوەمنم لەوێڕا ژیان بەڕێم دەکا...

منم.. کە ژیان پێم دەڵێ:

بڕۆ.. تازە چیتر فرسەخێ نەماوە بۆ گەیشتن بە لوتەکەی مرادی

پێم دەڵێ: کەتۆ بەدیار لاوکی دەنکە هەڵوژەیەکەوە ڕادەمای

کە دار هەڵوژەکان لە ڕەگەوە هەڵکێشران

ئیدی ماتەڵی چیت؟!

دەنگ بەرز دەکاتەوە دەڵێ:

تۆ لە هەڵهاتنی مانگدا تەماشای ئاسۆیەکی بولێڵ دەکەی...

لافاوی بەهارێك ڕات دەماڵێو.. ئەو هەر نایەت

شەختەی زستان ڕەقت ئەکاتەوەو.. ئەو هەر نایەت

ڕەشەبای پاییز لوولت ئەکاو .. ئەو هەرنایەت

قرچەقرچی گەرمای هاوین دەتخنکێنێو.. ئەو هەرنایەت

لەژماردنی ژمارەکان وەڕس دەبیو

ئەو هەر نایەت

ئەو هەر..

ئەو..

هەر..

من لەو جێگایەدا ژیان بەسەرم دەبا

کەلە نهێنیەیە شینەکانی ئاو تێناگەن...

ئەو جێگایە..

تەفسیرێکی تر بۆ ئەودیو خوێندنی باڵندەیەکی تیانیەیە...

نامۆ بە زریکەی هەڵوەرینی گەڵای درەخت...

بێباك لە ناسینی ئای ئایەکی گەروی شمشاڵ...

بێخەم لە دابڕانی دوو عاشق

کەس لە وڕێنەو بۆڵەبۆڵی شێتێك ناگا کە دەیەوێ حەقیقەتێ

بگێڕێتەوە..!
کەس گوێ لە گۆرانیی لاڵێك ناگرێ...
کە دەیەوێ ئاسمان پڕکا ..!
کەس..... کەس...
کەڤاڵێکی ڕەنگاو ڕەنگ
نمایشی چاوە کەسکەکانی نابینایەك ناکا..!
تۆ لەودیو هیچستانەوە دێی ..
من لەودیو ڕەشستانەوە دەڕۆم..
ڕەشستان.. ئەو جامەدانی‌یە بوو
هەموومانی ڕەش هەڵنەگەڕان ...
تابلۆیەك بوین بەفڵچەی (با)
ڕەش هەڵگەڕاین
لەودیو ڕەشستانەوە دەڕۆم
نیشتمانێك شك دەبەم
لەچاوی شەو ڕەشترە...
خەڵکی کاشانی.. خەڵکی هەڵەبجەم
شارانت دی.. شارم گیرا...
دەستانت دی.. دەستم بڕا..
ئاوت بینی.. ئاو لە تینوێتیدا خنکا
خاکت بینی .. بووبە سوتە مەڕۆ...
شاری تۆ ون بووە.. شاری من کوژراوە...
تۆ موسڵمانی و قیبلەت گوڵە باخێکە ...
من ئیسلام کرام و ئیسلامیش کوشتمی...!
ئێوارەیەك مەرگی ڕەشستانم ببینە
شەڕی مەرگی ئێمە و شەقام ببینە
شەڕی مەرگی ئێمە و کۆڵان ببینە

**شەڕی مەرگی ئێمە و هەنگاو..**

**شەڕی مەرگی ئێمەو (با)..**

**شەڕی مەرگی ئێمەو ژێرزەمین..**

**مەرگی ئێمەو بۆنی سێو..**

**مەرگی ئێمەو هەناسەیەك..**

**شەڕی مەرگی ئێمە و مەرگ..و مەرگ.. ببینە**

**مەرگی ئەو خوێندکارەی دەیویست بۆ وانەیەکی نوێ لەخەو هەستێ**

**و بەڵام..**

**مەرگی ئەو باڵندەیەی کە دەیویست بگەڕێتەوە بۆ**

**هێلانەکەیو، بەڵام**

**مەرگی ئەو کچەی دەیویست سنگی بۆ عاشقەکەی**

**بکاتەوەو، بەڵام ...**

**مەرگی ئەو مناڵەی دەیویست ماچێکی تری**

**دایکی بکاو، بەڵام ...**

**مەرگی .. بەڵام..**

**مەرگی .. مەرگی.. مەرگی ...**

**بەڵام.. بەڵام.. بەڵام..**

**بریا تەنها بۆ ساتێکیش چرایەکت هەڵئەکردو،**

**بەشەوە زەنگی ئەم ڕەشستانەدا تێئەپرێت**

**بریا تەنها جارێك وەك ڕێبوارێکی ساتە وەختی،**

**دەهاتیت و زام بەزامی ئەم جەستەیەت ئەپشکنی**

**بریا تەنها جارێك لە لەرینەوەی پەردەکانی شەو ڕائەمایت**

**ئەوسا بەژیان بڵێی: با دەرگاکانی ڕوناکی شەو ژەن نەکا،**

**دیلێك دەیەوێ بیکاتەوە**

**بەژیان بڵێ: با تروسکایی ئەم ئێوارەیە نەکوژێتەوە**

**ڕێبوارێك دەیەوێ بگاتە مەنزڵ**

بەژیان بڵێ: کۆرپەیەك خەریکە لەدایك دەبێ
دوو عاشق بەرەو ژوان ڕێ دەکەن
درەختێك چرۆ دەکا
منداڵێك بەر لەوەی بگاتەماڵەوە،
هاواری فرۆشتنی دوا ساردەمەنی ئەکات
بێوەژنێك هێندەی تاڵە دەزوویەك هیوای بە پیاو ماوە
پەپولەیەك سەیری شەونمی گوڵ ئەکا
بەژیان بڵێ:
بەرلەوەی هەنار دەم کەل بێو هەنجیر قراڵە و لیمۆ زەرد بێ
باکەمێکی تر چاوەڕوان بێ
ئەوسا پیاوێك بە شەقامێکدا ڕەت ئەبێ، دڵی پڕیەتی لە عەشق
کچێك لەبەر خوڕەی ڕێژنە باراندا خۆی ڕوت ئەکاتەوە و
گوناهەکان ئەشواتەو..
بەژیان بڵێ:
تەنها مۆڵەتێکی تر..
مۆڵەتێکی تر..
مۆڵەتێکی تر..

تێبینی:
*ئەم شیعرە گفتوگۆیەکە لەگەڵ (سوهراب)، بە مەبەست دێڕەی شیعری (ئەو)ی تیا بەکار هاتووە.
*لەرینەوەی پەردەکانی شەو: ناونیشانی شیعرێکی (عیرفان ئەحمەد)ە .

# یارێکم هەیە لە خۆمدا

عومەر عەبدول

**کە ئەبینرێم ونابینرێم**
**کە ئەوترێم و ناوترێم**
**کە ئەکوژرێم و ناکوژرێم**
**یارێکم هەیە پێم دەڵێ ..**
**پێم دەڵێ : بەتینی چاوەکان نییە کە ئەبینرێیت و نابینرێیت**
**بە سیحری ووشەکان نییە کە ئەوترێیت و ناوترێیت**
**بە دەردی دڵ نییە کە ئەکوژرێیت و ناکوژرێیت**
**لە خۆتایە کە ئە بینرێیت و ئەوترێیت و ئەکوژرێیت !!!!!!!!**
**یارێکم هەیە لە خۆمدا**
**لە ماسییەکی لوس ئەچێ**
**فێری غرورم ئەکا لە بڕینی مەرزەکانا**
**کەویستی دێت**
**کە ویستی دەڕوات**
**دێت و بێئاگا لە هاتن**
**دەڕوات و بێئاگا لە ڕۆشتن**
**لە عاریفێکی گۆشەگیر ئەچێ**
**فێری حاڵم ئەکا لە تەفسیری ووشەکانا**
**پەنجەرەکانم لێ ئەبەستێ**
**عیرفانم لێ ئەشارێتەوە**
**تامی زیکرم لێ حەرام ئەکات**
**گەمەیەکی سەیرم پێ ئەکات**

ئەوسا پارچەکانم هەڵئەگرێتەوە و
شکانەکانم دەکاتەوەبە یەك
یەك جۆر بینین
یەك جۆر ووتن
یەك جۆر مردن !!
یارێکم هەیە لە خۆمدا
لە خۆزگەیەکی تەریو ئەچێ
نە سەرو قژی لە پەنجەکانم گیر ئەبێ و
نە لە حەوزی خەیاڵەکانیا مەلەم پێئەکرێ
لە خۆمدایە و
لە هە ڵمی کانییەکی تۆراو ئەچین
0
بەیانیان بەگەرمیئاوێتە ئەبین و
ئێواران بەساردی جیا ئەبینەوە
یەك باڵی شکاومان هەیە پێی دەفڕین
یەك سەرەتای بێ ئیرادەمان هەیە پێی دەناسرێینەوە
نە دارستانێك لیاقەی سەوزیمان دەداتێ
نە قاچەکانمان گوڕی عبور
نە ئاوێك لە هەیەجانی ڕۆحیا ئاوێزانمان ئەکات
لە خۆمدایە و
زەمەنێکی دورە ئەیناسم
وەختێ میوە کاڵەکانی بەهەشتی لێم فڕاند
وەختێ بەرسیلەکانی حەیای تکاندە لێوم
وەختێ ماچی ڕەشی بە ڕومەتمەوە لکاند و
لە ئاینی گەڵاکان هەڵیگێڕامەوە
من بومەوە بە مشتێك ئاوی ڕوون و
لە ناو پەنجەکانیا غەرق بووم

له ناو خۆما خنكام !!
یارێكم هەیە لە خۆمدا
وێنەكانم ئەشكێنێ
ڕەنگەكانم لێ ئەشارێتەوە
دەمباتەوە بۆ كۆڵانە جاویدەكەی خۆم و
پڕم ئەكاتەوە لە گوزشتەی كاڵ
دەمباتەوە بۆ حیكایەتەكانی خۆم و
پڕم ئەكاتەوە لە پاڵەوانی ترسناك
دەمباتەوە بۆ بۆشاییەكانی خۆم و
پڕم ئەكاتەوە لە   هیچ
ئەفسانەی بەرزیم پێ ئەبڕێ
بە فەلسەفەیەكی كول
نشێوەكانی ئیدراكم پێ ئەبڕێ
بە قاچێكی ڕووت
ئەمڕۆی غاری خەیاڵاتم پێ تەی ئەكا
بە ئەسپێكی هیلاك و
بە بوراقێكی شەكەت !!!
ئەی یار لە خۆمدا وەرە دەرێ
باڵەكانت لە بە ستێنی شەو هەڵ پێچە و
00
فوبكە بە سولالەی كۆتاییەكانا
هاوار بكە .........
دواین لەززەتی فڕین
كۆتایی شەققەی دڵنیاییت ناداتێ
هاوار بكە ......
ئیشتیاقی گەورەبوون
ترسە لە حزووری چۆڵەوانی

پێڵاوی شۆستەیەکی شکاو
ئەم هەموو قاچە چۆن ئەگرێ
سێبەری دار مێوێکی هەرزەکار
دەمی ئەم هەموو مەخلوقە چۆن ترش ئەکات
بە تەنهایی ئەبێ باڵەکانمان بە زەویدا بخشێنین
تابلۆی کێڵەکانمان ڕەنگ کەین !!
لەخۆمدا وەرە دەرێ ئەی یار
بمکە بە ماڵێکی چۆڵەوانی و
بۆ ئەبەد دەرگاکانی داخە
بمکە بەمێژوویەکی تفت و
لە بیری خۆتم بەرەوە
بمکە بە شمشێرێکی شەهوانی و
جەهلەکانمی پێ سەربڕە
با خاڵی ببمەوە لە گوناه !!
ئەی یار فێرم کە چۆن لە خۆم دەرچم
دەرچم و لە مەزهەبی دەرکەوتن هەڵبێم
دەرچم و تۆفانی شەیتانەکانیش تەڕم نەکات
فێڵی موریدەکان ، لە حونجەی عەشقم نەتۆرێنێ
با ئەوە من نەبم ئەی یار ........
وێنەکان بۆشاییەکی ڕەنگم پێ پڕکەنەوە
با ئەوە من نەبم
دەلاڵەکانی ناو خۆم
پارچە پارچە هەڕاجم کەن
بەرگەی ئەم مەرگە ناگرم ئەی یار
من ئێستا پڕم لە خۆم
من ئێستا لە خۆم ئەڕژێم

له خۆم ئەڕژێم و خاڵی نابمەوە لە هەیەجان و هەڵچون
له خۆم ئەڕژێم و دوایی نایەم لە ئافاتی تێربوون
000

فێرم کە چۆن لە خۆم دەرچم ئەی یار
فێرم کە چۆن لە تۆ دەرچم
من و تۆ دوانەیەکی دۆڕاوین
گەنجانە هاتین و
شێتانە دەڕۆین
هاتین و بێئاگا لە هاتن
دەڕۆین و بیَ ئاگا لە ڕۆیشتن
دەڕۆین وەکو قومرییەکی سەرخۆش
بۆن بە شوشەی بەتاڵەوە ئەکەین و
بە پارچەی شکاوی پێکی مەست ئەبین !!
فێرم کە چۆن دەرچم و سەوزایی دارستانێك نەمگرێتەوە
من ئیتر سوتماکێکی ڕەنگ بزر بووم
پەلو پۆکانم ئەبنە گەردەلول و نوقمم ئەکەن
ماسییەکان مەرگی تەنهاییم دەردێنن
لە ناو خۆما ئەمخنکێنن
ئەی یار لە خۆم وەرە دەریَ و
فێرمکە چۆن لە خۆم دەرچم
کوپە ژەنگاوییەکەی ڕۆحم ، قودرەتی نییە مەستم کات
ناتوانیَ پەڵەی سەر ڕومەتی( تریَ )یەك لابا و
بۆ ساتێك لە شیرینی دووری خاتەوە
ناتوانیَ زمانی هەناریَ دوور خاتەوە لە ترشی
ناتوانیَ پشتێنی قەفیَ نێرگز بکاتەوە
ناتوانیَ پەرچەمی شۆڕەبییەك بباتەوە پشتی سەری

نەعنایەکی پیَ دوور ناخرێتەوە لە چەم
ماڵە تاریکەکانی مناڵی نابینیَ
شەڕە ئاوی کتێبەکانی نایەتەوە بیر
ووشە بە ووشە و پیت بە پیت
بە دوای ڕوتیدا ئەگەڕان
جەسارەتە ئەی یار........ وەرە دەریَ
پیتاکی ئەم جەنگە کۆکەرەوە و
سەنگەر بە سەنگەر خۆت هەڵتەکێنە
هەناسە بە هەناسە خۆت بکوژە و
تەنها تەنها وەرە دەریَ
وەرە دەریَ کە ناتوانی
من دوور خەیتەوە لە خۆم و
0000
پاکم کەیتەوە لە خۆت
وەرە دەریَ کە ناتوانی
هەرێمی ئەم سوڵتانە کوێرانە بڕی
کە ناتوانی پەردەی ئەم تیلماسکە تاریکانەی شەو
بدەیتەوە دەست بێدەنگی
هەرای هەرچی شەپۆلی سەرشێتە
بخەیتەوە ناو ئەلبومێکی مات
بخەیتەوە ناو سورەتێکی بیَ (نیگا)
کە ناتوانی وەرەدەریَ ئەی یار
لەم چرچ ولۆچەی تەمەنا
لەم لێواری هەرزەکاری و
لەم ڕوتەنە بیَ خاکەدا
وەرەدەریَ کە هەرگیز ناگەیتە سەوز بوون
وەرە دەریَ کە هەرگیز ناگەیتە بالأی خۆت !!

منی لە خۆم دەرچوو بسپێرە بە قەدەرێکی ناوەخت

بمسپێرە بە چارەنووسێکی نادیار

بمسپێرە بە قیامەتی گوڵێ

لەسەر پەڕەی یاخیبونم حەشرم کات و

لە ناو ڕەگی میهرەبانیا بمسوتێنێ

منی لە خۆم دەرچوو فڕێدەرە ناو دۆزەخی شەیتانەکان

بمخەرە تاقەکانی خلود

دامپۆشە بە قانونی خەفەبون

بێهۆشمکە بە مەسلەکی دێوانەکان

سەرمبڕە وەکو کافرێکی جاهیل

هەڵمواسە وەکو مەسیحێکی گوناهبار

بمکە بە عیبرەتی زەمان

ڕووت ڕووتم کەرەوە ئەی یار

ئەوسا لەخۆم وەرە دەرێ

پارچە پارچە بمدڕێنەو بمکە بە تۆز

بمکە بەناو خودی خۆما

بمبەرەوە بۆ لای بینین

بمبەرەوە بۆلای ووتن

بمبەرەوە بۆ لای مردن

بیکە بە عادەتی خۆت ئەی یار

کە پێم دەڵێی :

00000

لە خۆتایە کە ئەبینرێیت

لە خۆتایە کە ئەوترێیت

لە خۆتایە کە ئەکوژرێیت !!!!

*

# پەرت بوونی ئێوارەكان

بەهار مەحمود

لەگەڵ ئێوارانی دەمەو ئاوابوندا
كام سەمفۆنیا
ئاوازی ماڵئاوایی و ئەبەدیەت رێكئەخا و...
سەر بە ماڵی هیچمانا ناكاتەوە
شەهیدانە لە گۆرستانی تاقی ئێوارەیەكا ورد و خاش ئەبێت
لە دوو رێیانی مان و مەنفادا
ناكرێ رەنگەكان ئەزبەر نەكەین و
تراژدیای خودێك رەها نەكەین بە قسەگەلێكی چەسپاو
چەسپاو بەسەر ریتمی دیوارێكەوە...
لە درزی تەنكترین گومانەوە
نوێنەری پرسیارگەلێك دێت و
لە هێڵی فڵچەیەكا
وێنە جۆراوجۆرەكان ئەخاتە پەراوێزی كەڤاڵێكەوە...
ئالێرەوە رەنگێك نیە بۆ بەرجەستە كردن
تا ئارایشی شێوەكارێك
بێنێتە گۆ!.
ئەم ئێوارەیە
موتریب ئاسا...
تەواوی گۆرانییەكان سەرنج ئامێز بوون
بۆ پیا هەڵدانی شەنگی كچێكی تەمرێژ...
تەمرێژ بە لاولێوی ئۆرگانێكی شێواوەوە!
ئەم مەغریبە
سەرینی چەقۆیەك هاتە بن سەرم
بە ئاسۆیی شەرەف نوشتایەوە لە بەرپێی سەرەك هۆزی چەقۆكان،

تا واز لە سەربرینی کچە کریستاڵییەکان بێنن
ئەم مەغریبە موعتادە...
ئالأیە کچێنیمەوە!
بە چنگی نەزرکترین مەراقەوە شپرزانەتر گوزەری کرد بە لەحزەکانی ئێوارەیا و
هەڵتکایە ناو تووولەرێی یاخی ترین عاشقەوە...
ئەم مەغریبە
لە قەراغ زنەی شەهامەتا
دەستی ئەو ئاوەم گوشی
کە پێ ئەچێ بە زەنگوڵە فرمێسکی دایکم خولقانی و
بایەکی رەش خەریکە سەرپۆشەکەی ئەبا...
ئای چەنێ رقم لەو بایەیە
وەختی لەعەدەمەوە دێت و تەمە نەگوڵاڕییەکەی کچێنیم
ئەیا بەدەم هەژمونی پیاوێکی تورەوە!..
ئەم مەغریبە
لەزەت دەمی خۆزگەی پڕ کردم لە بزاوتی لاساری و
حەقیقەتم شیتاڵ کردەوە
لەبەر زایەڵەی بوخچە هەورێکی سەرکێشدا
ئێستا دەرونی من مەعبەدێکە دەیان دووعای تیا کوژراوە
دەیانپارانەوە ئەخنکێ و
باڵ ناگرێ... و بەرز نابێتەوە بۆ لای خوا...
ئەم مەغریبە
دڵۆپی سەما نارژێتە کەمەری لەزەتەکانمەوە
تا بە ئاوازە نەبیسراوەکان لە شەقەی باڵ بدەم و
لە پانتایی خەیاڵگەلێکا
هێدی هێدی ئارام ببمەوە...
بەستونی دەنگە نەشازەکانی پیاوێك
تێکەڵ بە روئیای نەریتەکانم ئەبێ و
هاوسازە لەگەل قەیرە بوون
لەتیا نووسی کچێکی رەنگ نارنجی...

ئەم ئێوارەیە
مارشی ئاوابوون لەبن گوێی شارمەوەدێت و
زاکیرەم پڕ ئەکا لە چێژی ئەزەل
لە پڕێکا تل ئەبمەوە نێو کۆشی خەم...
ئەم ئێوارەیە شکا!
ئەوەندە شکا پارچەکانیم بۆ کۆ نابێتەوە و
فۆرمەلە نابنەوە تا جارێکی دی لە هێشوی کات ژمێرێکا هەڵی واسم،
بە تەوێڵی ئەم ڕۆژژمێرە سەیرەوە!
زۆر سەمەرەیە ئەم ئێوارەیە
خەریکە لەهزری ئاوێنەیا کاڵ ئەبینەوە
هێندەی هەنارێکی دەرپەڕیو،
کاتیٚ ڕوت ئەبینەوە لە ناو دێرێکی حەراما...
ئەم مەغریبە
ئامۆژگاری بەیانیم کرد:
بەر لەوەی کازیوە بئاڵێتە قەدی دنیا
ئەو بێت و ستایش لەبەر پێی شەوا بکا و
ناوچاوانی ئەو ئەستێرەیەش ماچ کات
کە ئەمشەو بە نیازە بخزیٚ... نەبا کاروانێك بە تریقەی نیگاکانی تەفرە بات و
لە ڕوناکی مانگەشەوی بئاڵێنیٚ...
ئەم مەغریبە
هەزاران نەورەس لە بەرزایی ئاسمانەوە...
لەو دوورەوە
گەرانەوە کەنارە شکاوەکان و
هەڵچنران بەلاجانگی دەریاکەوە...
ڕیز ڕیز ئامادە بوون تا لە خاچی کانارەکان بدرێن!
ئەم مەغریبە
تکام لە چۆلەکەکانی سەر کەپرەکەمان کرد
چاوی بەرسیلەکان دەرنەهێن و
ڕۆحیان نەدەن بەدەم گڕەی هاوینەوە

ئیدی بە هەنگەکانیشم وت:
بەسە لستنەوەی گۆنای گوڵەکان
با پێش وەرین بەگڕی لێوتان هەڵنەقرچێ!!
لە دوایین مەغریبا، دەنگی کەنارییەك رژایە هەستمەوە
بە لێدانی دڵێکی لەت و پەتەوە
وردە یادگارییەکانی فرێ ئەیایە ناو بیرکردنەوەم!
ئەوسا منیش،
بە هەناسەیەکی کوت کوت و سیەکی هەڵاوساوەوە
تاووتۆیی شینە ژانی پرچەکانم بۆ ناکرێ و
(ئاوێنە).. روخسارەکان تەڵخ تەڵخ پیشان ئەیا و،
رۆژگار وەفای بۆ کەسمان نیە...
ئێمەش تا دێ
مێژەری شەهادەت
لە کەللەی بەتاڵمان
نابێتەوە!...

*

# دڵۆپاندنی قەیرانێکی نامۆ

ترێ مەحمود

دڵۆپاندنی قەیرانێکی نامۆ
من ئەو کەسەم هەمو رۆژیك
لەجەنگەڵێکدا...
گەورەدەبم و
هەمو ساتیك لە  نێو ئەم ئاشوبەدا کۆلاچ دەکرێم
تا گەورە بوونم
قەیرانی ترس و شەرم
باڵ ئەکێشی بەسەر تەواوی
جەستەمدا
رۆژیك هەورە تریشقە
دووکارگ لەسەر سینەم
هەلئە تۆقێنی و...
رۆژێکی تر..
گیایەکی چڕ لەسەر پێدەشتی گیانم
سەوز ئەبێت
ئای ئەو ساتەی دڵ
گەورە ئەبێت..
ئای ئەو ساتەی دڵ
گەورە ئەبیت..

دەست بەقەبارەی گەورە بوونی دڵ
ئەبێتە میناتۆر
مەحاڵە بگاتە بوون
من کچم کچ..
بەقەت قەبارەی خۆم
ناسکم..
بەقەت تێڕوانینی ئەو
پچوکم
بەقەت باڵای خەونەکانم
مەزنم
دوندێکم بۆ بەختەوەری ئەو..
سارایەکی وشکم لە نێو خۆمدا
بونیکم ئەویٚ
یەقینی کچ بیٚ
پۆستاڵی ڕەشی تارماییەك
هەمو شەوێك
پیٚ لەسەرینەکەم..دەنیٚ
شەڕانگیزترین نیگاش
خۆلەقەدی ئاوێنەکم ئەئالێنی و
جوانێکانم پێشێل ئەکات
شانە بەوپەڕی بیٚ دەسەڵاتی خۆیەوە
سات ناساتێك
تاڵتاڵی قژم گەمارۆئەدا
ئەو شەوانەی لە خەونمدا
مۆتەکەیەك دەست لە بینم گیر ئەکات
دنیام لیٚ ئەبێتە

**ئاژەڵێکی دڕندەو..**

**کە بە خەبەریش دێم**

**تەنیا چاوی شەوەزەنگە**

**بەڕوومدا دەبریقێتەوە..**

**تووند.. تووند خۆم**

**لەقەدی پێخە فەکەم ئەئاڵێنم**

**تا جارێکی تر**

**خەوی ئاوا نەبینم..**

**نەبینم..**

**ن،ە،ب،ی،ن،م.**

*



# پرسەی چوار چناری پاییزی

سەلاح قادرمەرزی

"پرسەی چوار چناری پاییزی"
پێشکەشە بەچاوە پاییزیەکانی ئەستیرە
بیٚ پیشەکیترین رستە وبەستە، سلاو لەتۆ پاییز
ئەی دەستەرۆی ئەم دەڤەرە.
پاشای مەملەکەتی حەزیاکانی من و ئەستێرە
ئیمە شیاوی پاسەوانی زەردپۆش نەبووین.
گریٚمان بەولاوەتر لەنان و شەرابی ئەم دەڤەرە
تیکرای مرۆڤەکان قێز بکەن لەئەوین حاشا لەچوار وەرز.
واتای کۆتایی وەرزی سەخڵەتی، مانای نیگایەکی خۆڵەمێشییە پاییز.
پاییز واتە زەوییەکی ئەستور لەهەناسە کیشان
رەنگە گشتیان لەم وەرزەدا پڕ بەسەرهاتی دوورەهاتن
قیزەون ترین پەیکەکانی ئەم شارە، ئەستێرە لەسێدارە دەدەن.
هەمووان دەزانن.
ئەم پاییزە، هیمنانەترین روانینەکانی منیان
بەدەم بای سەربزێو بەرەو هەواری ئەستێرە برد.
ئیرە، سەرجەم پاسەوانانی قەلای لیوریژ لەنازی پاییزە
بەدەم ئازار و ژان
تۆوی سەرجەم پاییزەکانی ترن.
هۆی پاییز؟
دوینی شەو کە زریانی شووم هەلیکرد
جاری هەوالیکی لەناو کۆلانەکان دا.

وتی چەند کۆڵان واوەتر
چوار چنار لەژێر پەردوی قیزەون ترین تاوانەکان
پرسەی یەکتر ئەگێرن.
یەکەم: دایکم بوو، وتی،
کورم! خۆت و ئەستیرە بفرن،
بالگرن بەرەو هەواری پیری باوك
دووهەم: ئەستیرە بوو، وتی
ناخم بۆت ئەسووتێ، گڕ دەگری
سیهەمیشیان: خۆم بووم، بیرم نیە
دایکم و ئەستێرەم چۆن داواند.
تەنیا قولپی گریانیك و سووتانی جگەرەیەك و چەند قسەی سەرو کلك قرتاو
بەلام چوارەم: پاییز بوو، پاییز
نەهاتە قسە هەرگیز
نە چرپەیەك، نە سرتەیەك
خەزانی پاییزی تارمایی دەدا بەپەنجەرەکان
پاش کەمێ باران
ئەوانیش ئەسرینیان دەریژا
منیش گریام، تاسام.
ئەمسال خۆم پاییز،
دایك پاییز،
ئەستیرەش خەزانی پاییز بوو
تۆ بلێی لەم هەوارە سێ وەرزی تر بوونیان هەبێ.
پیاوان و ژنان !
من و ئەستیرە، دوو پاییزی بێفیزین
نە خانەخوێی تەزوی بای سەرسەرین
نە داریکی نارنج ئەبیتە میوانمان.
تەنیا شیعرە و لەچکی دایکم و جگەرەکەی دەستم
دوینی شەو کە لەهاژە و هوژی پەنجەرەکان خەبەرم بۆوە
هەوالی من و ئەستیرە، "با" ئەیپچاند بەگوێی کۆترەکانی ئەوپەری تێل درۆکان و

بۆ تیکرای ناسیاو و دۆست
بروسکه ئەنیرم
هەوالیك لەوە گەرمتر کوا،
هەتا گوێی لێ بگرن و تاو و تویی بکەن.
ئیستا برۆ دریژترین نامەی سال!
ئەی تاسەی کچانی قەیرە
ئەی پەرتەوازی کۆلآنەکانی، منالی
سارد و سرترین نیگاکانم کە وشك بوون
لێگەرین با ئەم چاوەروانیەم قەتیس بمێنێ
سادە، سادە وەك ئەستیرە
وەك خەونەکانی هەرزەکاری
وەك روانینی کچانی باکور لەدوور
وەك هێوریو ویقاری کچانی باشوور
بۆ ساتیکیش بێ دەبا تەنیایی ئەم رۆژهەلاتیە پر ئازارە
هەنگاوەکانم سرتر لەنیگای بێوادەمو تانەی پاییز
لەمال پەرتەوازە دەبیو
بەپیشوازی ژانیکی پڕناسۆر دەچێ.
***
لەدورەوە هەوالی هاتنی بەرد و ئەستیرەیە،
دەلێن:
پاییز دوایین هەناسەکانی زەوییە
شەکەت تر لەپاییز، زەویم گرتە ئامێز
هەتا لەخەمیکی سووردا، تەنیا نەبێ
من ماندووتر لەپەیکەکانی ئەم دەڤەرە باس لەئەستیرە و پاییز دەکەم
کاتێ دایکم لەخەو راچلەکی ئەوەی درکاند.
منو ئەستیرە دوو ئەویندارى پاییزین
دارمیخەکی حەوشەکەمان ووتی.
کاتێ جلەکانی پیشکەش بەپاییز دەکرد.
لەناو چوار وەرزدا، پاییز دانسقەیە.

لاویکی فەلەج پێی وتم
کاتیک بە"ویلچێرەکەی" پیاسەی وەرزی پاییزی دەکرد
پاییز واتە رازانەوەی زەوی
ئەمەش پەنجەرەکان باسیان دەکرد،
کاتیک جیژنی بوونی پاییزیان دەگێرا
دوو رەنگ بوونی زەوییە مانای پاییز
ئەستیرە کاتیک لەتاوانەکەی تیٚ گەیشت ئەمەی بەمن وت!
پاییز منم،
دایکمە،
بەمانای درۆکانی سالەپاییز
گەوالەهەوری چاوانی ئەستیرەیە،...
............
حەز دەکەم بگریم
هەتا پاییز تیٚبگات ئەوە منم کە پاییز ئاسا دەهەژێم
بۆ گولەکان، بۆ شەوبۆ و شەونمەکان
نازانم چەند سالمە پاییز لە پەلاماری پاسەوانانی
زەرد رەنگو سوور پۆش ئەپرینگێمەوە
پارەکە بوو، ژنی هاوسیمەمان وتی:
هەموو پاییزییەك تاسەی پیاسەیەکی سەر شۆستە ئەکەم
دلم تەنگە و
کولی گریان دەمگریٚ!
ئەو سال، سالی وەیشوومەی لیک دابران، بوو
ئەو پاییزەی کە من ئەستیرەم تیدا ناسی
دلم تا مەزرۆی ماچێك و جگەرەیەك و زولفی شیواوی بوو.
سال، سالی سێوی سوور بوو
ئەو پاییزەی کە خوشکم گۆرەوشار کرا،
حەزیای سەفەر و لەچك و یاس و سترانیکی خەمینی ئەکرد.
سال، سالی باران بوو،
هەموو ساتیک بۆ نیگای پاییز ئاسای ئەستیرە دلم دەکەوتە لیدان.
نگاری ئەم پاییزەیان بەکام بۆیە رەنگ کردوە،
کەوا نیگاکانی کەسیرە بوە.

ئەزانن پاییز بەرهەمی من و شیعر و دلتەنگییەکانی ئەستێرە بوو.
خۆزگە ئەتانبینی و لیرە ئەبوون.
دوینی شەو کە بۆ لێنووسی شێداری رۆندکاوی شیعرەکانم ئەمروانی
هەستم کرد شیعرەکانم بۆتۆن
چ ئەسونێکە لەنێوان من‌و پاییزو لەچکی ئەستێرە
بۆچی کە من، نووکی خامەو زمان
هەر باس لەئەستیرەیە.
بۆچی ؟
هیمای روناکی تەواوی پاییزەکانی خۆم‌و ئەستیرە ئەکیشمەوە.
شەوی راڤین، کەلای ئەستیرەکەم گەرامەوە
نازانم بۆچی، بەگۆرانیەکی حەزینی پاییزی ئەسپاردم
ئاخ، ئەستیرەکەم بیرم نەبوو،
گەر ئەتتوانی
دەسماڵێك بەئاسمانا بخشینە
زەریش لەخۆل‌و خاشاك پاك بکەرەوە
خانە خوێین و میوانمان لەرێ دایە
زەمەنی هاتنی پاییز بۆ بینینمان نزیکە
ئەستیرەکەم دل بەخەم مەبە
منیش هەناسەم لەگەرودا قەتیس ماوە،
خۆزیا ئەبوویت و بەچاوانت ئەتبینی
ئەلیم بفرم بۆ دوور، زەمەنیکی دوورتر
هەتا نیزیك وەشەکانی ئەستیرە
بەئەسپایی هەتا پاییز هەتا هێور، هێور
لەژیر پۆستالی پاسەوانی پاییزیکا،
لاشەم ژیر خاك ئەخەن
خۆزیا ئەبوویت و ئەتبینی.
دەلین کیژیکی سپی پۆش بەریوەیە،
پەلەقاژەی هینانە ژیر رکیفی ئەم دەقەرە دەکات.
زەمەنی هاتنی ئەم ئەفەسوونە، پەپوولەیەك درکاندی

بەپاسەوانانی پۆستاڵ ڕەش بێژە،
ئێرە مەنزڵگەی ماکەی سپی ڕەنگێکە
پاییزەکەم!
خۆشەویستی ڕۆژانی دڵتەنگی من و ئەستێرە،
ئەمجارەیان کە هاتی بۆ سەردانمان
پەنجەرەیەکی پڕ ئەستێرە و عەسایەك و جگەرەیەك
لەگەڵ خۆتا بەدیاری بینە.
هەتا تۆ دەئاژۆیی، ئەستێرەکەم ئاوا دەبیو
منیش شاعیرێکی پەك کەوتەی بەسالا چووم
دڵم تەنگە و کوڵی گریانم دێ
ئەستێرە:
پاییزیش ماڵئاوایی کرد لێم،
خۆزگە لێرە بوویت و ئەتبینی.

*





# تۆشوو

- کۆرتەیەك لە ژیانی ئەستێرەیکی درەوشاوە
- یەکەمین ترپە ئەڤینداریيەکانی دڵم
- بروا بکەن بە سەرەتای وەرزی سەرما
- چاوگێڕانێك بەسەر شێعری ئەمڕۆدا
- شۆرو شەوقی ڕزگاری لەشێعری فروغ دا

# کورتەیەك لە ژیانی ئەستێرەیەکی درەوشاوە

ن: بێهزاد کەراچی

و: کەیوان ئەفروزە

لە8ی بەفرانبار لەتاران گەرەکی ئەمیریە کۆڵانی خادمی ئازاد لەدایك بووە منالی سێهەم لەبنەماڵەی سەرهەنگ محەمەدی فەرروخ زادو تورانی (بتول) وەزیری نیا بووە و خوشکیو براکانی بریتی بوون لە: پوراندۆخت ئەمیر مەسعود" فەرەیدون" گلوریا" مێهردادو مێهران"

1316

هاوینی ئەو ساڵەی لەنوشەهر بەسەر برد ئەویش بە خاتری شوغلی باوکی کە لەئیدارەی ئەملاکی مازەندەران دا بوو لەتەواوی دەورانی منالیدا دوپات دەبۆوە.

1329

ئەوەلین بروسکەکانی کرانەوەی زێهنی هاروهاچی لەگەڕەك دا کە تاچەند ساڵ دواتریش درێژەی دەبێ"

13120

دروست کردنی پاکەت لەرۆژنامە کۆنەکان کەباوکی بەزۆری ئەوکارەی پێچە دەکرد تاکوو لەگەڵ چۆنیەتی وە دەست هێنانی پوول ئاشنای کات کە لەساڵەکانی دوایی دا درێژەی دەبێ.

13125: چون بۆ دەبیرستانی خوسرەوی خاوەران

1326" نوسینی غەزەلی ئاشقانەی کە لەترسی باوکی دەیاندرێنیو چاپ ناکردرێن.

1327 باوکیان جارێکی تر زەماوەند دەکاو ئەو زەماوەندە شوێنەوارێکی خراپ لەسەر روحیەی منالەکان دادەنی

1328 بەشداری لەکلاسەکانی وێنەکێشانەوەی عەلی ئەسغەری پەتگەر رۆیشتن بۆ هونەرستانی ژنانەی کەمالەلمۆلك و فێربوونی خەیاتیو هەروەها فێربوونی وێنەکێشانەوە لەژێر چاوەدێری بێهجەت سەدرو عەلی ئەسغەری پەتگەر و مەهدی کاتوزیان کە دوای زەماوەندی بەناتەواوی بەجێیان دێڵێ.

زەماوەند لەگەڵ پەرویزی شاپور جیرانی پشتاوپشتی ماڵەکەیان کەنەوەی پوری دایکی بوو

له23ی خەرمانانی ساڵی 1328 بە 15 ساڵ جیاوازی تەمەن" نیشتەجێ لەئەهوازو ئابادان لەلای پەرویزی شاپور

1330 نەسازان لەگەل پەرویزی شاپورو گەرانەوە بۆ ماڵی باوکی لەتاران و چاپکرانی ئەوەلین شێعری بەنێوی گوناح لەگوڤاری رۆشنفکر لەلایان فریدون مشیری

*نارەزایەتیەکی زۆر توند بۆ چاپی شێعری گوناح

*بەدوای دژایەتی کردنی باوکی لەگەڵ شێعری گوناح لەماڵی باوکی دەرواو لەشەقامی شاه وەتاغێك بەکرێ دەگرێ.

*گەرانەوە بۆ ماڵی پەرویزی شاپور

1331 لەدایك بونی کورەکەی بەنێوی کامیار له27ی جۆزەردان. بلاوبونەوەی ئەوەلین کتێبی بەنێوی (ئەسیر لەوەرزی بەهار) پەرەسەندنی ناکۆکی لەگەل شوەکەی بەدوای چاپ و بلاوبونەوەی ئەسیر بارودۆخی خراپی روحی و بەستەری کران لەئاسایشگای رەوانی رەزائی 1332 گرانەوەی بۆ تاران لەگەڵ پەرویزی شاپور.

1333 چاپی شێعری (بۆ خوشکەکانم) لەژمارە 31ی گوڤاری ئومیدی ئیران" شێعرێك کە لەکتێبەکانی فروغ شوێنەوارێك لەوی نابیننەوە

1334 جیابونەوە لەپەرویزی شاپور له17ی خەزەلوەر چەند مانگ لەماڵی توسی حایزی ژیاو دواتر گەراوە بۆ وەتاغێك لەمالەباوکی

*بەستەری کرانی چەند رۆژە لەبەشی ڕەوانی نەخۆشخانە.

*نوسینی چەند چیرۆکێکی کورت و هاوکاری لەگەڵ بلاوکراوەکان بە نێوی موستەعار بۆ گوزەرانی ژیان.

*چاپکرانی دوبارەی ئەسیر بەپێشەکی شوجاعەدینی شەفا

1335 چاپ و بلاوکرانی (دیوار) و گونجاندنی شێعری هەست بزوێنێ گوناح لەو بەرهەمەداو پێشکەشکردنی ئەو بە پەروێزی شاپور.

چەند رۆژ تەمرین بۆ بەڕێوەبردنی شانۆ (بوکی عەروس خوێن) بەوەرگێرانی و کارگەردانی ئەحمەدی شاملۆو لەعنەت والاو توسی حائیزی کە بەراگیراوی دەمێنێتەوە.

*دەستپێکردنی سەفەرێك بۆ ئیتالیاو ئالمان له15ی پوشپەر.

*بەشداری کردن لەچەند فلیم بەناوی سیاهی لەشکەر لەو وەختەی کەلەئیتالیادا بوو.

*بەشدار بوون لەدوبلەبەزمانی فارسی لەژێر چاوەدێری ئالکس ئاقا بابایان لەئیتالیا.

*وەرگێرانێك لەشاعیرانی ئالمانی بەهاوڕێیەتی براکەی ئەمیر مەسعود کە لەساڵی 1377 چاپ و بلاوکرایەوە.

گەرانەوە بۆ ئێران لەمانگی گەلاوێژ. چاپی بیرەوەریەکانی خۆی لەژێر ناوی (سەفەر بۆ ئروپا)

لەگۆڤاری فێردوسی لەمانگەکانی رەزبەرو خەزەلوەر کە دوای 8بەش بەناتەواوی دەمێنێتەوە.

بلاوکردنی چیرۆکی کورتی (بێ تەفاوی) لەگۆڤاری فێردوسی لەسێهەمی بەفرانبار

*بلاۆکردنی چیرۆکی کورتی (کابوس) لەگوڤاری فێردوسی لەدەهومی بەفرانبار

1337 چاپو بلاوکردنی عوسیان (یاخی بون).

وەرگیران لەرێکخراوەی فیلمی گوڵستان لەمانگی خەرمانان بۆ ولأم دانەوە بە تەلەفونو کاروباری دەفتەری و دوای ماوەیەکی کورت سەرو ساماندان بە زنجیرە فیلمەکانی بێ (مشخصات) فێربونی تەدوینی فیلم لەئیبراهیمی گوڵستان 1338 دەسپێکی تەدوینی فیلمی موستەنەدی یەك ئاتەش (ئاگر) بەرێ کردنی بۆ بریتانیا لەلایان ئیبراهیمی گوڵستان بۆ فێربوونی لەبواری تەدوین درێژەی تەدوینی یەك ئاتەشو و نوسینی مەتنو بەشداری لەدەنگ سازی بۆ فیلم لەدوای گەرانەوەی بۆ ئێران“ دەسپێکی بەشداری کردن لەکارگێری و تەدوینی مەجموعەی موستەنەدی شەش بەشی (چشم ئەنداز) بە تەهیەکردنی ئیبراهیمی گوڵستان کە بەرهەمهێنانی ئەو تا دو ساڵ دواتر درێژەی دەبێ.

1339 بازی لەدوشانو دا بەکارگێری شاهینی سەرکسیان کەلەکاتی ئامادەکردندا ڕادەگیرێو بلأونابێتەوە.



1340 بازی کردن لەفیلمی کورتی (خوازبێنی) بەکارگێری ئیبراهیمی گوڵستان دا لەلای پەروێزی داریوش و توسی حائزی و هایدە تەقوا بەداواکاری دامەزراوەی میللی فیلمی کانادا .

*دروستکردنی ئیپیزۆدی گەرما لەفیلمی موستەنەدی دو ئیپیزودی ئاوو گەرماو تەدوینی هەردوك ئیپیزود.

*ناردنەوەی بۆ بریتانیا لەلایەن ئیبراهیمی گوڵستان بۆ فێربوونی سینەما.

*دروستکردنی دو زانیاری تەبلیغاتی بۆ کارخانەی رۆنی پاریس و رۆژنامەی کەیهان.

*بێژەری لەفیلمی (مێهری حەوتەم) بە مودیریەتی دوبلاژ پەرویزی بێهرام.

*بازی لەفیلمی ناتەواوی (دەریا) بەکارگێری ئیبراهیمی گوڵستان لەسەر ئەساسی چیرۆکی (بۆ دەریا توفانی ببو)؟ لەنوسینی سادقی چوبەك لەلای پەرویز“ بێهرام“ رامین“ فەرزادو تاج ئەحمەد

*بەشداری سازکردنی فیلمی موستەنەدی (مەوج ومەرجان و خارا) بەکارگێری ئالن پەندێری و ئامادەکردنی ئیبراهیمی گوڵستان.

*چاپو بلاوکردنەوەی دەوری دوهەمی (دیوار)

1341 سەفەرێك لێكۆڵینەوە بۆ گولخانەی بابا باغی تەورێز لەمانگی پوشپەر بۆ دروست کردنی فیلمێکی موستەنەد لەسەر داواکاری جەمعیەتی کومەك بە گولەکان.

*دروست کردنی فیلمی موستەنەدی (مال ڕەشە) لەگول خانەی بابا باغی لەماوەی 13 رۆژدا لەمانگی پوشپەر" حوسێنی مەنسوری لەگەڵ خانەرا لەگەڵ خۆی هێنایە دەرێ و سەرپەرشتی وی وە ئەستۆ گرت.

هاوکاری لەگەڵ شاهینی سەرکسییان لەوەرگیرانی شانۆی ژانی موقەدەس لەبەرهەمەکانی بورنارد شاو.

1342 چاپ و بلاوکردنەوەی دەوری سێهەمی ئەسیر

بازی لەشانۆی (شەش کەسایەتی لەگەران بەدوای نوسەران) بەرهەمی لوییچی پیراندلو بەکارگێری پەرەی سابیری لەمانگی بەفرانبار

وەرگرتنی خەلاتی باشترین فیلم لەجەشنوارەی ئوێر هاوێرنی ئالمانی بەهۆی فیلمی (مال رەشە) پەسەندکرانی (مال رەشە) لەجەشنوارەی کێنی فەرانسەو وەلانانی فیلم بەخاتری راگەیاندنی پەشیمانی لەلایان ئیبراهیمی گوڵستان لەمەڕ بەشداری کردنی فیلم لەجەشنوارەدا.

*خۆکوژی بێ ئاکام بەخواردنی حەب و دەرمان.

*چاپ و بلاوکردنی (لەدایك بونێکی تر) لەمانگی رەشەمەو پێشکەشکردنی بە ئیبراهیمی گوڵستان

1343 چاپ و بلاوکرانەوەی باشترین شێعرەکانی فروغی فەروخ زاد بەهەڵبژاردنی خۆی و بەشێوەی هەمزەمان لەلایەن بلاوکرانەوەی مرواریدو رێکخراوەی کتێبەکانی گیرفانی

*نوسینی فیلم لەبارەی مەوقعیەتی ژنی ئیرانی

بازی لەفیلمی (خشت و ئاوێنە) بەکارگێری ئیبراهیمی گوڵستان لەلای زەکەریا هاشمی و تاجی ئەحمەدی و پەروێزی فەتی زادەو محەمەد عەلی کشاوەرزو جەمشید موشایەخی.

*هەڵبژاردنی باشترین شێعرەکانی دەوران بۆ کتێبێك کەلەساڵی 1347 بە پێوە زیادکردنی شێعرەکانی یەدوللارو بایی و فەروخی تەمیمی و محەممەدی حقوقی لەلایەن بلاوکراوە بەنێوی (لەدانیمارك هەتا دوایە) بلاودەکرێتەوە.

بلاوکرانەوەی تایبەت نامەی گوڤاری ئارەش لەبارەی فروغ لەمانگی پوشپەر سەفەر بۆ ئیتالیا و ئالمان. چالاکی ئازادیخوازانەی لەساڵەکانی دواتریش دادرێژەی دەبێ و چەند جار دەسگیر دەکرێ.

*وتنی چەند شێعرێکی هاوبەش لەگەڵ ئەحمەد رەزا ئەحمەدی و یەدوڵلا روبایی

1344 بەشداریکردن لەتەدوینی فیلمی موستەنەدی (خەرمەن و بەرز) بەکارگێری ئیبراهیمی گوڵستان.

خۆ پێکدادانی ماشێن لەڕێگای شوماڵو بریندداربونی ئیبراهیمی گوڵستان کە هاوسەفەری ئەوە.

*بە شێعر وەرگێرانی بەشهایەکی تایبەت لەدو شانۆ بە وەرگێرانی حەمید سەمەندەریان.

*خۆکوژی بێ ئاکام بەخواردنی حەبو دەرمان.

ڕوتێکردن لەوێنە کێشانەوە زیاتر لەجارانی پێشوو.

1345 ڕێزلێنان لەفیلمی (ماڵ رەشە) لەجەشنوارەی پزارۆی ئیتالیاو سەفەری چوار مانگە بۆ ئیتالیا

وەرگێرانی زۆربەی شێعرەکانی لەئالمانو سوئێدو بریتانیا.

تەسادوفی ئتوبوسی هەڵگری ئەوو بریندداربونی سەنێشنەکانی تر لەتاران نوسینی نامە لەدیفاع لەچەند مەحکومی سیاسی و ناردنەدەری ئەو نامەیە لەئێران لەلایەن بیرناردۆ پرتولوچی و لابردنی حوکمی ئیعدامی مەحکوم کراوەکان بەدوای دەنگدانەوەی ئەو نامەیە لەچەند بلاوکراوەی خاریجیدا.

لەڕێ لادانی ئوتومبیلەکەی بەژمارە 1613 26 لەمەسیر بەخاتری پێشگرتن لەپێکدادانی لەگەڵ ماشێنی هەڵگری قوتابیانی سەرەتایی شاریار لەقوڵهەکسی تاران بەژمارەی 1628 ت 19 و هەلدێرانی لەشەقامی لوقمانە لدولە لەدروس ی تاران راگواستنی بۆ نەخۆشخانەی هیدایەت لەقولهەك و دواتر بۆ نەخۆشخانەی رەزایەهلەوی

لەتەجریش و مردنی لەپێش دەستپێڕاگەیشتنی دوکتور لەرۆژی 24ی ڕێبەندان دەفنی لەگورستانی زەهیرە لدەولەلەدەربەندی تاران لە26ی ڕێبەندان.

*



# یەکەمین ترپە ئەڤین
# دارییەکانی دڵم

ن: عومران سالحی
و: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

خوێندنەوەیەك بۆ نامەکانی فروخی فروخزاد (نامەکانی فروغ بۆ پەروێز شاپوری هاوسەری)

کامی گیان:

ڕۆژگارێك کە فروغ ئەم نامانەی بۆ پەروێز دەنوسی، بیری لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێك لاپرەسەنی "فزولی" گەڕەك پەیدا دەبێو دەست دەخاتە نێو نامە تایبەتیەکانیەوە. ئەو نامانەی کە هەندێکیان بەهەزار ترسو لەرز نوسراونو بەهەزار دەردەسەری بەدەست کەسی مەبەست گەیشتون.

لەم سەردەمەدا نەریتی نامە نوسین خەریکە لەناو دەچێ. لەمەبەدوا ئێمە لەجیاتی نوسین، بینەری فاکسو ئیمەیڵ و پەیامی تەلەفۆنی هونەرمەندان دەبین.

بەبۆچوونی من هیچ کام لەمانە جێگەی نامە ناگرنەوە، نامە شتێکی ترە. فاکسو ئیمەیڵو پەیامو بینینی ئەوانە هەمووی لەبەرچاوو گوێیە. شتە پەنهانەکان چێژێکی تریان هەیە، ئەو نامانەی کەبەترسو لەرزو شەوقو زەوقو دوور لەچاوی خەڵکیو لەشوێنێکی تایبەت دەخوێندرێنەوە لەکویو ئەو نامانەی کەبەبێ زەرفو پۆشش لەبەردەستو چاوی هەموانە، لەکوێ. کردنەوەی نامە چێژێکی تری هەیە، بەتایبەتی ئەگەر لەلاەین خۆشەویستێکەوە نێردرابێ، وەرگر زەرفەکە لەبەر رووناکی رادەگرێو بەپارێزو ناسکیەوە هەڵیدەپچڕێ تا نامەکە نەدڕێ. کە نامەکە دەکاتەوە چاوی بەدیوی نوسینەکە دەکەوێو لەدێڕ بەدێڕیدا بۆنی ئەو دەکات. ئەم چەشنە نامانە هیچ کاتێ لەقەرەباڵغیدا ناخوێندرێنەوە.

لەچۆڵەوانیو بەتەنیا دەخوێنرێنەوەو چەندین جار دەخوێندرێنەوەو تا ماوەیەکی زۆر لەگەڵ وەرگردا دەمێننەوە.

وتم لاپرەسەنی گەڕەك، ئەزانی کەمن لەگەڵ ئێوەدا منالّی یەك گەڕەکم، لەگەڵ تۆ، فروغو شاپور. لەچوار ریانی گومرگی ئەمیریە تەنیشت بەنزینخانەکە بازاڕی کۆن هەیە. ئێمە لەوێ دەژیاین. ئێستاش پورەکانم لەوێ دەژین. بەرامبەر بازاڕەکە کەمێ ئەولاتر کۆڵانی "خادم ئازاد"ە، ئێستاش ماوەو بەهەمان ناوەوەیە. لەسەر چوار ڕێی گومرگ (پەلی باشوری خۆرهەڵات) قوتابخانەی کچانەی (سروش)ی لێیە. فروغ لەو قوتابخانەیە دەیخوێند. ئێمە منالّ بووینو لەهیچ حالّی نەدەبووین. دواتر دایکم دەیوت ئێمە هەندێ جار کچێکمان بەقژێکی درێژو بلاّوەوە، دەبینی کە لەێوە دەڕۆیشتو دەیانوت شاعیرە. لەوانەیە منیش کە لەگەڵ کوڕە پورەکانم دا لەنێو جۆگە ئاوەکەدا یاریم دەکرد ئەوم بینیبێ.

فروغ لەنامەکانیدا ناوی ئەو شوێنانە دەبا کەمن لێی ژیاومو هەناسەم داوە، وەکو کۆڵانی (کمیلی) و شەقامی (سیمانخانی). من بەفەزای شیعرەکانی فروغ ئاشنامو هەستم پێکردووە.

من لەسالّی 1966دا بووم بەئەندامی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی (توفیق). لەوێ بەمرۆڤێکی مەزن ئاشنا بووم، بەپەرویزی شاپور. بەلاّم نەمدەزانی کە هاوسەری فروغە. شاپور بیروڕامی دەربارەی فروغ پرسیو منیش ڕاستگۆیانە پێم وتو زۆری پێخۆش بوو. پاشان بیروڕامی دەربارەی شاملۆ پرسی کەوتم نایناسم! شاپور لەدیداری دواتردا پەرتوکی "هوای تازە"ی بۆ هێنام کەمن شەوێك خوێندمەوەو تازە تێگەیشتم شاملۆ کێیە. ئێستاش ئەو پەرتوکەم ماوە، شاملۆ چەنیدن جاریش بۆ بینینی شاپور هات بۆ نوسینگەی "تۆفیق" لەشەقامی ئەستانبول. زستانی هەمان ساڵ کاتێ کە فروغ گیانی لەدەست دا، شاپور مانگێك دیار نەما. ناحەقیشی نەبوو، پەیامنێران وەکو سنو کولله لەدەرو دیوارەوە داباریبوون.

شاپور تەنانەت لەمەراسیمی ناشتنو بەخاك سپاردنی فروغیش دا ئامادە نەبوو. ڕۆژێکیان شاپور دەیەویست بێت بۆ مالّی ئێمە لە "جوادیە"، پێکەوە سواری پاسی دووقات بووینو لەڕیزی پێشەوە دانیشتین تا سەیری دیمەنەکان بکەین پاسەکە بەشەقامی ئەمیریەدا دەهاتە خوار، کەپاسەکە گەیشتە چوار ریانی گومرگ، شاپور وتی با دابەزینو بەو کۆڵانە کۆنەدا بگەڕێین، ئەو ڕۆژە منو شاپور کۆڵان بەکۆڵانی ناو گومرگی ئەمیریەو چوار ریانی موختاری گەڕاین. کۆڵانی توتونچی، کۆڵانی کمیلیو شوێنەکانیتر، شاپور پەنجەرەی مالّەکەی نیشاندامو وتی فروغ هەمیشە دەهاتو لەبەر ئەم پەنجەرەیەدا رادەوەستاو منیش لەو کۆڵانەوە تێدەپەڕیم! ئینجا دەرگای مالّەکەی نیشان دامو وتی لەم مالّەدا بوو فروغم ناسی، مالّێکی تری نیشاندامو وتی لێرەدا خوازبێنیم کرد.

کامی گیان، من "سیو سێ" ساڵ لەگەڵ باوکت دا هاوڕێ بووم. بەلاّم بەپێچەوانەی زۆر کەسەوە هیچ کات دەربارەی فروغ پرسیارم لێ نەکرد. بەلاّم هەندێ شەو لەوبارەوە قسەی دەکردو تەنانەت

هیوای ساغو سەلامەتیشی بۆ دەخواست. فروغ بەلای شاپورەوە هەمیشە زیندووبوو، ئێستشا سەدای شاپور لەگوێم دا دەزرنگێتەوە:- سەلاحی گیان! چەند نمرە دەدەی بە فروغو چەند نمرە دەدەی بەمن، شاپور فروغی زۆر خۆشدەویست، فروغیش زۆر عاشقی شاپور بوو. تەنانەت لەدوای جیابونەوەشیان فروغ لەو نامانەیدا کە بۆ پەروێزی نوسیوە لەجاران عاشقترە.

کامی گیان، ئەزانم کە ئەم نامانەت نەخوێندۆتەوە. واتە دڵت نەهاتووە بیخوینیتەوە، هەروەکو چۆن کە دڵت نایەت سەیری وێنەکانی دوا تەمەنی بابە بکەی، من لەدوای فروغو پەروێز سێیەمین کەسم کە نامەکان دەخوێنمەوەو دووەمین کەسم کە نامەکان دەنوسمەوە! هەمان لاپڕە سەنی گەڕەك.

شاپور کارێکی زۆر باشی کردووە کە ئەم نامانەی پاراستوە، تۆش کارێکی باشت کردووە کە ئەوانەت لەزیانی رۆژگار پاراستوە. ئەم نامانە ئیتر نە پەیوەستن بەشاپورو نە پەیوەستن بەتۆ. ئەم نامانە میراتی ئەدەبی ئەم وڵاتەن. یادەوەری ژنێکە کە بۆ یەکەمین جار بەدەنگی خۆی هاواریکردوە. فروغ چۆن قسەی کردوە هەر بەو شێوازەش نامەکانی نوسیوە. بەهەمان سادەیی‌و راشکاویی‌و روونی، چ دەقێکە، چ فەزایەکی شاعیرانەو چ عەشقێك، لەلابەلای وشەو دێڕەکاندا نەفەسی فروغ دەبیسترێ.

کامی گیان ئەفسوس کە جادەکە یەك سایدە، واتە نامەکانی پەرویز بۆ فروغ لەبەر دەست دا نیە. نازانم ئەو نامانە لەکوێن‌و کەوتونەتە بەر دەستی کێ.

لەوانەشە لەناوچووبن، ئیتر فروغ لەناوی بردوون یا بە کەسێکی تری سپاردوون، نازانم. جگە لەو یەك دوو یاداشتە کورتەی کە پەرویز لەپەراوێزی نامەکانی فروغ دا نوسیوییەتی هیچ شتێکی تری ئەو لەبەردەستدا نیە. لەنامەکانی فروغەوە تاڕادەیەك دەزانرێ کەپەرویز چی نوسیوە.

بە بیروڕای من ئێستاکە کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم نامانە بڵاوببنەوە، چونکە نە فروغ ماوە نەشاپور نە باوك‌و دایکی فروغ نە باوك‌و دایکی شاپور، نە کەسێك کە ببێتە بەربەست لەبەردەم بڵاوکردنەوەیاندا.

زۆر هەوڵم دا کەتەرتیبی زەمەنی نامەکان بەدەست بهێنم. هەندێ لەنامەکان هەر بەرواریان لەسەر نیە. هەندێکیان بەرواریان پێوەیەو هەندێکیشیان رۆژو مانگیان دیارە بەڵام "ساڵ" یان دیار نیە. من هەوڵم دا لەناوەڕۆکی نامەکان‌و ڕێڕەوی ژیانی فروغەوە ئەم تەرتیبە زەمەنیە پەیدا بکەم، نازانم تا چ رادەیەك سەرکەوتووم، دیسانەوە ئەگەری جێ گۆڕکێی نامەکان لەئارادایە.

نامەکان بەقەڵەمی جیاوازو لەسەر کاغەزی جیاواز نوسراون، هەندێ لەوشەکان ناخوێنرێنەوە. من ناچار بووم زەڕەبینی گەورە ئامادە بکەمو ئەو وشانەی پێ بخوێنمەوە کە بەچاو ناخوێنرێنەوە، هەندێ لەوشەکانیش بەتەواوی سڕابوونەوە کە من بەداڕشتنەوەی رستەکاندا ئەوانەم دۆزییەوە. یەکێ لەنامەکانی سەرەتاشی ون بووە کەمن نەمتوانی ئەوە لەخۆمەوە بنوسم.

فروغ لەنامەکانیدا خاڵبەندی نەکردووەو لەجیاتی خاڵ لەنێوان وشەکاندا مەودایەکی جێ هێشتووە. منیش لەنوسینەوەی نامەکاندا ڕەچاوی شێوازەکەی ئەوم کردووە، ئەو بێ هەڵوەستەکردن قسەی کردووە. خاڵبەندیەکان کاری خودی فروغە. من تەنانەت ژمارەی خاڵەکانیشم ژماردووە! نامەکانم لەسێ بەشدا ڕێکخستوە! پێش پەیوەندی، ساتی پەیوەندی، پاش پەیوەندی، ناوی کتێبەکەش دێڕێکە لەنامەیەکی فروغدا "یەکەمین ترپە ئەڤیندارییەکانی دڵم".

کامی گیان لێرەدا دەمەوێ بیروڕایەك بخەمەڕوو کە تاڕادەیەك دروستە، لەکۆنەوە لەئەدەبیاتی عارفانەی ئێمەدا لەنێوان عەشق و عەقڵ دا جەدەل هەبووە. وا دێتە بەرچاو ئەم جەدەلە لەنامەکانی فروغ و پەرویزیش دا هەبێ. فروغ زیاتر تابعی ئیحساس بووەو پەروێزیش زیاتر تابعی ئەندێشە. ئیحساس بەرەو شیعر چووەو ئەندێشە بەرەو تەنز. هەندێ جار ئەم دوانە لەتەنیشت یەکەوە دانیشتوون و کاریگەرییان لەسەر یەکدی جێ هێشتووە. لەلایەکەوە تەنز چۆتە ناو هەندێ لەشیعرە درەوشاوەکانی فروغ و لەلایەکی ترەوە شیعر چۆتە ناو هەندێ لەباشترین کاریکلماتۆرەکانی شاپورەوە، ئیحساس و ئەندێشە لەگەڵ هەموو ئەو ناکۆکی و جیاوازییانەی لەگەڵ یەکدی هەیانە، هەندێ جار تەواوکەری یەکترین، کامی گیان تۆ بەرهەمی کۆی ئەم دوانەی. لەخۆوە نیە کە شاملۆ وەختێ شیعری تۆی لەهێشوو "خوشە"دا چاپکرد. نوسی کامیار شیعری لەدایکی و تەنزی لەباوکیەوە بەمیرات بردووە. جا نازانم ئێستا تەنزو شیعر لەناخت دا هاتونەتە کەنار یەك یا خەریکە لەکەللەت دەدەن.

با چاوێك بەنامەکاندا بخشێنین

لەو نامەیەی پەرویز بۆ فروغ دا نیشانەی ڕەمزی کێشاوە، فروغ نوسیوییەتی:-

"پەرویزم لەکۆتایی نامەکەت دا نیگاری شێوەیەکت کێشا بوو کە من هەرچەند بیرم کردەوە، سەرم لەم مەتەڵە دەرناچێ. ئاخر ئەمە چییە.

ق ت

ش

ب

بەخودا من سەر لەم شتانە دەرناکەم.وەکو فۆرمۆلێك دەمێنێتەوە بەڵام شیکارکردنی کاری حەزرەت 50000. پ ش دەزانم کەواتە پەرویز شاپور بەڵام لەو دوانەی سەرەوە هیچ تێناگەم، ئەرێ بەڕاست ق ت واتە چی و مەبەستت چییە. هەروەها نیشانەیەکی زەڕبت (×) لەنێو یەکێ لە لاپەڕەکان کێشا بوو. لەمەش هیچ تێناگەم گومان بکەم خەت و نیشانەیەکت کێشاوە هەروا نیە!".

کامی گیان دەبینی، بابە هەمان کاتیش ئەو ڕۆحە تەنزەی تێدا بووە. لەگەڵ ئەوەشدا وەکو هەمیشە شەرمن بووەو ڕووی نەهاتووە بەفروغ بڵێ "قوربانی تۆ" و نوسیویەتی "ق ت" لەوانەیە ڕێگری و بەربەستی خێزانەکان بە پەیوەندی ئەو دوانە بوبێتە هۆی ئەوەی کە پەرویز بەوجۆرە بنوسێ، تاوەکو

ئەگەر نامەکە بەردەستی نامەحرەمێ کەوت هیچی لێ تێنەگات.

بەقەولی حافز:—

من إین حروف نوشتم چنان کە غیر نوانست

توهم ز روی کرامت چنان بخوان کەتو دانی

فروغ سەرەنجام پەی بەم رەمزە دەبات‌و لەنامەیەکی تردا دەنوسێ:—

"پەرویز من سەرم لەو مەتەڵە دەرکردو تێگەیشتم واتای ق – ت چییە. ئێستا کە تۆ نەتوت منیش لەدەمە دەمی تۆ سودی لێوەردەگرم. حەقی رەخنە گرتنیشت نیە خودا حافیز پەرویزی ئازیزم

ق – ت

ف

ف

پەیوەندی شیعرو تەنز لەنامەکاندا دەبینم. فروغ ئەم بەیتەی بۆ پەرویز نوسیوە کە نازانم هی کێیە:—

تو در دل منی و من این قدر از تو دور

یارب چە قدر خاصلە بین من و دل است

فروغ لەهەمان نامەدا نوسیوییەتی:—

"پەرویزی ئازیزم دەزانی بۆچی ئەمەندەم تۆ خشدەوێ لە بەر ئەوەی کەتۆ هیچ کاتێ لەبەرامبەر پرسیارەکانم دا دانامێنی‌و من هەرچی بڵێم تۆ ئەو توانایەت هەیە کە راستەوخۆو بەوەڵامێکی لۆژیکیانە لەسەر جێگای خۆم دامبنیشێنیتەوە. باوەڕ بکە لەبەرامبەرتدا زۆر داماوم تۆ زۆر شەیتانی‌و دەمەوێ بڵێم کە لەڕاستەوخۆ وەڵامدانەوەدا دەستی هەموانت لەپشتەوە بەستۆتەوە.".

ئەمە نیشاندەری رۆحیەتی تەنز ئامێزی شاپورەو ئەو رۆحیەتەی کە لەپشت شەرم‌و حەیای ئەوەوە شەیتانی‌و گاڵتە ئامێزی خۆی حەشار داوە.

لەهەمانکاتدا فروغیش کە خوێندکارێکی مۆدێرن بووە، شەیتانیەتێکی کچانەی هەبووەو داوای لەشاپور کردووە دۆعای بۆ بکات:—

"پەرویز دوو سێ رۆژی تر تاقیکردنەوەکانمان دەست پێدەکات‌و تۆش دەزانی کەمن مۆدێرنەم. کەوایە دۆعا بکە قبولْ بکرێم من دڵنیام ئەگەر تۆ دۆعام بۆ بکەی حەتمەن قبولْ دەکرێم. ئەوەش بزانە شەوانە پێش ئەوەی بخەوی بڵێ ئەی خوای گەورە من بۆ فروغ‌و فروغ بۆ من‌و دیسانەوە فروغ لەتاقیکردنەوەی کیمیادا نمرەی 20 (یان 18 یان 16) و لەکۆتاییدا بەحەوتیش رازیم.".

کامی گیان لەبیرمە من خۆم کە خوێندکار بووم کەمترین نمرەم لەکیمیادا وەردەگرت! سێ ساڵیش لەئامادەییدا راسب بووم. نازانم فروغ لەتاقیکردنەوەی کیمیادا چەند نمرەی وەرگرتووە. بەڵام دەزانم کە لەشیعردا نمرەی بیستە.

ئێستا ئەگەر من سەردەکەم بەنامەکانی فروغ دا کێشەیەك نیە، بەڵام ئەو زەمەنە فروغ نەیویستوە جگە لەخۆی‌و پەرویز کەسی‌تر نامەکانیان بخوێنێتەوە. فروغ بۆ پەرویز دەنوسێ:—

وەڵامی نامەکەم مەدە بەئەدرەسیماڵمان چونکە مناڵەکان وەریدەگرن‌و هەڵیدەپچڕن لەسەر زەرفەکە

بنوسه "شەقامی سلیمان خان کۆلانی مقاهری بەڕێوەبەرێتی رۆژنامەی سیروس ما" و لەسەر زەرفەکەش نیشانەیەکی (×) لێ بدە دڵنیابە راستەوخۆ دەگاتە دەستی خۆم چونکە زەرفەکانی بەڕێوەبەرێتی گۆڤار دەهێنن بۆماڵی ئێمەو کەس هەڵیان ناپچڕێ‌و من بەئاسانی دەتوانم کاغەزی تۆم بەدەست بگات، ئەم "سیروس"ەش هەمان سیروسی بەهمەنە، مێردی پورانی خوشکی فروغ‌و خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری گۆڤاری "اسیای جوان". پەیوەندی فروغ‌و پوران زۆر باش بووە. پوران نهێنی پۆشی رازەکانی فروغ بووەو هەمیشە کۆمەکی کردووە.

فروغ لەماڵێکی چۆڵ‌و ئارامدا نیە، هەر بۆیە بەدەردە سەرییەکی زۆرەوە نامە بۆ پەرویز دەنوسێ‌و خوا دەزانێ چۆن سەرزەنشت دەکرێ، فروغ‌و پەرویز پێکەوە خزمایەتیەکیان هەیە، بەڵام فروغ بۆی نیە بچێ بۆ ماڵی شاپورو پێ لەماڵ بخاتە دەر. تەنیا هۆکاری پەیوەندی ئەو دوانە نامەیە. تەنانەت جارێکیان لەکاتی نوسینی نامەدا چراکە لەژوورەکەی فروغ لا دەبەن‌و فروغ لەپاش شەڕێکی درێژخایەن باقی نامەکە لەتاریکیدا دەنوسێ.

فروغ عاشقی پەرویزە:-

"نیگایەکی خۆشەویستی تۆ، گوشینێکی دەستی تۆ، ماچێکی تۆ بەسە تا من وا لێبکات پێویستم بەهیچ نەبێ. من پێکەنینم بەوانە دێ کە لەناو پارەو پول دا دەگەڕێن بۆ خۆشبەختی‌و ژیانی ئەفسانەیی‌و دەیانەوێ سەروەت‌و سامانیان بدەنەوە بەڕووم دا".

فروغ بێ بەشە لەسۆزو خۆشەویستی خێزان‌و هانای بۆ ئامێزی پەرویز هێناوە:- "پەرویز نازانی چەندم خۆشدەوێی، چەند حەز دەکەم پەرویز ئەو رۆژە بێت کەدووجار لەئامێزت بگرم پێم بڵێ کەی دێت، رۆژی خۆشبەختی من کەی دەگات، پەرویزی ئازیزم".

ئەمانە نامە نین، سۆزە، شەیداییە، شیعرە. فروغ - ئەم کچە لاوە - تینووی موحیبەتە:-

"تۆ ناتوانی پێشبینی بکەی کە من چەندو تا چ رادەیەك پێویستم بەخۆشەویستی هەیە من لەژیانی خێزانیدا هیچ کاتێ خۆشبەخت نەبووم‌و هیچ کاتێ لەبەخششی خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە بەرخوردار نەبووم".

فروغ لەبوونی پەرویزدا بۆ ئەم موحیبەتە دەگەڕێت:-

کچێکی لاو، ئەو کچەی کە هیچ کاتێ پابەندی جوانی‌و خۆشی‌و خۆڕازاندنەوە نیە کاتێك لەلایەن خێزانەوە، لەلایەن باوك‌و دایکی‌و خوشك‌و براکانیەوە سۆزو خۆشەویستی نەبینی، کاتێك لەنێو هەموو ئەوانەدا کەسێ نەبوو لەگەڵ هزرو هەست‌و خۆزگەکانی دڵ‌و رۆحی ئەودا بێتەوە، تەبعەن کاتێك کەسێکی پەیدا کرد کە هەموو ئارەزووەکانی خۆی لەبوونی ئەودا بینیەوەو بەجارێك هەموو خۆشەویستی‌و هەموو



پەیوەندییەکی خۆی خستە بەرپێی ئەوو لەماوەی ئەو خۆشەویستیەدات بەدوای سۆزو خۆشەویستی تریش دا گەڕا. سۆزو خۆشەویستیەك كە لێیان بێبەش بووە واتە خۆشەویستی دایك، خۆشەویستی باوك عەشقی برا، پەیوەندی خوشك..".

هەروەکو ئاماژەمان پێکرد فروغ لەگەڵ پورانی خوشکیدا پەیوەندییەکی تری هەیە:- "لەنێو ئەندامانی خێزانەکەماندا تەنیا خوشکەکەم دەپەرستم چونکە ئەو هەمیشەو لەهەموو حاڵەتێکدا بۆ من پارێزگارو پشتیوانو فیداکار بووە، جگە لەخوشکەکەم هیچ کام لەوان ئاشنا نین بەئەرکی خۆیان".

فروغ لەخۆشەویستی پەرویزدا، دەگەڕێت بۆ خۆشەویستی دایكو باوكو خووشكو براکەشیو لەخۆشەویستەکەی دەخوازێ وەکو باوك ڕێنوێنو وەکو دایك رازگرو وەکو خوشك دڵنەوایی دەری بێ.

ئێستاش با بەسەرهاتێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە. جارێکیان پەرویز زەرفەکەی داخستوەو ناوی لەسەر زەرفەکە نوسیوە. خۆناویشی نەنوسیایە دیار بوو، خەتی شاپور لەدوورەوە هاواری دەکرد کە خەتی شاپورە. فروغ تەنانەت زەرفی ئەو نامەیەی کەبڕیارە پەرویز بۆ فروغی بنوسێ، پشت نوسی دەکاتو بۆی دەنێرێ!

فروغ ناوی پەرویز شاپور دەنێ "جواد شریعتی"! و دەنوسێ:- "بەڵام لەبیرت نەچێ کە ئەم نازناوە تەنیا بۆ زەرفەکەیە نەك بۆ کاغەزەکەو تۆ ئیتر پێویستت بەوە نیە لەخوار نامەکەتەوە نازناو دابنێی!".

فروغ داوا لەپەروێز دەکات کەنامەکەی یا راسپێرێ یاخود بیبات بۆ بەڕێوەبەرێتی (ترقی) و بیدات بەسیروسو نامەی ئەویش لەسیروس وەربگرێ.

کامی گیان نامە نوسینی فروغی فەروخزادو جواد شریعتی ببورە پەروێز شاپور! هەروا بەردەوامە، تەنانەت لەزەمەنی هاوسەرێتیشدا، ئەو سەردەمەی لەگەڵ تۆدا لەئەهوازەوە هاتۆتە تارانو پەرویز لەئەهواز ماوەتەوە، ئەم نامانە نامەی شەیدایيو چاوەڕوانیو هەندێ جار دوو دڵین.

کامی گیان لەنامەکانی ئەم دەورەیدا تۆش وجودت هەیەو جارجار عەجولانە هەڵسوکەوت دەکەیتو فروغ بۆ پەروێزی نوسیوە:-

"کامی لەبەیانیەوە تا ئێوارە بەزۆر زانیو گاڵتەو گەپەوە هەموان سەرقاڵ دەکاتو منیش لەژوورەکەی سەرەوە یا بۆ خۆم کتێب دەخوێنمەوە یاشت دەنوسمو یاخود سەرێ لەدایە دەدەم".

لەم دەورەیەدا، فروغ لەگەڵ تۆدا لەماڵی دایکی دەیگوزەرێنێ. پەرویز لەئەهوازەو ئیدارەی دارایی لەوێ، چاپی یەکەمی کتێبی "أسیر" دەرچووەو هەراو زەنایەکی ناوەتەوە. هەموو دەوری فروغیان داوە، بەڵام ئەو بەتەنیا بیر لەپەرویز دەکاتەوەو لەقەرەباڵغی خۆی دوورە پەرێز دەگرێت. شیعرەکانی دەنێرێ بۆ گۆڤارەکان و یەك بەدوای یەك چاپ و بڵاو دەکرێنەوە.

فروغ لەنامەیەکدا بۆ پەرویز دەنوسی:-

"کاتێ دەبینم دەتوانم چاوگێکی کاریگەر بەو وجودێکی هیچ و پوچم نیە کاتێك هەستدەکەم لەژیاندا وا بەستەی شتێکم و پەیوەندییەکی توندوتۆڵم هەیە لەگەڵیدا ئەوکاتە لەزیندەگی کردن رازی دەبم".

هەر لەو زەمەنەوەیە کە شیعری فروغ دەبێتە رەقیبی پەرویز. فروغ لەنامەیەکدا دەنوسێ:- "من دەزانم کەشیعرو هونەر خۆشەبختی بۆ نەهێنام هەروەکو بۆ هیچ کەسێکیشی نەهێناوە بەڵام دیسانەوە بەتەواوی هێنرمەوە داوای دەکەم".

لەنامەیەکی تردا وەختێ هەست بەنائارمی دەکات، دەنوسێ:-

"پەرویز من لەکوێ و هونەر لەکوێ. من کەی هونەرمەند بووم و پاگەندەی هونەرمەندێتیم کردووە. من کەی لەبارەی هونەری خۆمەوە قسەم کردووە. هونەری من تەنیا جنێودانە. مردووشۆر ئەو هونەرە ببات کەببیەوی من لەتۆ جیا بکاتەوە، من هونەرم بێ وجودی تۆ ناوێ".

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هونەر کاری خۆی دەکات و قسەو باسەکان دەست پێدەکات، پەرویز جارێکی‌تر بەتوندی لەگەڵیدا دەجولێتەوە، بەڵام فروغ لەوەڵامدا دەنوسێ:- "خۆشم دەوێی، خۆشم دەوێی وەکو منالێك کە زیاد لەهەر شتێکی دی پەیوەستە بەئامێزی گەرمی دایکی و تەنانەت ئەگەر دایکی لێشی بدات دیسانەوە هەر پەنا بۆ کۆشی ئەو دەباتەوە".

کامی گیان کاتێك پەرویز لەئەهوازە، فروغ لەبەیانیە دەڕوات بۆ ماڵی خانم گیان "دایکی پەرویز" ئەو لەگەڵ پورە "دەخی"ت زۆر یەکتریان خۆشدەویست. خەسرەوو مەنوچێهریش "براکانی پەرویز" و ئاغاگیانیش "باوکی پەرویز" هەر لەم ماڵەدان!

خانم گیان فروغ و دخی دەبرد بۆ گەڕان بۆ نزیك ئاوی کەرەج، هەمان شەقامی کشاورزی ئێستا، ئەو رۆژگارە ئاوی کەرەج سەیرانگای خەڵکی تاران بوو، ئەو لاشی مەیدانی ئەسپ سواری جلالیە بوو کە ئێستا بۆتە پارکی لالە. سیانزە بەدەر ئاوی کەرەج رەونەقێکی تری هەیە، کۆمەڵێك تەناف بازی دەکەن، کۆمەڵێك هەلوکێن و کۆمەڵێك ماست و خەیار بازی! چەند جارێکیش من لەگەڵ باوکم دا چووبووم بۆ مەیدانی جەلالیەو پێشبڕکێی ئەسپ سواریم بینیوە، ئەو رۆژانە تاران، تاران بوو. کافتریای شارەوانیشی هەبوو کە ئێستا بۆتە شانۆی شار، کافتریای شارەوانی شوێنێ بوو وەکو شاری یاری ئێستا، ئەستێرێکی هەبوو بەکۆمەڵێك بەلەمەوە، بە "بوت کلاب" بەناوبانگ بوو. سینەمای بێ پەردەی هەبوو پڕ بوو لەگلۆپ و رووناکی.

دایکت لەنامەیەکدا بۆ باوکتی نوسیوە:-

"پەرویز گیان دوێنێ شەو کامی لەگەڵ کلورو فەرەیدونو مناڵەکان چووبوون بۆ کافتریای شارەوانیو بەکورتی کاتێك هاتەوە زۆر شادمان بوو چونکە دەیزانی کە کەرەستەی یاری منداڵان لەوێ زۆرە. بەکورتی بڕیارم دا هەندێ کات ئەو لەگەڵ منداڵەکان بنێرم چونکە لەماڵەوە کەس نیە یاری لەگەڵدا بکاتو کاتێکیش دەچێتە بەدرەم نەنە لەبری یاریکردن دەکەونە سەرو سەکوتی یەکتریو ئەمەش باش نیە".

کامی گیان تۆ لەزۆربەی نامەکانی فروغ دا ئامادەگیت هەیە. فروغ لەنامەیەکدا نوسیویەتی:-

"ئەمرۆ بەیانیەکەی چووم بۆ لای داپیرە هەموو مناڵەکان بوونو جێگەی تۆ خاڵی بوو، خۆش گوزەراو دانیشتینو لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەمان کردو کامیش لەگەڵ میهرداد دا شمشێربازی دەکردو بەکورتی میهرداد ئەو بەباشی پەروەردە دەکات".

فروغ لەهەمان نامەدا باس لەپاسکیلێکی سێ تایی دەکات کە دەیەوێ بۆ تۆی بکڕێ. پاسکیلی سێ تایی دەگۆڕێ بۆ پاسکیلی دوو تایی. نازانم سەرەنجام ئەم پاسکیلە سێ تاییەی بۆ کڕیت یان نا؟ چونکە ئەوکاتە پارەی کڕینی نەبووە.

فروغ بەردەوام شیعر دەڵێو هەندێ جار دەیبردو دەیخستە ناو صندوقی پۆستەی گۆڤاری "سپیدو سیاه". من نوسینگەی ئەم گۆڤارەم بینیبوو. لەکۆڵانی "گبیس" بوو. لەسەرەتای شەقامی (فیردەوسی) بەبەری مەیدانی تۆپخانەوە. فروغ 17 ساڵ بوو. لەهەموو شوێنێ باس هەر باسی ئەوە، بانگهێشتی دەکەن بۆ کۆڕی ئەدەبی، بەڵام ئەو بەهۆی حەساسیەتی شاپورەوە ناچێ. 720 تومان حەقی دانانی کتێبەکەی وەرگرتوە، پەرتوکی "ویس و رامین" و "گوڵستانی سەعدی" کڕیوە.

فروغ وەکو پەپولەیەك وایە کە باڵی شکاوەو حەزی لەفڕینە بەڵام ناتوانێ:-

"تۆ نازانی من چەند حەز دەکەم بەپێچەوانەی رێساو دابو نەریتو بەپێچەوانەی یاساو بیروباوەڕی خەڵکییەوە رەفتار بکەم بەڵام کۆمەڵێك کۆتو بەندم لەپێدایە کەسنوردارم دەکات رۆحو وجودو کردارم لەچوار دیواری یاسایەکی سستو بێ مانای کۆمەڵایەتیدا زیندانی کراوەو من هاوکات بیردەکەمەوە کە هەر چۆنێك بووە دەبێ هەنگاوێك بەرزتر بنێم لەئاست نەرێتەکان من حەزم لەم ژیانە هیلاککەرو پڕ لەکۆتو بەندە نیە".

فروغ لەنامەیەکدا کە زۆر گرنگە دەنوسێ:-

"من هەمیەش مەیلداری ژیانێکی سەیرو پڕ کارەسات بووم، لەوانەیە پێکەنینت بێ ئەگەر بڵێم من حەز دەکەم بەپێی بەدەوری دنیادا بگەڕێم من حەز دەکەم وەکو مناڵان لەسەر شەقامەکان هەلەکەسەما بکەم پێ بکەنم هاوار بکەم من حەز دەکەم کارێك بکەم کەپێشێلکردنی یاسا بێت. لەوانەیە بڵێی بەتەبیعەت حەزم لەگوناهێکە بەڵام وا نیە من چێژ لەوە وەردەگرم کە کارێکی سەیر بکەم".

فروغ "شێتی ژیانی ئازادو بێ پەژارە"یە، حەز دەکات لەگەڵ پەرویزدا ژیانێکی وای هەبێ. "ژیانێکی سەیرو پڕ لەکارەسات، پڕ لەخرۆشان"بەڵام بەپێچەوانەی فروغ، پەرویز لایەنگری ژیانێکی ئارامە، لێرەوەیە کە جەدەلی عەشق و عەقڵ دەست پێدەکات. جەدەلی ئێحساسو ئەندێشە.

کامی گیان، فروغ رۆژ بەڕۆژ پەیوەندی بەتۆ زیاتر دەبێتو تۆچیت دەکرد، ئێستا دێتەوە یادت؟

"هەرکاتێ شەڕی لەگەڵدا دەکەم دەڕواتە گۆشەیەکەوە دادەنیشێو هاوار دەکات ئای بابە گیان لەکوێی وای بابە گیان وەرەو بەکورتی زۆری پێ پێدەکەنم سەیارەیەکم بۆ کڕیوەو تەیارەکیش کە بە 15 ریاڵ بۆم کڕیوەو رۆژانە لەگەڵ میهردادو میهران دا بەشمشێربازیو تەڕەزان بازییەوە دەیگوزەرێنێ".

لەهەموو شوێنێ باس باسی فروغو کتێبە شیعرییەکەیەتی، شیفا پێشەکی بۆ کتێبەکەی نوسیوە. بڕیارە خەڵکانی تریش دەربارەی کتێبکەی وتار بنوسن:-

دەشتی، عەلی ئەکبەر کسمایی، محەمەد سەعیدی، سەعید نەفیسی. رۆژی هەینی بەیانیەکەی بەرنامەی منالان ئەم شاعیرە لاوەی ناساندوە. باوکی فروغ توڕەیەو لەگەڵ دایکی فروغ دا شەڕ دەکاتو دەڵێ کەتۆ خوی کچەکەت خراپ کردووە.

سەعید نەفیسی لەڕوسیە دەربارەی ئەدەبیاتی جیهان کۆڕێکی پێشکەش کردوەو ناوی فروغی بردوەو ئەوی بەشاعیری روسی "خوانا دیبار بودو" بەراورد کردووە.

فروغ حەز دەکات بگاتە ئەو ئاستەی کەباوکی شانازی پێوە بکات. بەڵام قسەو باسو بوختانو تۆمەتەکان هەروا درێژەیان هەیە کە دەبێتە ناکۆکی خێزانیو سەرەنجام کاردەگاتە جیابوونەوە، فروغ ئامادە نیە جیا بێتەوە بەڵام تازە جگە لەجیابونەوە هیچ رێگەچارەیەکیتر نیە.

فروغ پاش جیابوونەوەی لەشاپور دەیەوێ بڕوات بۆ ئیتالیا. نەك بۆ گەڕانو ڕابواردن، بە بیانووی خوێندنو راکردن لەجوینەوەو دووبارە بوونەوە، لەنامەیەکدا دەنوسێ:-

"ئەگەر نەگریم دەمردم. تەنیایی رۆحم قەرەبووی هیچ شتێ ناداتەوە، وەکو قاپێکی بەتاڵ وامو لەنێو گۆماوەکاندا بەدوای گەوهەردا دەگەڕێم".

کەوتمە یادی ئەو کۆپلە شیعرە بەناوبانگەی فروغ:-

"هیچ ماسیگرێ ناتوانێ لەجۆگەیەکی بچوکدا کە ئەڕژێتە گۆماوێکەوە مرواری راوکا".

فروغ لەپاش جیابوونەوەش هەر شاپور بەپشتیوانی خۆی دەزانێو هەر هاشقی ئەوە شاپوریش لەساتە پڕ قەیرانو ئاڵۆزەکاندا کۆمەکی فروغ دەکاتو هەر نیگەرانی ئەوە:-

"کاتێ سەیری نێوچاوانی کامی دەکەم دەمەوێ هاوار بکەم وەختێ بەهۆی وجودی ئەو و بەو عەشقەی کە جەستەی ئێمەی لەیەك ئاڵاند بیردەکەمەوە دڵم لێوریژ دەبێ لەحەسرەتی سوتێنەر پەرویز من نامەوێ بیر لەتۆ بکەمەوە من بۆئەوەی کە تۆ فەرامۆشبکەم خۆم لەناوبرد بەڵام تۆ رۆژ بەڕۆژ بۆمن زیندووترو بەماناتر دەبی من تۆ لەکامیدا دەبینمو لەگەڵ چاوەکانم بەڕووی ئەودا هەڵدێت یادی تۆش ئازارم دەدات، پەرویز گیان لەم رۆژانەدا

کە هیچ کەس لەبیری من دا نیەو هیچ کەس ناتوانێ درك بەخرۆشانی رۆحم بکات تەنیا تۆیت کەمن دەخەیتە گریان چونکە هەست دەکەم کە چاوەکانت لەچەندین فرسەخ رێگەی دوورەو، نیگەرانی منە".

فروغ لێورێژە لەحەق ناسیو عاشقو دێوانەی گەورەیی شاپورە:-

"من خۆشم دەوێی نەك لەبەرئەوەی کەیارمەتیم دەدەی نەك لەبەرئەمەی کەچاوەدێریم دەکەی نەك لەبەرئەوەی کە پارەم دەدەیتێ نە پەرویز لەبەرئەوەی بۆم دەرکەوتوە کەباشیو هیچ کەس ناتوانێ ئەو رۆحە گەورەی تۆی هەبێ".

فروغ لەو نامانەیدا کە لەهەندەرانەوە بۆ شاپوری دەنوسێ، هێشتاکەش ئەوی خۆشدەوێو لەحەسرەتی ئەودایە:-

"حەزدەکەم جارێکیتر ماچت بکەمو جارێکیتر تەماشای چاوە میهرەبانو دڵنەواییو بەخششەکانتم بکردایەتەوە. پەرویز وجودی تۆ دیسانەوە ژیانی منی روناك کردۆتەوە هەست دەکەم کە ئومێد بەخۆشەویستی تۆ هێزو گەرمو گوڕییەکی تازەم پێ دەبەخشێ".

فروغ هێشتا خۆی بەو کچە شانزەساڵیە دەزانێ کە "لەبازنەیەك لەشەرمو حەیای کچێتی"یەوە بەرەو لای ئەو هاتووەو یەکەمین ماچیشی رشتە سەر لێوەکانی ئەو:-

"راستە کە بەڕوکەشی من ئیتر ژنی تۆ نیم بەڵام تۆ دەزانیو خوداش دەزانێ کە دیسانەوە موڵکی تۆمو سەراپای وجودم پەیوەستە بەتۆ"

فروغ دڵی رەنجاوە، لەمرۆڤەکان، لەکۆمەڵ تورەو قەڵسە:-

بەڵام پەروێز ژیانی زۆر پوچە بەقەولی سادقی هیدایەت "هەموو مرۆڤەکان لەیەك دەچن بەغەریزەکانیانو پێداویستیە چەپێنراوەکانیان لەچوارچێوەیەکی پیس دا".

من ناتوانم تەحەمولی ناشیرینیەکان بکەم رۆحم وەکو باڵندەیەکی بەندکراو ئۆقرەی لەبەربڕاوە من حەزم لەدنیای جوانو رووناکەو ئێستا بەچاوانی کراوەوە ناشیرینیو تاریکایی ژینگەکەمو کۆمەڵ دیاری دەکەم دەتوانم پەنا بۆ کوێ بهێنم.

فروغ بێ ئەی پەرویز ببینێ دەڕوات بۆ ئیتالیا، دەڕوات خۆی ون بکات. لەکاتێکدا کە چاوانی نیگەرانی پەرویزو کامییەو لەوە دەترسێ کە هەرگیز نەیان بینێتەوە.

فروغ وەختێ عاشقی پەرویز بوو 16 ساڵ بوو کاتێکیش کە لێی جیابۆوە تەمەنی 21 ساڵ بوو. لەنامەیەکدا دەنوسێ:-

"من بە 21 ساڵ ژیان بەقەدەر ژنێکی 60- یا 70 ساڵە پیر بووم" هەروەها لەنامەیەکی تردا دەڵێ:-

"تەنیا گوناهم ئەوەیە کە زۆر زوو چوومە نێو ژیانی کۆمەڵایەتیەوە واتە ئەوکاتەی کە کچانیتر لەماڵەوە یاری منداڵانەیان دەکرد".

لەم نوسینەی فروغ دا حەقیقەتێك شاردراوەتەوە، ئەو ژنەی کە لە 16 ساڵیدا شیعری زۆر درەوشاوەی هەیەو لە 16 ساڵیدا بەپەرتوکی شیعرەکەی هەراو زەنایەکی بەرپا کردووە. بەشەوێك رێگەی سەد ساڵەی بڕیوە. ئەو لەتەمەنی 21 ساڵیدا بەئەندازەی مرۆڤێکی شەست حەفتا ساڵە ئەزموونی ژیانو هونەری هەیە.

فروغ لەدواهەمین نامەیدا کە لەتارانەوە بۆ پەرویزی ناردووە لەئەهواز، شیعری "بازگشت"ی بەخەتی خۆی نوسیوەو پێشکەشی ئەوی کردووە. فروغ کاتێك کە لەشاپوور جیا دەبێەوە ئەوی لەجاران زیاتر خۆشدەوێو تەنانەت کاتێك کە لەئیتالیاش بووە ئەم ئەوینە دەستبەرداری نەبووە.

فروغ لەنامەیەکدا لەڕۆما وە بۆ پەرویز دەنوسێ:-

"پێم خۆشە ئەوەندە بچوك ببمەوە هەر هێندەی باڵندەیەك ئەوکاتە بدەم لە شەقەی باڵو بێم بۆ لات".

فروغ نامەکانی لەڕۆماوە دەنارد بۆ ئەهواز. ئەو گلەیی لەوە دەکات کە ژیان لەهەندەران رۆحی تێدا نیەو خەڵك زۆر ماشێنین‌و دەنوسێ:-

"لێرە ئەوین واتە قەڵایەکی فەتح کراوو یا پەرتوکێکی خوێنرایەوە هەست‌و سۆز واتای نیەو ئەوین سەرەنجام جوینەوەیە".

کامی گیان فروغ دڵی لای پەروێزو تۆ بووەو بۆ باوکتی نوسیوە:-

"بەڵام پەرویز حەزم دەکرد هەر لەوێ لەئەهواز بومایەو شەوو رۆژ هەستم بەوجودی تۆ بکردایە لەتەنیشت خۆمەوەو "کامی"م دەبرد بۆ گەڕان".

کامی گیان فروغ دڵی زۆر بۆت تەنگ دەبێ، رۆژێکیان لەپاس دا مناڵێك دەبینێ کە لەتۆ چووەو یەکسەر دەستدەکات بەگریان.

فروغ کاتێك دەزانێ پەرویز هاتووە بۆ تاران‌و تۆ ئیتر بەتەنیا نیت، زۆری پێ خۆش دەبێت. نامەیەك نیە کەیادی تۆی تێدا نەکردبێتەوە.

کامی گیان چ ریتمێکی هەیە ئەم نوسینە. لەڕاستیدا ئەمە شیعرە:-

"بیر لەتۆ دەکەمەوە لەتۆ لەقسەکانت لەچاوەکانت لەپێکەنینەکانت لەگاڵتەکانت لەو پیاسانەی کە لەگەڵ تۆدا کردوومە لەو ساتانەی کە لەگەڵ تۆدا بەسەرم بردووە. لەشەوان لە بەیانیان لەنیوە شەوان لەماچەکان لەفرمێسکەکان لەشەڕەکان لەزیزبوونەکان لەئاشتبوونەوەکان لەماڵەکەمان لەکامی".

کامی گیان:- فروغ‌و پەرویز داوایان لێکردم ئەم نامیەەت بۆ بنوسم.

بەقەولی پەرویز روی مانگت ماچ دەکەم. بەقەولی من سڵاو بەخۆت بگەیەنە.

برات: عومران سەلاحی
تاران 1381/6/2

سەرنج

ئەم بابەتە پێشەکی کتێبی (اولین تیش های عاشقانه قلبم - یەکەمین ترپە ئەڤینداریەکانی دڵم) کەبریتییە لەنامەکانی فروغی فروخزاد بۆ پەرویز شاپوری هاوسەری)و کۆکردنەوەو ئامادەکردن‌و چاپکردنی لەلایەن کامیار شاپورو عومران سەلاحییەوەو پێشەکیەکەش لەشێوەی نامەیەکدا ئاڕاستەی کامیار (کوڕی فروغ) کراوەو عومران سەلاحی نوسیویەتی‌و دەتوانین بڵێین خوێندنەوەیەکی خێراشە بۆ نامەکانی فروغ. لەبەر گرنگی باسەکە بەپێویستم زانی وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی. (وەرگێڕ)

*

# بڕوا بکەن بە سەرەتای وەرزی سەرما

ن: خوسرەو باقرپور
و: بێستون

ڕۆژی چوار شەممەی 26ی ڕێبەندانی 1345 بوو. هەوا ساردو سڕ، نیزیکی عەسر بوو. کەئامبولانسەکە ڕاوەستا، ئەحمەدی شاملۆو مهدی ئیخوان سالس تابوتەکەیان هێنایەدەر هوشەنگی ئیبتهاج و سیروسی تاهبازیش یارمەتیان ئەدان‌و نێوقەدی تابووتەکەیان گرتبوو، ئیتر ئێستا تابوتەکە بەتەواوی لەئامبولانسەکەهاتبۆ دەرەوە، سیاوەشی کەسرایی‌و غولام حوسێنی ساعدی هاتنە پێش و تێکرا بەیەکەوە تابوتەکەیان بەرزکردەوە ئیبراهیمی گوڵستان لەحاڵێکدا بەبێ دەنگی دەگریا، شانی دایە ژێر تابووتەکە، ژمارەیەکی تریش کەهاتبوون شانیان خستە ژێر تابووتەکە. کپ‌و بێدەنگ بەنێو گۆرستاندا تێ‌پەڕین‌و تابووتەکەیان لەسەر بەردی گۆڕێك کەتازە هەڵکەندرابوو دانا. پەردەی سەر تابووتەکەیان لاداو بەرێك‌وپێکی پێچایەوە.

قەبرهەڵکەنەکەکەپێدەچوو درەنگ ئاگاداری هاتنی ئامبۆلانسەکەبوو. بەخێرایی گەیشتێ، سلاَوێکی کردو پێمەرەکەی کەلەناو خاکەکەدا ڕۆچووبوو. کێشایە دەرەوە و لەسەر زەوی داینا. ژنانێکی ڕەشپۆش کەگۆیا کەمێك درەنگتر لەئامبولانسەکەهاتبوون، بەخێرایی خۆیان گەیانده کوڕی ماتەمگیران. گۆرکەنەکەخۆی گەیانده پەنا قەبرەکە، دەستەکانی لەوبەرو ئەوبەری قەبرەکە گیرکردو خۆی هەڵدایە ناو قەبرەکە. چەند پیاوێکیش دار مەیتەکەیان لەلێواری قەبرەکە نیزیك کردەوەو دایاننا. یەکێك لەو پیاوانە سەری تابووتەکەی هەڵدایەوە، چەند کەسێکیش جەستەی کفن کراوی یان بەپارێزەوە لەناو تابوتەکەی بەرزکردەوەو لەسەر لێواری گۆڕەکە دایاننا. قەبر هەڵکەن لەناو گۆڕەکەوە نێوقەدی مردوەکەی گرت. لەدەرەوەی گۆڕەکەش پیاوەکان سەرولاقی

تەرمەکەیان گرتبوو، ئێستا ئیتر گۆرکەنەکەتەرمەکەی لەناو قەبرەکەدا بەسەرشانی راستدا، درێژکرد ژنان بەدەنگی بەرز دەگریان و هاواریان دەکرد. پاش کەمێك پیاوەکان دەستە تۆزاویەکانی خۆیان تەکاندو کشانەوە. یەك-دوو کەس لەژنەکان‌و پیاوەکان چونە سەر گۆڕەکە" گۆڕکەن هەر لەناو گۆڕەکەدا گرێی کفنەکی لای سەرەوەی تەرمەکەی کردەوەو رووخساری ئاوەلاکرد، فورغی فەروغزاد بەسیمایەکی ئارام‌و سپییەوە، چاوەکانی لەسەریەك دانابوو.

تێکرا گریان، ژنان بەدەنگی بەرزو بەناڵەوە و پیاوان کەمێك ئارامتر، ئێستا گۆرهەڵکەنەکەپارچە بەردەکانی لەکەسێك وەردەگرت و بۆ ناو گۆڕەکەی دەبردن. فروغی فەروغزاد دفن کرابوو بەرەبەرە بەفریش دەباری. پاش ساعەتێکی تر کەس لەناو گۆرستان نەمابوو و قەبری فروغ لەژێر بارینی وردە بەفرییەك لەدواییەك دا ئەسپەردە کرابوو.

"رەنگە رووی راستی ئەم دوو دەستە نەمامەبوو

ئەو دوو دەستە گەنجە بوو

کەلەژێر رەهێڵەی بەفرا ئەسپەردە کراو

ساڵێکی تر، کاتێك بەهار

لەگەڵ ئاسمانا ئاوێتە دەبن‌و

لەناو جەستەیدا قوڵپ ئەدات

شەپۆلەسەوزەکانی باڵای بارسووك

دەپشکوێن، ئەی یار، ئەی تەنیایی ترین یار

بروا بکەین بەهەڵکردنی وەرزی سارد.."

مۆتەکەی مەرگ رۆژی 24ی رێبەندان بەرینگی پێگرتبوو، لەباکوری تاران و لەشەقامی دروس، ساعەت چوارونیوی پاش نیوەرۆ و لەرووداوێکی کوت‌وپری ماشێندا، ئەم کارەساتە روویدا. هۆکاری مردنەکەش لەلایەن پزیشکی یاساییەوە، زەربەی مێشکی و شکانی جومجومەکانی ڕاگەیاندرابوو، رۆژنامەکان کەهەواڵی مردنەکەیان بڵاوکردبۆوە، هەواڵێکی دەگمەن بوو، ژمارەی گۆڤارو بڵاوکراوەکان کەهەواڵی مردنی فورغیان چاپ



دەکرد، روو زیاد بوون ببوو، ئەم کارەش نیشانیدا کەمردنی فروغ تا چ رادەیەك لایەنگرانی شێعرەکانی ماتەمبار کردبوو. گوڵی بوونی فروغ لەگەنجیداو لەلوتکەی پشکوتنی هونەریی خۆیدا پەڕ پەڕ بوو، بەڵام ئەو لەبیر نەچۆتەوە و لەشێعری نوێی ئێراندا بەزیندویی دەمێنێتەوە.

فروغی فەروخزادو ژیان

فروغ رۆژی 15ی بەفرانباری 1313ی هەتاوی لەتاران چاوی بەژین پشکوت. باوکی واتە محەممەدی فەروخزاد سەرهەنگی ئەرتەش ناوی بوو و بەتول دایکی خانم وەزیری تەبار بوو،ماڵیان لەگەرەکی ئەمیرییەی تاران و نیزیك مەیدانی گومرگ بوو. خۆی لەوەڵام بەپرسیارێك سەبارەت بەژیانی دەڵێ: بەبڕوای من ئەم کارە بیئاکام و دژوارە، چونکەهەرکەس لەدایك دەبێ مێژووی بوونی هەیە، خەڵکی شاریان ئاواییە، لەقوتابخانەیەك دەرسی خوێندوە، کۆمەڵێك رووداوی زۆر ئاسایی و قەرار دادی لەناو ژیانیدا روو دەدەن کەبۆ هەموو کەس دێتە پێش، وەك کەوتنە ناو جۆگەلەیەك لەسەردەمی مناڵیدا، یان وەك قۆپی کردنی لەقوتابخانە عاشق بوونی سەردەمی لاوێتیو گەلێك رووداوی لەم چەشنە.

فروغ 13 ساڵ بوو کەلێهاتووی پراوپری جیهانی شیعردا لەو سەریهەڵدا. لەو تەمەنەدا گەلێك غەزەلی بەهەستی چڕی کەهەرگیز لەچاپ نەدران. ئەو کاتە فروغ خوێندکارێکی دەبیرستانی (خوسرەوی خاوەر) بوو.

(ئێرش پژمان) لەزمان یەکێك لەنیزیکانی فروغ بەناوی خاتوو (سیزدی) دەنووسێ: زەنگی (دارشتن) بۆ فروغ تاڵترین ساعەتی سەر کلاس بوو.

بەردەوام ئەیوت: من لەدارِشتن بێزارم چونکە بەراستی لەنووسینی دارشتن (انشا)دا دەستێکی باڵای هەبوو. موعەلیم لۆمەی دارشتنەکەی دەکردو دەیوت: (فروغ ئەوانەت لەکتێبەکان دزیوە). فروغ پاش کۆتایی کلاسی نۆ لەهونەرستانی ژنان نێو نووسی ئەکاتو لەمامۆستای ناسراوی وەك علی اصغر پتگرو(بهجت صدر) شێوەکانی شێوەکاری فێردەبێ.

لەو سەردەمەدا لەگەڵ (سهراب سپهری) ئاشنا دەبێ. ئەو تابلۆیانەی کەفروغ لەسیمای خۆی ئامادەی دەکات پەیوەندی بەو سەردەمەوە هەیە. فروغ لەو سەردەمەدا روودەکاتە ئەزموونی گەلێك هونەری تری وەك خەیاتی، تابلۆ و گڵدۆزی کەلەشکل گرتنو دەق بەستنی لێهاتوویی هونەری ئەو کاریگەرییەکی زۆریان داناوە.

فروغ لەکاتێکدا کەتەنیا 16 ساڵانەیە لەساڵی 1339 بەهۆی پێ داگرتنی دایكو خزمانی دایکی لەگەڵ یەکێك لەخزمەکانی دایکی بەناوی (پرویز شاپور) کەتەمەنی 31 ساڵان دەبێ، ئیزدواج دەکات، ئەو جۆرێك بیردەکاتەوە کەگۆیا عاشق بوە!

15 ساڵ جیاوازی تەمەن موژدەی ژیانێکی خۆشی دڵی نیە، بەساڵێک تێپەڕبوون بەسەر ئیزدواج دا فروغ دەبێتە خاوەنی مناڵێکی کوڕ کەناوی دەنێ کامیار. پاش ساڵێک ئیزدیواج دژایەتی لەنێو فروغ و هاوسەرەکەی سەرهەڵدەدا و فروغ لەنێون (شێعرو ژیان لەگەڵ هاوسەرەکەی کەئەمە قسەی هاوسەرەکی بووە، شێعر هەڵدەبژێرێ.

((یاری من شێعرو دڵدارم شێعرە

ئەرۆم هەتا بەدەستی دێنم.))

فروغ خۆی ووتویەتی (ئەم ئەوین و شووکردنە گاڵتەجاڕییە لەتەمەنی 16 ساڵان بناغەی ژیانی داهاتوومی لاوازکرد.)

(یاسای پاشایەتی) لەکاتی جیابوونەوە، هەم مناڵکەی لێ ئەستاندو هەم مافی چاوپێکەوتنی نەدرا. جیابوونەوەی مناڵ داخێکی خستە سەردڵی هەستیار و ناسکی فروغ. ئیتر ئەو مناڵەکەی واتە کامیاری خۆشەویستی نەدیتەوە. فروغ لەماوەی 16 ساڵەی دواتری ژیانیدا هەرگیزو هەرگیز چاوی بەمناڵەکەی نەکەوت. لەم رووەوە بوو کەفروغ یاغی بوو، رێگە چارەی لەعەشق و ئەوین و دیسانیش عەشقدا دۆزییەوە، رووی کردە خۆشەویستی و سۆزو هۆگری. لەو سەردەمەدا بوو کەنووسی:

(کاتێک کەمتمانەی من لەداوی سستی دادپەروەریدا ئاوێزان بوو)

لەتەواوی شاردا،

دڵی رۆشناییم پارچە پارچەکرا،

کاتێک کەچاوەکانی مناڵانەی ئەوینی منیان

بەدەسماڵی رەشی یاسا دەبەستن، و

لەدرزی کەف و کۆڵی قوڵایی ئارەزوومەوە

خوێن ئەپژا

شتێک نەبوو، هیچ نەبوو بێجگە لەتیك تاکی ساعەتی دیواری

تێگەیشتم دەبێ، دەبێ ...

دەبێ سەر شێتانە خۆشم بوێ..

ژیانی فروغ پڕاوپڕ لەخۆشەویستی، عەشق و متمانەو سۆز بەرانبەر بەمرۆڤ، لێوڕێژ لەشێعر بوو، شێعرێکی هەمیشە زیندوو، هەتا سەعات 4.5ی پاش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە 24ی رێبەندانی 1645 لەشەقامی دروسی تاران، کاتێک کەفروغ نابەوەخت و کوت و پڕ ماڵئاوایی کرد. لەوە دەچوو بۆ خۆی چریبێ:

(بەدایکم وت، ئیتر برایەوە

وتم هەمیشە بەرلەوەی بیری لێبکەیتەوە روو ئەدات،

دەبێ پرسەنامە بۆ رۆژنامە بنێری.)

فروغ و شێعر

یەکەم کۆمەڵە شێعری فروغ کەناوی (ئەسیرە) و 44 پەیڤی لەخۆ گرتووە، کاتێك کەفروغ تەنیا تەمەنی 18 ساڵان بوو لەساڵی 1331 چاپ دەکرێ، کە(شجاع الدین شفا) پێشەکیەکی بۆ ئەم کتێبەنووسیوە.

فروغ لەساڵی 1335 دووهەمین کۆمەلەشێعری خۆی بەناوی (دیوار) بلاْودەکاتەوە. بەچاپ بوونی ئەم دوو کۆمەڵە شێعرە بارانی، تانەو تەشەرو تاوان لەلایەن بەرچاو تەنگانو دەمارگرژانەوە بەسەریدا دەباریْ، بەلاْم فروغ سەرەرای ئەوەی کەتەواو نا ئومێدیش دەبیْ، پیْ لەسەر ئیرادەی خۆی دادەگریْ و بەجەربەزەتر بەگژیاندا دەچێتەوەو شێعر دەلْیْ.

لەو سەردەمەدا هەموو سەرکۆنەی فروغ دەکەن لەروناکبیرانی رەسەنو خەلْکییەوە بگرە تا بیرمەندانو هونەرمەندانی ئەو سەردەمە. تەنیا دەمێنێتەوە لەدووسورێکدا کەبەرادەییەك تەنیایی، تەنیاترە). خەلْکانی دەوروبەریشی هەروەك خۆی دەلْیْ (بروابکەی بەهەلْکردنی وەرزی سەرما) ئەوان بوون:

(لاشە خۆشبەختەکان،

تەرمە داماوەکان

تەرمی تەرپۆش، خۆشی خۆر.)

ئەو لەکۆمەڵگایەکی فاسددا کەبەئاستەم بەشارستانیەتی گەورە دەگاتو سەرکوتی سامناکی ساواك، پشووی لەقورگی ئازادیدا قەتیس کردوە، لەبێدەنگی ئەترساو دەنگی هەلْدەبڕی:

(من لەسەردەمێکەوە

کەترپەکانی دلْم بزرکردوە ئەترسم

من لەتێگەیشتنی گێلانەی ئەم هەموو دەستەو

لەدەنگدانەوەی نامۆیی ئەم هەمووە سیمایە ئەترسم).

فروغ لەساڵی **1326** سێهەم کۆمەلەشێعرەکانی بەناوی (عصیان) چاپ دەکات. سەبارەت بە(دیوار) و (عصیان) وتبووی: (لەراستیدا دیوارو عصیان پەلەقاژەیەکی نائومێدانەیە لەنێوان دوو قۆناغی ژیاندا، دوایی پشووی بەر لەجۆرێك رزگاربوونە. مرۆڤ بەقۆناغی بیرکردنەوە دەگات. لەسەردەمی لاویتیدا هەستەکان بناغەیەکی لاوازیان هەیە، تەنیا سەرنج راکێشن. ئەگەر دواتر بەهۆی بیروهزرەوە رێبەری نەکرێنو و یان ئاکامی بیرکردنەوە نەبن، زەرد هەلْدەگەرێنو وشك دەبنو کۆتاییان دیْ، من بۆ جیهانی دەوروبەری شتەکانی چواردەورم و ئینسانەکانی پەنادەستمو هێلەسەرەکیەکانی ئەم جیهانەم روانی، دۆزیمەوە کاتێك کەهەولْم دا دەری برم، دیتم پێویستیم بەوشەیە، وشەی تازە کەپەیوەندیان بەم جیهانەوە هەبیْ، ئەگەر ترساپام دەمردم بەلاْم نەترسام، نەسرەوتم).

لەساڵی 1342، فروغ جارێکی تر کۆمەڵێك شێعری نوێی خۆی بەناوی (لەدایك بوونێکی تر

پێشکەش بەئەویندارانی شێعر دەکات. فروغ لەو وتووێژانەی کەبەناوی (م. ازاد) دەیکات، دەڵێ: (سەبارەت بەکارەکانی خۆم قازییەکی زاڵمم. کاتێك سەیری کتێبی (لەدایك بوونێکی تر) دەکەم بۆ بەداخم. ئەوە بەرهەمی 4 ساڵ ژیانی منەو زۆر کەمە. ترازووم بەدەستەوە نیەو شێعرەکانم ناکێشم بەڵام چاوەڕوانیەکی زۆرترم لەخۆم هەیە. کاتێك شەو دەمەوێ بخەوم، لەخۆم دەپرسم ئەمرۆ چیم کردوە؟ هەڵەی کاری من ئەوەیە کەدەیتوانی زۆر باشتربێ و بەخێراییش گەشە بکات. بەڵام پێشم پێ گرت، بەتەنبەڵی، بێ هیوای فەیلەسووفانە، دڵسارییەك کەبەرهەمی بیرکورتی و چاوەروانی بێ جێ لەژیان). بەڵام فروغ بەخوڵقاندنی کۆمەلەشێعری (بروابکەین بەسەرەتای وەرزی سەرما) سەرنجی شاعیرانی گەورەی ئەو کاتەی ڕاکێشاو هەوڵی گەورەی داهێنەرانەی خۆی بەئاکام گەیاند.

فروغ یەکێك لەپێشکەوتوترین و رەسەن ترین سیمای شێعری سەردەمە. لەکۆمەلەشێعری (بروا بکەین بەسەرەتای وەرزی سەرما) شاعێرێکی پێشکەوتوو و داهێنەرە. تێدەکۆشێ سەر لەنوێ وەزن بخوڵقێنێ، دەست دەداتە خوڵقاندنی شێعرێك، کەخاوەنی وەزنی جیاوازە. عەلی بابا چاهی لەم پەیوەندییەدا دەڵێ: (فروغ تێك ئاڵقانی وەزنی، بەپێوانەی تێکئالآوەکانی تازەی وێنەدار، ململانێی گەڵ وشەکانی بەرواڵەت ناشاعیرانە، بەرەوپێش دەبات، فروغ وێنەکان، چەمك و بیرناسراوەکان لەناوەرۆکێکی نامۆدا دەردەبڕێ، لەم رووەوە وەرزنی نیمایی، جۆرێك لەمۆسیقای هەستیاری و چەند وەزنی، چەند دەنگی لەفەزایەکی نوێدا دەخوڵقێنێ.)

لەم پەیوەندییەدا سەرنج بدەنە ئەم شێعرە:

ئەوە منم  
ژنێکی تەنیا  
لەدەرگانەی وەرزێکی سارد  
لەسەرەتای تێگەیشتنی ناوەرۆکی شلوێی زەوی‌و  
لاوازیی ئەم دەستە  
زەمان رابرد  
زەمان تێپەڕی و چوار جار سەعات لێی‌دا  
ئەمرۆ یەکەم رۆژی بەفرانبارە  
من لەزاری وەرزەکان تێدەگەم  
رزگاریدەر لەناو گۆڕدا خەوتووەو  
خاك، خاك خانە خوێ  
هێمایەکەبۆ هێوربوونەوە

دوورکەوتنەوەی فروغ لەم شێعرەدا لەشێعرەکانی پێشوو تەنانەت لەشێعری شاعیرانی پێشڕەوی ئەمرۆیی، لەوەدایە ئەو لەدیمەنی وێکچووی کەسانی تر، هەم بۆ شێعرو تێگەیشتن لەشێعرو هەم

بۆ جیهانی دەوروبەری خۆی دەروانیٚ. شیٚعریٚك پیٚشكەش دەكات كەچاوەروان نەكراوە و جاروبار شیٚعرەكانی بەرادەیەك ساكارن كەلەبەشیٚعرزانینیان بەلای ئەو كەسانەی شیٚعرناسن، تووشی گومان دەبن.

سەرنج بدەنە ئەم نموونەیە:

لەكۆلاٚندا (با) هەلیٚكردوە

ئەوە سەرەتای ویٚرانییە

ئەو رۆژەش كەدەستەكانی تۆ ویٚران بوو، (بای) دەهات

شیٚعری فروغ خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەو پەنا بۆ مەترسی و ئەزموونی نویٚ دەبات. فروغ لەشیٚعردا بۆ ئینسان دەروانیٚ، لەشویٚن جوانییە، ئەو داروخاندنی ئینسان، دلٚەڕاوكیٚو برینەكانی دەشكیٚنیٚو باسیان دەكات. فروغ بایەخ و متمانەی بەشیٚعری ژنانو شیٚعری سەردەمی ئیٚران بەخشیوە.

مەخابن كەژیان هەلیٚكی كەمتری بەفروغ دا هەتا لەپیٚناو خولٚقاندنو دۆزینەوەی بوارە ئەفسوناویەكانی شیٚعردا تیٚبكۆشیٚ، بەلاٚم ئەم هەلەكەمەش، سیمایەكی درەوشاوەی لەفروغ دروست كرد كەزیندوویەتی، راستگۆیی و زالٚ بوون بەسەر ویٚژەكاندا ماناو شیٚعر، تایبەتمەندی ئاشكرای ناخی ئەون.

فروغ بەرەدكردنەوەی ماناو گەلاٚكردنی پرسیاری كەبۆچی رابوەستم ؟ بۆچی ؟

لەپیٚدەشتی سوننەتو نەریت لەشیٚعرو ژیانو ژن بوون تیٚپەڕی. ئەو بەهیٚنانەدەری شیٚعری خۆی لەپاشماوەكانی دواكەتوویی‌و كاویٚژ كردنەوەی شیٚعرەكانی ئیٚران، گەلیٚك دەركو دەروازەی بەرووی شیٚعری نویٚی ئیٚراندا كردەوە" شیٚعری فورغ جادە ئاسایەكە" كەریٚبوارانی مۆدیٚرنو ئەمرۆیی ئیٚران بەرەو ئاسۆ روونەكانی ریٚ دەپیٚون تیٚپەر دەبن. لەپیٚناو دریٚژەدان بەگەشەی وەزنی شیٚعری مۆدیٚرنو ئینسانی ئیٚران مزوغەوە لەفەروغ تیٚپەڕ بن. جموجۆلٚو نەسرەوتن و پەنا بردنە بەر مەترسی لەزەین و زەماندا، میراتی گەورەی فروغ لەشیٚعری نویٚی فارسیدا. بونە سلٚی ئەمرۆ و داهاتوو، سیمای ئینسانی فروغ سیمایەكی زیندوو و نەمرە.

# چاوگێرانێك بە سەر شێعری ئەمڕۆدا

ن: فروغ فەروخزاد
و: سەعید ئەمانی



(روونکردنەوە: فروغ ئەم وتارەی لەساڵی 1339 هەتاوی‌دا نوسیوە، لەم ڕووەوە گشت ڕەخنەکانی ئەم وتارە ئاڕاستەی شێعرو شاعیران‌و هەروەها کۆمەڵگای ئەو سەردەمە کراوە).

.. بەبڕوای من ئێستا ئیتر هێنانەگۆڕی باسگەلێکی لەم چەشنە (شێعری کۆنەو نوێ) بەسەرچووەو بەشداری کردن لەم باسانەدا ناتوانێ هۆیەکی جیا لەبێکاری‌و دەرك نەکردنی چەمکی ڕاستەقینەی وشەی شێعر بێت، ئەگەر مەبەست لەم وت‌ووێژانە ڕوون کردنەوەی جەماوەری خەڵکە، پێویستە عەرزتی بکەم بۆ جەماوەری خەڵکێکی کە بەقەولی خانمی.. " لەگەڵ بێسەوادی‌دا، لەکەم‌و زیادی هیجاکان دەگەن‌و ئەوت وەك شێعر لێ قەبووڵ ناکەن" فەرق ناکات شێعر یان بخەیە بەرچاو یان هێجا. هەروەها جەماوەرێکی کە هێشتا لەگەڵ سەرەتایترین مەسایلی ژیان دا، واتە مەسەلەی تێرکردنی سك دا، دەستەو یەخەن، چۆن دەتوانن لەم بوارانەدا سەرنج‌و عەلاقەیەکی تایبەت لەخۆیان نیشان بدەن؟ ئەگەر مەبەست دروستکردنی چەشنێك حەقانیەت بۆ یەکیان‌و، ڕەدکردنەوەی ئەویترە“ دەبێ بوترێ شێعر بەمەفهومی واقعی خۆی نیازی بەوتەبێژو داکۆکی کەر نییە. ئەوەی کە شێعرە سەرەڕای گشت دژایەتی‌و لایەنگریەکان لەدایك بوونی خۆی دەسەلمێنێ‌و درێژە بەگەشەو هەڵدانە سێحراویەکەی دەداو بەبێ بایەخدان بەم جۆرە باسانەی کە "چرا لامپا باشترە یان کارەبا" و ئەم چەشنە بەڵگانەی کە دەڵێ "هەموو لای لایەکان لەسەر بنەمای وەزنی عەروزی دروستکراون‌و گشت دایەنەکانیش ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن" وە ئەم شێوە



سوننەتیە بێ مانایانەی "چون باوكو باوە گەورەو بەشێوەی گشتی هەموو ئەژادی من چاپەزبون كەوایە منیش دەبێ ببمە چابەز" درێژە بەرەوتی بەرەوپێشی خۆی دەدات.

ئێستا ئیتر كاتی ئەوە هاتووە كە دەست بدەینە سەرنج و خوێندنەوەی ئەو شیعرەی كە ئەمڕۆ لەژێر ناوی "شیعری نوێ" دا هاتۆتە گۆڕێ، و لەڕاستیدا تەنیا چەشنێكی ئەسڵیو سادقانەی سەردەمی ئێمەشە، شایستەگیو تواناییەكانی گەشەپێبدەینو قامك لەسەر كەموكوڕیەكانی دابنێینو هەوڵبدەین مەبەستو ئەندێشەو مەسیرێكی سالمی بۆ دیاری بكەین.

تەنیا تێكشكاندن، یان وەلانانی كێشە عەروزیەكان كافی نییە، ئەوەی كە لەوەهلەی ئەوەڵدا، لەبەرهەمێكی هونەریدا بەرچاو دەكەوێ، ماناو ناوەڕۆكەكەیەتی. دەردی گەورەی شێعری ئەمڕۆی ئێمە – بەغەیرەز یەك دوو مۆرد– خاڵی بوونی لەهەر چەشنە سەمیمییەتو حەقیقەتو هەر چەشنە ئاواتو ئەندێشەیەكی جوانە. شێعری ئەمڕۆ بینشو دەركی سەردەمی خوێی نییە. گەورەترین هەڵەی شاعیرانی ئێمە لەمەدایە كەپێیان وایە بەجۆركردنی هێندێك تەعبیرو ئاماژەی نوێو گونجاندنیان لەچوار چێوەیەكی نا ئاساییدا، دەتوانن وێنەیەكی ئەم ژیانە تووڕەو نەخۆشەی كە لەكۆڵانو شەقامەكاندا لەجەریاندایە، بدەنە دەست ئێمە.

خاڵێكی گرینگی كە لەشێعری ئەمڕۆدا جێی نیگەرانیە. هەوڵدانیەتی لەپێناو دەربڕینی چەمكە دوور لەزەینو ڕاكردن لەساغیو سادەییە. وەك مناڵێك دەچێ كە بۆ ڕاكێشان سەرنجی دەوروبەر دەست دەداتە بڕین یان سووتاندنی قامكی خۆی.

شاعیرەكان دەست نادەنە دەربڕینی ئازارەكانی خۆیان، بەڵكو سەرگەرمی زەقكردنەوەو پەڕو پۆ پێدانی سووكایەتیو لاوازیەكانی خۆیانو ئەمەش بەو هۆیەیە كە لەڕاستیدا خاوەنی ئازارێكی گەورە نین یان هەست بەئازارێكی گەورە ناكەن.

شێعری ئەمڕۆ لەدەریچەیەكی تەنگو بێ بایەخەوە كە بەتاری جاڵجاڵۆكەی خۆ بەزل زانی، تەمبەڵیو زۆربەی كات نەخوێندەواری و بیرتەسكی تەندراوە، دڕاوننە دنیای دەرەوەو كاتی خۆیان بەوەرگرتنی سەنەدی ڕەزامەندی لەمولەو بەسەر دەبەن.. وەك ئەوەی بڵێی باوەڕیان بەبوونی خۆیان نییەو تەنیا لەڕێگای پەسەندو پێداگری خەڵكی ترەوەیە كە دەتوانن لەسەرپێ ڕاوەستنو خۆیان چییان لەچەنتەدا نییە.

هەستێكی كە شاعیرانی ئەمڕۆ ئەركی دەربڕینیان گرتۆتە ئەستۆ هەستگەلێكی بێ ناوەڕۆكو ئەغڵەب نامرۆڤانەو بەدەڵن. شاعیر تەنیا فێر بوە باس لەئازار بكات، هەر دەڵێی ئەوەی باس لەئازار نەكات شێعر نییە. لەهەڵاو هەنگامەیەكی كۆمەڵاتی كەبڵیندگۆی رادیۆو پەردەی سینەماو تەلویزیونو لاپەڕەی ڕەنگی ڕۆژنامەو گۆڤارەكان لەئارادا، زەوقو هەستی

ئەویان بەلاڕێدا بردوە. هۆنەری شێعر دەیەوێ تەنیا بەبەردەوام دوپات کردنەوەی وشەی "دەرد" دەربڕی گشت دڵەڕاوکێکان، ئاوات‌و ئارەزوەکان، تاسەو نەخۆشیەکانی وەها کۆمەڵگایەک بێ، ژیان ئەمڕۆ پڕە لەترس‌و دڵنیگەرانی. بەڵام شێعر هیچ هاوارێکی تێدا نییە. ملاحەزەکاری، لەبەرچاوگرتنی هێندێك قەواعدو رسوم، ترس، شەرم‌و نێوبانگ خوازی دیوارگەلێکن کە بەدەوری شاعیری ئەمڕۆدا کێشراون. ئەو لەبیری راسان‌و شۆڕش بەدژی فەسادو دواکەوتوویی کۆمەڵگا کەی‌دا نییە، تەنیا پێی بڵێن شاعیر بۆ ئەو کافی‌یەو هەروەك وتم تەنیا ئەوە فێر بووە بڵێ "ئاخ چەندە دەردو ئازار دەچێژم" و پێی وایە ئیتر ڕەسالەتی خۆی بەدەربڕینی ئەم ڕستەیە بەئەنجام گەیاندوە.

ئێمە دڵمان بەکۆنفرانس دان‌و چاپی وێنە خۆشەو بەپرسیارگەلێکی لەم چەشنە کە "خۆرشی قورمە سەبزیت پێ خۆشترە یان ئیسفەناج" و وڵامگەلێکی لەم چەشنەی کە "من باوەڕم بەمەلك الشعراو مەرحوم شاعیری میللی هەیە" کەسایەتی شاعیرانەی خۆمان لەکۆمەڵگادا بەجێکەوتوو دەزانین.

من بەپێچەوانەی بەشێك لەشاعیران کە بەخۆش بینیەکی ساویلکانەوە دەڕواننە رەوتی شێعری ئەمڕۆ، تەنانەت هێندێك جار لەگەڵ ئەدەبیاتی وڵاتانی ئوروپاییدا هەڵیدەسەنگێنن، لەسەر ئەو باوەڕەم کە شێعری ئەمڕۆ بێجگە لەیەك دوو مۆرد –



کە پێشتریش ئاماژەم پێدان – شێعرێکی بێ ناوەڕۆك‌و مایەپووچە. ئەو شێعرو شاعیرانەی کەدەکرێ پشتیان پێ ببەسترێ لەقامکەکانی دەست تێناپەڕن.

ئەوانەش کە کارێك ئەنجام دەدەن لەگۆڕستانێك دا کەناوی شوێنی هونەرو ئەدەبیاتی ئێمە هێدی هێدی ژیان‌و هیواو هومێد لەبیر دەکەن‌و لەژێر گوشاری جەبرێك دا کەزادەی ئەم ئالوودەگی‌و فەسادەیە، لەسەحنە دەچنە دەرەوە.

لەبیابان دا وێستان‌و هاوارکردن و بێ وڵام مانەوەو درێژەدان بەرکارە هێزو توانییەکی لەڕادەبەدەرو مافەوقی بەشەری دەوێ.

کاتێ کتێب گەلی وەك "هەوای تازە"، ئاخرین شانامە" و "زستان" لەگەڵ پیلانی بێدەنگی بەرەو روو دەبن‌و وڕێنە گەلێکی وەك بەرهەمگەلێکی کارخانەی غەزەل سازی ئاغای برایمی سەهب‌و مەرحوم سادق سەرمەد تاریف‌و ستایشی کۆمەڵگایەك هەڵدەخڕێنێ ئیتر چ چاوەڕوانیەکت دەتوانێ هەبێت. نیوەی گوناهی ئەم گەشەو هەڵنەدانەی شێعری ئەمڕۆ لەئەستۆی حسێن قولی مستەعانەو ئۆلگوی جوانی ناسیەکی: مەهوەش.

کۆمەڵگایەکی کە لەبەرەو نزم بوونەوەی زەوق‌و ئەندێشەکانیدا کرمانە تل دەخواو دەبزوێ ناتوانێ هونەرمەندێکی گەورە پەروەرش بدات‌و ئەو هونەرمەندانەی کە هێشتا پێیان نەناوەتە یەکەم پلیکانی مرۆڤایەتی بەڕادەیەك بێ بایەخن کە چڵکی

ژێر نینۆ خەکانیشیان بەهۆی هونەرمەند بوونیان پاك ناکەنەوە، قەت ناتوانن بەرهەمێکی گەورە بەرهەم بێنن.

ئەگەر لەم سەرتایانە گەڕێین، شێعری ئەمڕۆی فارسی لەچوارچێوەی ماهیەتی ئێستای‌دا لەسێ لایەنی جۆراوجۆرەوە دەکرێ بدەینە بەر باس: یەکەم – کاکڵ‌و ناوەڕۆك، دووهەم – زمان، سێهەم–کێش. بەشێوەی گشتی لەمەسیرێك دا کە شێعری فارسی لەسەردەمی سەرهەڵدانی خۆیەوە تا ئێستا پێی دا تێپەڕیوە، ئەم ساڵانەی دوایی یەکێك لەسەرنج راکێشترین دەورەکانی ژیانی ئەو لەهەر سێ لایەنە جیاوازەکەوە بوە. بەڵام حاسڵی ئەم گۆڕان‌و جیاییە لەسوننەت گەلی رابردوو، کەبەشێعری نوێ نێوی دەبەن، بەتەنیایی‌و لەبەراورد لەگەڵ هەڵکشان‌و داکشانێکی کەشێعر دەکرێ بەخۆیەوە ببینێ چەندان دڵخۆشکەر نییە.

کاکڵی شێعری ئەمڕۆ، کە گرینگ ترین‌و سەرەکی ترین لایەنیەتی، لەوشیاریەکی قوڵ بێ بەهرەیە. شاعیر بەوشەو وێنە یارییەکی مناڵانەی دەست پێکردووە. ئەو قسەیەکی بۆکردن نییەو سەمەرەی کارەکەی هەڵگری پەیامێك نییە.

بەرهەمەکەی وێنەی ژنێکی جوانی مردوە کە ئەگەر پێلوەکانی بکەنەوە لەقوڵایی رەشێنەی چاوی‌دا تروسکەو درەوشانەی‌وەی ژیان جێی خۆی داوە بەبۆشایی‌و بێدەنگیەکی بێ کۆتایی، و روانینی دەربڕی هیچ چەشنە ئەندێشەیەك نیە.



شێعری ئەمڕۆ لەگرایش بەرەو بابەت‌و مەسایلەکۆمەلایەتیەکان کەمتر سادق‌و سەمیمی بوە. وەك بڵێی پێی وایە بۆ تەکمیلی وەرەقەکانی پەروەندەکەی نیازمەندی ئەوراقێکی لەم چەشنەیە. تەنیا لەبەرهەمەکانی نیماو چەند کەسێکی‌تر لەشاعیراندایە کەدەرك‌و هەستێکی قوڵ لەهەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگا بوونی هەیە. کاتێ شاعیرانی رەخنەگری ئێمە لەم شێعرەی شاملو:

ساڵی شووم<br>
ساڵی با<br>
ساڵی گومان<br>
ساڵی هیوا درێژەکان خۆراگریە کەمەکان<br>
ساڵێکی کەغوروور گەدایی کرد<br>
ساڵی ئازار، ساڵی تازیە باری

ئێراد دەگرن‌و دەڵێن "لەهەر چەشنە جوانی‌و فەننیکەوە" دوورە، ئینسان لەگەڵ بێ ئینسافیەکی گەورەدا رووبەڕوو دەبێ.

من مەبەستم لایەنگری لەهیچ کەسایەتیەك نییە. من تەنیا بیر لەشێعر دەکەمەوە لەسەر ئەو باوەڕەم ئەم چەند دێڕە کورتە، لەعەینی ساکاریدا، بەچەشنێکی ئازاردەر دەربڕی ماهیەتی ئەو سالەرەشانەن کە بەسەرماندا تێپەڕین. شاملو لەگشت بەرهەمە کۆمەلایەتیەکانی خۆی‌دا لەزاویەیەکی بەرینەوە سەرنجی داوەتە مەسەلەجۆاروجۆرەکان. ئەو دڵنیگەرانی‌و تاریکی دوروبەری بەباشی ئاوێتەی خوێن‌و گۆشتی



وشەکانی کردوە. ئازارو هەستی جوان‌و مرۆڤانەیەو جارجارە شێعرەکانی تا ئاستی شوێنەوارێکی حیماسی بەرز دەبێتەوە.

لەهەر وشەو دێرێکی شێعری شاملودا ئینسان لەگەڵ ئەندێشەو دەربڕینی چەمك‌و ئارەزوو گەلێکی پاك دا بەرەو رووە. لەناخی شێعری ئەودا مناڵی بەدلێکی بێ گەردەوە ئازارکێشی جوانی‌و حەقیقەتە.

تەسلیم بوونی لەبەر بێ باوەڕی نییە. شێوەیەك لەچاوەڕوانی‌و بێدەنگی پێوەیە کە ئەڵێی لەناخیدا ئەندێشەی فەتح‌و هاوار پەروەردە دەکات. ئومێدو خۆشبینی ئەو لەساویلکەیی بەری‌یەو بەشاراوەیی بەئینسان دەڵێ "ناکرێ باوەڕ بەهیچ شتێك بکرێ".

من قەتم شاملو لەنزیکەوە نەدیوە، هەرچەند جارجارەیەك لەئەسەر تووڕەبوونێکی ئانی، سەبارەت بەو باوەڕو بۆچوونێکی تایبەتیم دەربڕیوە بەڵام هەرگیز لەخەڵوەتی دڵی خۆم دا نەم توانیوە ستایشی شێعرەکانی نەکەم چون لەوجوودم دا زایەڵەیەکی سادقانەی هەیەو باس لەئەندێشەیەکی پڕ سەمەرو هەستێکی ئینسانی‌دەکات. دەکرێ لەمەڕ شعێری ئەوەوە زۆرتر بوترێ‌و بنووسرێ‌و لەم چەند دێڕەدا مەجالی ئەوەمان نییە.

شاعیرێکی تری کە لەبواری مەسایلی کۆمەڵایەتی‌دا کارێکردووە "ئەلف ئومید"ە. هەر چەند لەگەڵ زمانەکەی‌دا، بەهۆی باوەڕی شەخسیم لەم بارەیەوە، ناتوانم تەوافوقم هەبێ، بەڵام ئێستا باس لەزمان نیە، قسە لەئەو شتەیە کە لەپشت و شەو ئێسك بەندی شێعرەوە شەپۆل ئەدات‌و حەقیقەت‌و کاکڵی سەرەکی شێعرە. من جارجارە شێعرەکانی وەك بوغزێك لەگەروومدا هەست پێدەکەم.

شێعری ئەو بەداخەوە بوونێکی پڕ شکۆیە بۆنی بەرەو تێداچوونی باوەڕگەڵی پڕاوپڕ لە بڕواو یەقینی لێدێ.

شێعری ئەو ئاوێنەی راستگۆیانەی بێ بەشیەکان، هەوڵ‌و ئارەزوەکانی بەرەیەکە لەلوتکەی شۆڕو باوەڕی‌دا، لەناکاو خۆی تەنیاو خەڵەتاو هاتە بەرچاو. لەشێعرەکانی‌دا وێنەی مرۆڤو شتەکان هەر کامە بەتەنیایی زایەڵەیەکی ئافسووناویان هەیە. قەلبی شێعری ئەو قەلبێکی گشتی‌یەو بێدەنگ ترین زەربەکانی باس لەئارەزوویەکی شەریف‌و نەجیب دەکات: ئەو لەشێعریدا خۆی وەك گرێیەکی دەروونی دەکاتەوەو هەستەکانی خاوەن تەکان‌و هێزێکی سەرنج راکێشن. ئەگەر چاو لەنیماو شاملوو ئەخوان بپۆشین بەرهەمی زۆربەی ئەو شاعیرانەی کەسەرنجیان داوەتە مەسایلی کۆمەڵایەتی بەرهەم گەلێکی زاهیرسازی‌و خۆناچارکردنێکی رواڵەتیە.

هاودەردی تەنیا لەڕواڵەتی وشەدا بوونی هەیە نەك لەناخ‌و رۆحی چەمکەکاندا. دیارە کەسێك کە باس لەبرسێتی دەکات خۆی لەسەر سفرەی رەنگین رۆنیشتوە و گیرۆدەی ئازاری تێرییە. پەیوەندییەکی کە لەنێوان ئەم چەشنە شێعرانەو ڕاستەقنیەی ئازاردەری کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، بەڕادەیەك

لاوازو منالآنیه کەهەر لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجی سیاسیدا، هەروەك دیمان، بەرهەمو خاوەن بەرهەم بەدەستی فەرامۆشی دەسپێردرێن.

شێعری ئەمڕۆ کەمتر توانیویەتی بەواتای ڕاستەقینە خۆشی بوێ. ئەوین لەشێعری ئەمڕۆدا یان ئەوەند ئیغراق ئامێزو پڕ سۆزە کە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ هێلەعەسەبیو عەجوولەکانی ژیاندا نایەتەوە یان بەڕادەیەك سەرەتاییو پڕ ئازارە کەئینسان دەخاتە بیری "مرمیاوی" جووت خوازانەی گورپە پشیلەکانی سەر دیوارو سەربانە هەتاویەکان. لەشێعری ئەمڕۆدا هەرگیز وەك جوانترینو پاکترین عەواتفی بەشەری باس لەئەوین نەکراوە. پەیوەندو ئاوێتەبوونی دوو جسمو جوانیەکەی تاڕادەی نیازو پێداویستیەکی سەرەتایی دادەبەزێ.

ڕووبەڕووبوونی شاعیری ئەمڕۆ لەگەڵ مەسەلەی ئەویندا بەرخوردێکی سەدا سەد ڕواڵەتیە. عیشق لەشێعری ئەمڕۆدا بریتیە لەهێندێك تەمەناو برێك سۆزو تلیسانەوەو سەرئەنجام چەند وشەیەك سەبارەت بەپێك گەیشتن کە کۆتایی هەموو شتێکە، ئەمە لەحاڵێکدایە کە دەکرێ سەرەتای هەموو شتێك بێت، عەشق دەریجەیەکی ڕوو بەدنیا، ئەندێشەو ئاسۆ فکریەکانو هەستە نوێیەکان نەکردۆتەوە.

شێعری ئەمڕۆ تەنیا لەلایەنی مەنفیەوە دەکرێ بەشێعرێکی ئەسیلو سەرکەوتووی بزانی، سەرگەردانییە فکریەکانو ئاڵۆزی ڕۆحی، نەبوونی



متمانەو بێ باوەڕی موتلەق بێ هیواییو گومان مەزموون گەلێکن کە قەلبی شێعریان داگیرکردووەو شاعیر لەتەریك کەوتنەوەی بێ چارەسەریدا، کە لەهەمان حاڵدا گشتی ترین دەردی بەرەو نەسڵی ئێمەیە، مالیخولیاکانی دێنێتە سەر کاغەزو وێنای دەکات لەم ڕێگایەوەیە کەشێعر جارجارە گەشەو بەلوتکە گەیشتێنکی تایبەتی لەخۆی نیشان داوە.

لەشێعری ئەمڕۆدا جێگای مەزموونگەلی حیماسی خاڵییەو بەرهەمگەلێکی کەلەم بوارەدا بەرهەم هاتوون—بۆ نموونە دەکرێ باس ئارەش کەمانگیری ئاغای کەسرایی بکەین— زۆرتر لەلایە لایەکی بێ ماناو بێ ناوەڕۆك دەچن تا لەشوێنەوارێکی بەهێزی حیماسی کە بۆ پێکهاتن، لەخوێنو غوورورو باوەڕێکی شەریف مایەی گرتبێ.

لەبەرانبەردا ناوەڕۆکی شێعری ئەمڕۆی فارسی توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر خۆی لەو شتە زیادیو نا شێعرییانە بتەکێنێو دوورخاتەوە کەهەرگیز ناتوانن لەخزمەت گەشەی شێعری دابنو بەرەو کاکڵو چەمکی سەرەکی شێعر بچێ.

شێعری ئەمڕۆ ئیتر کەرەسەی مەوعیزەو پەندو نەسیحەتو داوەریو داستان وێژی نییە. شێعر دەستی داوەتە خولقاندنی شێعر. هەرچەند سەرکەوتنی لەم بوارەدا زۆر بەرچاو نییە بەلام ئیتر هێزو تواناییەکانی لەلارێ بووندا، بەفیڕۆ نادات و سنوری دەستەلاتی خۆی دەناسێو ئەمەش هەنگاوێکی جێی ڕێزە. بێجگە لەئەزموونو

ناوەڕۆکی شێعری ئەمڕۆی فارسی، گەورەترین ڕەخنەم لەشێوەی زمانیەکەیەتی، ئەو چەشنە زمانەی تێیدا بەکاربراوە.

زمانی شێعری ئەمڕۆ زمانێکی درۆزن، تەمبەڵو ملاحەزەکارەو لەدەربڕینی ئەو هەستانەی کە گواستنەوەیانی لەئەستۆ گرتوە بەهیچ شێوەیەك لەو ئیمکاناتە بەرینەی خۆی کەڵك وەرناگرێ. زمانی شێعری ئەمڕۆ لەدوو لایەن زیاتری نییە. یان زۆر فاخرو فازڵەو وا بەستە بەقەرارەدادەکانی ڕابردوە، یان زۆر بێ سەرەو بەرەو بەرەڵاو بێ سامانە، وشەگەلێکی کەلەهێڵێکی گشتیدا واتایەکی هاوشێوەیان هەیە، بەڵام هەر کامەو بەتەنیایی دەربڕی چەمکێکی سەربەخۆو یەگانەن، کاتی بەکارهێنان لەشێعری ئەمڕۆدا، بەقازانجی جوانترینو خۆشاهەنگ ترینی یەکتری لادەچن.

شاعیری ئەمڕۆ تەنیا سەرنج دەداتە جوانی وشە نەك چەمکەکەی، هەرگیز لەجێگای وشەی "چەلەنگ" ناکرێ وشەی "جوان" بەکاربێنی چون ئەگەر جوانو چەلەنگ هەردوو خاوەنی چەمکێکی بەرابەر بونایە قەت نەدەچونە چوارچێوەی دوو وشەوە.

شێعری ئێمە نیازمەندی هێندێك وشەی نوێیەو پێویستە شەهامەتی گونجاندنیانی هەبێ لەخۆیدا. تەنیا ناسینەوەی ڕاستەقینەی وشەو بەکارهێنانی دروستی ئەوە کە دەتوانێ حەیاتو گەرمیەکی نوێ بدات بەزمانی شێعری ئەمڕۆی ئێمە. نارێکترینو



ناشیرینترین وشەکان، کاتێ کە هەست دەکەین پێویستیمان پێیانە نابێ لەبەرئەوەی قەت لەشێعردا بەکارنەهاتوون وەلا بنرێنو شاعیری ئەمڕۆ بەداخەوە، ئەم کارە دەکات.

تەنیا لەشێعری شاملودایە کەئینسان جسارەت، سەرنجو بێ نەزەری شاعیر لەکەڵك وەرگرتن لەئیمکاناتی زمانو بەکارهێنانی وشەکاندا هەست پێدەکات، زمانی ئەو نەزمانێکی دیوانسالارانییەو نە زمانێکی بەرەڵڵا. ئەو ڕەوان، زیندوو، ڕووتو بێ پەردە دەنووسێو زمانی شێعری ئەو کەیلی وشەی ژیانی ئەمڕۆیی کراوە.

تەنیا ڕەوانیو فەن هەن کافی نییە، شێعری ئەمڕۆ پێویستە بەزمانێکی زیندوو بدوێ. زمانێکی بێ پەردەو بێ ڕەحمو هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەو شتەی کە لەساتەکانی بەستێنی ژیانی ئەمڕۆدا لەجەریاندایە.

لەبیرمە جارێکیان لەبەرئەوەی وشەی "گۆشت"م لەشێعرێك دا بەکارهێنابوو. لەلایەن زۆر کەسەوە درامە بەر ڕەخنەو بەپێشنیاری دۆستێك وشەی کالبودم لەجێ دانا، کەئێستا پەشیمانم، چون ئێستاش هەست دەکەم وشەی کالبود جێگای وشەی گۆشتی بۆ نەگرتووەوە.

پێشینەیەکی کە کەسەکان لەزەینی خۆیاندا سەبارەت بەوشەکەلی جۆراوجۆر هەیانە چ پەیوەندییەکی بەکارەکەی منەوە دەتوانێ هەبێ؟ ئەگەر وشەی "گۆشت" بۆ هۆگرانی شێعری فارسی تەنیا مەفهومی گۆشتی دوکانی قەسابی هەیە بەو هۆیەیە کە ئەوان نەیانویستوە یان نەیانتوانیوە

مەفهومێکی عالیترو ئینسانی تری بۆ لەبەرچاو بگرن‌و ئەوە ئەرکی من نییە وشە شێعرییەکانم بەپێی پەسەندی ئەوان هەڵبژێرم، بەڵکو ئەوانن کە دەبێ بۆ دەرکی مەفهومی وشەکان ئاستی زەوق‌و دەرکی خۆیان بەرنەسەرێ. ئەمە نموونەیەکی بچووک بوو. دەمویست بڵێم کە چۆن لەهەڵبژاردنی وشەدا بەهۆیەکی کەم بایەخ فڕوفێڵ دەکرێ.

زمانی شێعری ئەمڕۆ "زمانێکی فاخر" وەك ئەو لیباسانەی لەپشت شووشەی دوکانە لیباس شۆڕیەکانەوە هەڵیان دەواسن تەمیزو ئوتوو لێدراوە. لەکەماڵی نەزاکەت دا جنێو دەداو لەوپەڕی فەساحەت دا دەست دەداتە وەسفی دیمەنگا سروشتیەکان‌و لەئەوجی بەلاغەت دا لەگەڵ ماشوقەکەی دەدوێ‌و لەبیری چۆتەوە ئەم فەساحەت‌و بەلاغەت‌و نەزاکەتە سەرنج ڕاکێشە، تەنیا بەکاری ئوستادانی زانکۆ، فوزەلاو سوخە نرانانێکی کە تینووی خودنماینن، دێ نەك بەکاری شاعیر، و جار جارە لەتمەیەکی قورس لەهەستێك دەدات کە لەئاستانەی تاویاوی دەربڕین دا دەکوڵێ. چون زمان لەژیانەوە سەرچاوە دەگرێ‌و وەك ژیان جاروبارە ناشیرینی‌و نابەسامانیشی تێدایە.

بەشێك لەشاعیران لەزمانی شێعری خۆیاندا بەهۆی باوەڕێکی کە بەئیسالەت‌و دروستی زمانیان هەیە دەستیان داوەتە زیندووکردنەوەی وشەگەلێك لەگەڵ خاوێنی‌و ڕەگ‌و ڕیشە داریشیان لەژیاندا، ئەمڕۆ بۆ دەربڕینی مەفهومەکانیان لەتوانایی کافی بەهرەمەند



نین. من هەوڵ‌و کۆششی ئەوان بەبێ سەمەر دەزانم چون وشەکان لەژیان‌و مەرگی خۆیاندا پەیڕەوی هەلومەرج‌و نیازمەندییەکانی دەوروبەرو سەردەمی خۆیانن‌و ئەگەر بەتواناو بەهێز بن‌و سەمەر بەخش هەرگیز نامرن‌و جێگای خۆیان نادەن بەوشەیەکی دیکە. لەم بوارەدا تەنیا "ئەخوان": وەك شاعیرێکی کە بەپشت بەستن بەسوننەتەکانی ڕابردووی زمانی فارسی، توتانیویەتی بەرهەمگەلێکی بەهێزو زیندوو بەدی بێنێ. چون زمانی ئەو لەگەڵ خەسڵەتەکانی شێعریش دا بەتەواوی هاو ئاهەنگە. وشە ئاساییەکان کاتێ لەشێعری ئەودا قەرار دەگرن هەر ئەڵێی لەڕێوە ماهیەتیان دەگۆڕن‌و لەگەڵ ژیانی دەوروبەریاندا خۆ دەگونجێنن. من لەگەڵ ئەوەدا کەزمانی ئەوم لا پەسەند نییە، بەڵام ناتوانم تواناییەکانی لەپێکهێنانی چەشنێك یەکگرتوویی‌و نزیکایەتی لەنێوان وشەکانی ژیانی ئەمڕۆو ڕابردوودا ڕەت بکەمەوە. زمانی شێعری ئەو نموونەی زمانێکی پاك‌و پتەوو ئەسیلەکە سەد دەرسەد نەچۆتە ژێر باری ئەو پتەویەوەو پەیوەندیەکانی لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆی‌و زمانی خەڵکی کوچەو بازاڕدا نەپساندوە.

نموونە گەلێکی مەعقول‌و ڕەوانی زمان دەکرێ لەهێندێك لەبەرهەمەکانی نیماو زۆربەی شێعرەکانی شاملودا بدۆزێتەوە. لەگورووپی دوو هەم دا واتە ئەو کەسانەی کە بایەخێکیان بۆ ئیسالەتی زمان لەبەرچاو نەگرتوە ڕەحمانی نموونەیەکی جێی

سەرنجو سەرکەوتوە. ئەو لایەنی هەستیاری وشەکانی بەباشی هەست پێکردووە. ئەوانیتر، واتە باقی گورووپی یەکەمو دووهەم، بەردەوام خەریکی خەڵەتاندنی خۆیانو خەڵکی ترنو فوودەکەنە ئەو فوتباڵانەوە کە بەوشەی جوان رازاونەتەوە. لەنێوان چەند سەد هەزار وشەیەکی کە لەزمانی فارسیدا بەکاربراون، ژمارەیەکی دیارو مەعلومو ناسراو، بەردەوام لەشێعردا بەکارهاتوون. شاعیری ئەمڕۆ نابێ خۆی لەم چوارچێوەیەدا قەتیس بکات. کاری هەڵاواردنو ملاحزەکاری لەزمانی شێعری ئەمڕۆدا گەیشتۆتە جێگایەك کەبۆ نموونە "پەین" لەبەرئەوەی بۆن خۆش نییەو هیچ چەشنە پێشینیەکی شێعری نییە جێی خۆی ئەدات بەگوڵو سونبول. جوانی، لەناشیرینترین شتەکاندا دەکرێ بوونی هەبێ. شاعیران وشەکان زێدی عوفونی دەکەنو زمانی شێعری ئەمڕۆ بەهۆی هەر ئەم کەمتەرخەمیانەوە زمانێکی بێ ڕۆحو ناهاوئاهەنگی لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆدای لێدەرهاتوە. سەبارەت بەکێش دەبێ بڵێم من باوەڕم بەدرێژەدانی رێگای نیما هەیە.

لەکۆتاییدا پێویستە بڵێم زۆربەی رەخنەکانم سەبارەت بەشێعری ئەمڕۆی فارسی، زۆر لەشێعرە سەرەتاییەکانی خۆشم دەگرێتەوەو لەم بوارەدا خۆم لەکەسانیتر کەمتر سەرکونە ناکەم، سەبارەت بەو سێ کتێبەی تائێستا بەچاپم گەیاندون. من تازە شێعرم دەست پێکردوە، لەحاڵێکدا لەمەوپێش



بەدوایدا دەگەڕام. چون دەرفەت نییە لەوە زیاتر لەم بارەیەوە نادوێم.

ئەگەر نووسراوەکانم ببنە هۆی تووڕەیی هێندێك کەس، باکم نییەو بەردەوام کاتی خۆم بەوڵام دانەوە بەفیڕۆ نادەم، چون من باوەڕی تەواوم بەو شتانەیە کەنووسیومن.

مێهر مانگی ساڵی 1339 ی هەتاوی (1963ی زایین)

# شور و شەوقی رزگاری لە شێعری فروغ دا

ن: مەحمود فەلەکی
و: پەیمان

لەوێوە کە مێژوی شێعرو ئەدەبی ئێمە. مێژووی دەستەڵاتی فەرهەنگ و شێعری پیاوانەیە، شاعیرانی ژن کاتێ کە دەستیان دەدایە دەربڕینێکی ئەویندارى، یان لەترسی هەڵخڕاندنی ئەخلاقو سوننەتی زاڵی سەردەم بەدژی خۆیان یان لەبەر دەست رانەگەیشتن بەمەعریفەتی لەخۆڕوانین، بەشی هەرە زۆریان شێعری پیاوانەیان دەهۆنیەوە. کاتێ کە شێعری شاعیرانی ژن لەڕابێعاوە تا پەروین ئیعتسامی دەخوێنینەوە. فەزایەکی پیاوانەیان بەسەردا زاڵە" واتە ڕوانین، وێنەو هەستو زەینیەتەکان لەشێعری ئەم شاعیرانەدا بەشێوەیەکە ئەگەر ناویان لەسەر شێعرەکان لابەرین، پەی بەوە نابەی کە ئەم شێعرانە لەدەروونی ژنێکەوە هەڵقولابن. واتە لەم جۆرە شێعرانەدا هیچ چەشنە هەستێکی ژنانە بەدی ناکەین، ئەزموونێکی ژنانە هەست پێناکەین‌و دەروونی ژنی تێدا نابینین. هەر



دەڵێی هەموو شتێك لەدەرەوە ڕا بەسەر شێعردا سەپاوە.

ڕادەی بۆ رزگاری گەڕانی شاعیر، زیاتر لەڕێگای رووبەڕووبونەوەی شاعیر لەگەڵ ئەوین دا دەردەکەوێ" لەبەرئەوەی ئەوین، تایبەتی ترین‌و عاتفی ترین پەیوەندی مرۆڤ ئاشکرا دەکات. و شاعیرێکی کە بتوانێ لەم پەیوەندیە عاتفیە، چ بەشێوەی دوان لەمەڕ ئەندامو چ شێوەکانی‌تر، سەربەستانە قسە بکات، دەرخەری شۆڕو شەوقی ئەوە لەبەزاندنی کۆت‌و بەندەکان. ئەوین لەشێعردا ئەساسەن ئارمان گەرایانە وێنا دەکرێ. وە چون ئەم وێناکردنە لەگەڵ واقعیەتی ژیاندا نایەتەوە، واتە هەنگاو دەنێتە ئاستێکی بەرزترەوە، کەوایە تەنانەت قسەکردن سەبارەت بەعەشق لەشێعردا لەکۆمەڵگایەکی گیرۆدەی سوننەت‌و لەگەمارۆی ئەندیشە گەلی کۆن‌و داڕزیودا، چەشنێك دژایەتی‌و سەربزێوی لەخۆیدا باردێنێ.

له زەمانێك دا دەكرێ سادقانە باس لەعەشق و خۆشەویستی لەشێعردا بكرێ و بەرجەستە بكرێتەوە كە لەناخی مرۆڤەوە هەڵقوڵابێ. فروغ فەڕوخزاد، یەكەم ژنە لەشێعرو ئەدەبی ئێمەدا كە لەناخی خۆیەوە، ناخی ژنانەی خۆی، سەرنجی داوەتە دنیای دەوروبەری. بگرە لەشێعرە كاڵ و سەرەتاییەكانیە كە لایەنگەلی ئروتیك لەواندا بەهێزە، هاواری ژنێكی تێدا شاردراوەتەوە كە سەبارەت بەجسم و گیانی خۆی سادقانە دەدوێ. و لەو جێگایەوە كە ژن، بەردەوام لەكۆیلەتیەكی چەند لایەنەدا، مەجالی خۆدەرخستنی نەبوە، دەرخستنەوەی ئاشوبگەری بەدەن لەدەربڕینێكی رووت و دانەپۆشراودا، لەشێعرە سەرەتاییەكانی فروغ دا، نیشانەی ڕاسانێكی شۆڕشگێڕانەی شاعیرێكە كە دەیەوێ خۆی بێت و لەقەراردا دە پیاو سالارانەو سوننەتیەكان دەرچی و ژن بوونی خۆی لەقیژەیەكی ئینسانیدا دەربڕێ.

هەر لێرەوەیە كە ناوەڕۆك و هەوێنی شێعری فروغ لەشۆڕو شەوقی رزگاری پێك دێ، كە گیانمایەكەی، ئەوینە. شەوقی رزگاری لەشێعری فروغ دا دەورە گەلی جیاوازو بەرەو لووتە چون دەپێوێ: لەسەرەتاوە، ئەم شۆڕو شەوقە لەنیاز بەڕەت بوون بەسەر بەربەستی ئەندێشەیەكی دواكەوتوانەدایە كەسەرەتایی ترین داخوازیە ئەویندارانەكانی مرۆڤ دەخاتە كۆت و بەندی ئەخلاقەوەو دەبێتە كۆسپی بەردەم رزگاری پەیوەندی ئینسانی – عاتفی لەگەشەو هەڵدانی جسم و گیان دا:

ئەوكاتەی كەچاوە مناڵانەكانی عەشقی منیان
بەدەسرۆكەی ڕەشی یاسا دەبەست
وە لەشەقیقەكانی نیگەرانی ئارەزووی منەوە
كفارەی خوێن بەرەو درەوە دەپژان
كاتێ كەژیانی من ئیتر
شتێك نەبوو، هیچ شتێك، بێجگە لە تیك تاكی كات
ژمێری دیواری،
بەوە گەیشتم، پێویستە، پێویستە، پێویستە، پێویستە،
شێتانە خۆشمبوێ.

وە بەم چەشنەیە كە فروغ بەدەربڕینی ڕاسانی رۆح و گیان، شۆری رزگاری دەنوێنێتەوە. و ئەم شۆڕو شەوقە لەمەرحەلەی جسمی – ئینسانی- شێعرە سەرە-تاییەكانەوە، یان بەقەولی خۆی "ئەو رۆژانەی رامان لەرازەكانی جسم" بەرەو دەنگێكی ئارمانی- ئینسانی یان ئینسان لەگشتیەتی خۆیدا دەردەكەوێ:

تەنیا دەنگەكە دەمێنێتەوە.
وە لەئاكامدا:
فڕینت بیر نەهەچێتەوە
باڵندە بەرەو مردنە.

واتە لەلای ئەو، شەوقی رزگاری لەدەروونی ئەوینەوە لەسنووری پەیوەندیە ئاساییەكان باتر دەچێ و لەپانتاییەكانی وەك: "دەنگ" و "فڕین"دا كە دەركەوتەی رزگاری ئەبەدین، رەنگ دەداتەوە، بەم شێوەیەیە كە فروغ لەڕەخنەی سەبارەت بە بەشێك لەشێعرە ئەویندارانە باوەكاندا دەڵێ:

"بەر خوردی ئەم شاعیرانە/ لەگەڵ مەسەلەی عەشق دا بەرخوردێکی سەد دەر سەد قشرییە. ئەوین لەشێعری ئەمانەدا بریتیە لەهێندێك تەمەناو سوتانو تلیسانەوە و سەرئەنجام چەند وتەیەك سەبارەت بەویسال کە کۆتایی هەموو شتێکە، لەکاتێك دا دەکرێ دەستپێکی هەموو شتێك بێت. عەشق دەریچەیەکی روو بەدنیاو ئەندێشەو ئاسودە بیرۆکەو هەستە نوێیەکاندا کردۆتەوە. و هەروا لەئاستی چاوو برۆو پووزو ڕانی جوان دا ماوەتەوە. " ("ئارەش"، ژورمارە 13- رەشەمەی 1346).

وە هەر بەم ئەندێشەوەیە کە لەناخی شێعرەوە سەلا دەکات:

چکارم بەلوورەی درێژی وەحشیانە

لەئەندامی جنسێکی حەیوانیدا

بنەماڵەی خوێناوی گوڵەکان تەعەهودی ژینی بەمن سپاردوە.

بەلام شۆری رزگاری لەشێعری فروغ دا تەنیا لەگۆڕەپانی عەشقی ئارمانی ئینسانی دا ناگونجێ، بەشوێن دەربیجەگەلێکی ترەوەیە لەکۆمەڵێکی کە خۆی لەشێعری "ئایە زەمینیەکان" دا وێنای دەکات" لەسەر زەویەکی کە "خاك، مردوەکانی لەخۆ نەگرتو خوێن بۆنی بەنگ و ئەفیونی لێدەهاتو خۆرمردبوو". وە بەم چەشنەیە کەشێعر ڕوو بەرۆشنایی هاوار دەکات:

ئاە ئەی دەنگی بەند کراو

ئایا سکالاو بێ هیوایی تۆ هەرگیز

لەهیچ گۆشەیەکی ئەم شەوە نەفرەت لێکراوەوە

باریکە رێیەك بەرەو نوور ناکاتەوە؟

ئاە ئەی دەنگی بەند کراو

ئەی ئاخرینی دەنگی دەنگەکان..

واتە شۆری فروغ، هەردوو لایەنی رەهایی پڕ دەکات. لایەنی یەکەمی، رزگاری جسمی - فەردی یان بەدەست هێنانەوەی هۆویەتی ژنانە - ئینسانی خۆیەتیو لایەنەکەیتر، رزگاربوون لەکۆتو بەندە گشتیە کۆمەلایەتیەکانە کە ئیتر جنسیەت ناناسێ. ئەم دوو لایەنەی رەهایی، وەك دوو بەشی کوللیەتێکییەگانە، تەواوکرەی یەکترینو هەرکام لەم بەشانە بەبێ ئەویتر، درێژە بەحەیاتی واقعی خۆی نادات. حازر نەبوون یان بوونی هەر کام لەو دوانە، نیشاندەری نەخۆش یان ناتەواوی یان نا بەسامانیەکی جیدی لەکۆمەڵگادایە.

لەولایەوە کەفروغ بەردەوام لەپەیوەند لەگەڵ جیهانی زیندو و نوێدا، پێست فرێدەدا، شێعرو روانینی بەردەوام لەحاڵی تازەبوونەوەو گۆڕاندایە. و ئەم گۆڕانە لەیەگانەی دەروونو دەرەوەی شێعری ئەودا روودەدا! واتە هەم ئەندێشە هەڵدەداو هەم پێکهاتەو زمانی شێعر گۆڕانی بەسەردا دێ. چون بەبێ ئاڵو گۆڕی ئەندێشەگی، پایەداری پێکهاتەیی نوێ نامومکینە.

چون فروغ دەیەوێ لەو قەیدو بەندانەی کە لەسروشتی ژیان بەدوورنو یان سروشتی ژیان بەندو بەربەست دەکەن، بپەڕێتەوە، کەوا بێ خۆی گرایشی بەرەو لای هەر شتێکی کە "سروشتی"یە هەیە.



کەوا بێ هەر شتێکی کە دەبێتە کەرەسەی کۆت‌و بەند، ئەو بەدژیان دەراسێ تا بەرزگاری دەگات. لەڕاستی‌دا، لەوێوە کە "گوناه" ڕواڵەتی ئەخلاقی ئەسارەتە، فروغ دەیەوێ بەوەقەرەکەوتنی "گوناه" لەکۆیلەتی ڕابکات. لەبەرئەوەی ئەخلاق بۆ ئەمەی ئینسان بیر لەرزگاری نەکاتەوە، بەتابۆکردنی زۆربەی چێژە خاکیەکان، هەرچەشنە رزگاری خوازی یەك بەگوناه لەقەڵەم دەدات، تا بەم چەشنە ترس‌و واهیمە بەر بەخۆ دۆزینەوەو سەربەخۆیی ئەندێشە بگرێ، وە یان بەوتەی فروغ "ئەڕواحی کوێرو نەفام" فەلەج بکات:

ئەوانە غەرقی وەحشەتی خۆیان بوون
وە هەستی مەترسیداری گوناه کاری
ئەڕواحی کوێرو نەفامیشیانی
فەلەج کردبوو.

کەوایە کاتێ فروغ بەشۆرو شەوقەوە ئەڵێ: "گوناهمکرد، گوناهی پڕ لەچێژ"، سەربادانە لەبەرانبەر کۆیلەتی‌و وەحشەت‌و بۆ بەدەست هێنانی هەلومەرجێکی سروشتی. شۆرو شەوقی فروغ لەلایەنی سروشتی بوونیشەوە، هەم پانتایی پەیوەندی لەگەڵ سروشت دەگرێتەوەو هەم بەرەو زمانی سروشتی‌دا مایلە: چون بەقەولی خۆش دەیەوێ "بەحەجمێك، هێڵی وشکی زەمان وەبەر" بێنێ. و ئەم "حەجمە"ش، نیشاندەری لایەنگەی‌تر یان نوێیە کەئیتر ئەو هێڵە وشك‌و سابتەی پێشوو قەبووڵ ناکات.

1–لەلایەنی یەگانەگی لەگەڵ سروشت

لەلایەکەوە شۆرو شەوقی رزگاری، کە مەیلەو سروشتی بوونە، پەیوەندی ئەو لەگەڵ سروشتی‌دا بووندا قەراری گرتوە، کەتا سنووری یەگانەگی لەگەڵ سروشت دا دەچێتە پێش. لەشێعری "ئەو رۆژگارە"، کاتێ لەجێگاو شوێنی "ژنێکی تەنیا" دا بەحەسرەتەوە باس لەرابردو و رۆژگارە خۆشەکان دەکا، سەبارەت بەگشت شتەکانی دەوروبەری خۆی، لەجەزبەیەکی پڕ لەمێهرو یەگانەگی دا دەدوێ: لەئاسمان‌و شاخ‌و بەرگی درەختان‌و لق‌و پۆپی پڕ لەگێلاس‌و لاولاوو عەتری یاس تا کۆترو کورسی‌و جامگەلی رەنگی‌و سندوقخانەو.. گشتیان لەپەیەندییەکی عاتفی‌دا لەگەڵ شاعیردا رێگای

بەرەو شێعر دەگرنە بەر. تەنانەت بەفرێکی کە دەبێتە هۆی مردنی چۆلەکەکانی شاعیریش، قابیلی قەبووڵو شیاوی خۆشویستنە:

ئەو رۆژە بەفراوییە بێدەنگانەی
کە لەپشت شووشەوە، لەوە تاغێکی گەرم دا
هەر ساتەو چاوم دەبڕیە دەرەوە،
بێ غەلو غەش بەفری من، وەك بەرگنێکی نەرم
لەسەرەخۆ دادەباری.
کاتێ بەفر دەکەوت
بە باخچەکەدا دەگەڕام کەسەربار
لەداوێنی گوڵدانەکانی وشکی یاسدا
چۆلەکە مردوەکانم دەناشت.

لەگەڵ ئەمەدا کە بەفرو سەرما، دەبێتە هۆی مەرگی چۆلەکەکانو شاعیر بەڕادەیەك باسیان لێوە دەکات، بەڵام بەفر وەك "پاکیزە بەفری من" نێو دەبات: واتە خۆی لەڕەگەزە سروشتیەکان (لەهەر شکلێکیدا) جیا هەست پێناکات. وە ئەم زەمیرەی "من"، چ سەبارەت بە بەفرو چ سەبارەت بەچۆلەکە، بەمانای بەساحیب بون نیە، بەڵکو لەلایەنی یەگانەگی یان هاودەمیەوە دەڕوانێ. چون شاعیر بەقەبووڵکردنی سروشتی ژیان، ئەوەی کە بەشێوەی سروشتی دەبێتە هۆی مردنی ئەویتر مەحکوم ناکاتو تەنانەت خۆی لەگەڵ ئەو دایەگانە یان هاودەم دادەنێ. هەر ئەمە هۆی نیشاندەری چەشنی هەستیاری ئەوە کە لەڕاستای گەیشتن بەسروشتی ژیان دا گەشە دەکات. بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەو بەدژی هەموو ئەوانەیە کەمرۆڤ لەسروشتی ژیان دوور دەخەنەوە.

ئەم شێوە پەیوەندییە لەگەڵ سروشت دا کە لەهەستو روانینی فروغەوە سەبارەت بەژینی سروشتی سەرچاوە دەگرێ، لەبەشێك لەشێعرەکاندا دیسانیش قوڵتر دەبێتەوەو بەچەشنێك هاوڕێی یان هاوئاهەنگی دەگات:

من و گوڵە گەنمە ناکامەڵەکان
دەگرمە ژێر مەمکەکانمو
شیریان دەدەم

وە ئەم هەست بەهاوئاهەنگی‌یەکە هاودەردیشی لەخۆیدا پەروەرش داوە. دەبێتە هەستی یەگانگی لەگەڵ سروشت دا، تا ئەو جێگایەی کە خۆیو سروشت ئاوێتە دەبنو جیاوازی لەبەین دەچێت:

من دەستەکانم لەباخچەدا دەچێنم
شین دەبم، دەزانم، دەزانم، دەزانم
پەڕەسێلەکانیش لە لەپی دەستەکانم، چاڵایی ئەنگوستە جەوهەریەکانم دا
هێلکە دەکەن.

لەڕاستی‌دا، لای شاعیرێکی کە لەئەندێشە گەلی زاڵو هێڵی وشکی زەمان بانتر دەڕوانێو بەڕوانینێکی ئارمانی سەرنجی هەستی دەدات، ئەم شۆرو شەوقی رزگاری‌یە، بەڕەهایی لە"خۆی" بێگانە بۆ یەگانەگی لەگەڵ باخو باوەرکردنی هەستی کۆتایی دێت.

3–لەلایەنی سروشتی زمانەوە

وتم کە شۆری رزگاربوونی ئەو، لەگەڵ پەیوەندی لەگەڵ خودی سروشت یان بەشەکانی تەمایلی بەرەو سروشتی زمانیش هەیە. بی ئۆقرەیی فروغ بۆ

رزگاربوون تەنیا لەچوارچێوەی دروستکردنی ئەندێشەدا نامێنێتەوە، بەڵکو دەکێشرێتە پێکهێنانی زمانی شێعریشەوە: چون کۆتو بەند تەنیا لەبافتی کۆمەڵایەتیدا بوونی نییە، پانتایی شێعریش لەلایەن‌و یشك ئەندیشانەوە دەخرێتە بەندی سوننەتەوەو لەسروشتی خۆی دوور دەخرێتەوە.

کەوایە شاعیرێکی کەلەڕاستی ئەندێشەوە بەتازەگی دەگات، دەیەوێ پێکهێنانی شێعریش هەر لەو راستایەدا بگۆڕێ" دەنا دوچاری ناکۆکی دەبێ. ئەم دژایەتی‌و ناکۆکییەش دەبێ بەرەو ئەم یان ئەو پانتایی پێکهاتەیی حەل بێ.

لەبەرئەوە کە ئێمە لەگەڵ شێعر گەلێك دا رووبەڕوو دەبین کە لەپێکهاتن یان رواڵەت دا، نوێ، بەڵام لەناورەڕۆك دا یان لەئەندێشەدا کونن‌و بەپێچەوانەش، لەپێکهاتنی کونەدا، رەگەزگەلێکی نوێ دێنێتە ئاراوە" کە هەردوو حاڵەت نیشاندەری سستی ئەندێشەو شێعری شاعیر یان قەیرانی ئەندێشەگی‌یە.

دەزانین کە فروغ یەکێك لەپەیرەوانی شێعری نیهاییە. واتە ئەو لە "لەدایك بوونێکیتر" بەم لاوە، لەگەڵ قەبووڵکردنی پێشنیاری نیما سەبارەت بەشکاندنی درێژی میسرەعەکان، شێعری هۆندۆتەوە. و لەم زاویەوە، شێعرەکانی دەچنە ریزی شێعرە نیهاییەکانەوە. یەکێك لەدەستکەوتەکانی نیما لەم راستایەدا، درێژترکردنەوەی میسرەعەکان، لەحدودە باوو سونەتیەکانیەتی. بەڵام ئەم درێژتر کردنەوەیە لای نیما تەنیا تەنیا لەمۆرد ئەو بەحرانەوەیە کەروکنەکانیان دوپات دەبنەوە، شێعری نیمایش حەدو سنوری تایبەت بەخۆی هەیە بەڵام فروغ ئەم سنوورانەش دەبەزێنێ‌و لەهێندێك لەشێعرەکانی‌دا وەك شێعری "باوەڕ بێنن بەسەرەتای وەزی سارد"، دێڕەکان لەسنوری شێعری نیمایی تێدەپەڕێنی‌و هێندێك جار ئەم بەحرانە بەهۆی نەرمشە مۆسیقایی یەکەیان، شان لەشانی نەسرو وتار دەدەن. لەشێعری فروغ دا مەوزونیەتێکی ئارام یان وتاری تایبەتی هەیە کەرەزا بەراهەنی ناوی ناوە "هاڕمونی وتار".

بەم شێوەیەیە کە فروغ، شۆری رەهایی لەپێکهاتەی شێعرەوە بەرەو رزگاری یان ئازادیەکی زیاتر لەڕاستی گەیشتن بەبافتو مۆسیقای سروشتی کەلام دەچێتە پێشەوە" واتە پەرەدانی میسراع، پەرەدانی رەهایی‌یە بۆ دەربڕینی سروشتی‌و ئاسوودەتری دەروون. یەقینەن ئەگەر فروغ جوانە مەرگ نەبوایە، ئەم ئازادەگی پێکهاتەییە لەشێعری‌دا باشتر دەردەکەوتو پێی دەنایە عەرسەگەلێکی بەرین ترەوە" چون ئەو شاعیرێکی وانەبوو بەدەرباز بوون لەبەندێکی کۆن خۆی پێوەندی داوێکی نوێ بکات.

شێوەیەکی تری رەهایی فروغ لەزماندا یان گەیشتن بەساختی سروشتی زمان، دەگەڕێتەوە بۆ چلۆنایەتی دەربڕینی ئەو لەشێعردا. لەم راستایەدا، فروغ هەوڵی دەدا دەربڕینی شێعریەکەی لەدەربڕینی نەسر نزیک بکاتەوە" واتە بەچەشنێك لەساختی

سروشتی زمان بگات، که نیشانده‌ری ڕاکردنی لەئیقتدای زمانی ره‌سمی‌و چه‌ق به‌ستووریی ئه‌ده‌بی‌یه‌.

هه‌ڵبه‌ت نیما، که خۆی له‌زمانی ره‌سمی‌و مه‌یو رایده‌کرد، به‌شوێن زمانێکی زیندووی، بانتر له‌زمانی عامیانه‌وه‌ بوو که ئه‌وی به "حاڵه‌تی سروشتی ده‌ربڕین" و "جیرانی نه‌سر" ناو ده‌برد. به‌ڵام نیما نه‌یتوانی به‌گشت ئه‌و شتانه بگات که‌بیری لێده‌کردنه‌وه‌. له‌بابه‌تێك دا به‌ناوی "چاوگێڕانێك به‌شێعری نیمادا" به‌وردی له‌سه‌ری دواوین.

به‌ڵام فروغ یه‌که‌مین شاعیری شێعری نیمایی‌یه که‌پێشنیاری نیمای به‌دروستی ئه‌نجام داوه‌و توانیویه‌تی بگاته چه‌شنێك هاوسانی‌و هاوسه‌نگی له‌نێوان زمانی رۆژانه‌یان وتار و زمان ئاوه‌ری‌و ده‌رچێته حه‌یاتی سروشتی خۆیه‌وه‌.

وه‌ها هاوسه‌نگی یان هاوسانیه‌ك له‌نێوان ساكاری ده‌ربڕین‌و قووڵبوونی‌دا خه‌یاڵات‌و مانای هاوڕایه‌” واته ساكاری ده‌ربڕینی له‌شێعردا به‌هیچ جۆرێ له‌گه‌ڵ بۆشایی وێنه‌و ساكاری چه‌مكه‌كاندا نییه” به‌وشێوه‌یه‌ی كه‌هێندێك به‌هه‌ڵه له‌ساكاری ده‌ربڕینی فروغ به‌ساكاری یان كه‌م بایه‌خ دان به‌وێنه‌و مانا ده‌گه‌ن‌و كاریكاتۆرێك له‌شێعری فروغ ده‌ده‌ن به‌ده‌سته‌وه‌. هه‌ر به‌م هۆیه‌یه كه لاسایی كردنه‌وه‌ی شێعری فروغ ته‌قریبه‌ن نامومكینه.

به‌هه‌رحاڵ، گرایشی فروغ له‌لایه‌نی شێعریه‌كی به‌ده‌ربڕینی ساكار، له‌هه‌مان شۆرو شه‌وقی ئه‌وه‌وه بۆ په‌رینه‌وه له‌قه‌راردادە‌كان یان ڕاكردن له‌ئیقتدادی زمانی فاخری ئه‌ده‌بی‌و نزیك بوونه‌وه له‌سروشتی زمان، وه‌سه‌رچاوه ده‌گرێ.

فروغ شاعیرێكه كه‌به‌شۆرو شه‌وقه‌وه بۆ رزگاربوون له‌كۆت‌و به‌نده‌كان‌و گه‌یشتن به‌سروشتی ژنانه‌گی مرۆڤانه‌ی له‌حه‌ره‌كه‌ت دایه‌و له‌م مه‌سیره‌دا، گشت كه‌ره‌سه‌و ئامێره‌كانی ئیشكردن، له‌وانه زمان‌و مۆسیقای شێعریش ده‌گۆڕێ. هه‌ر به‌م هۆیه، شێعری فروغ بزوتنێكی ساكارو به‌ره‌و پێشه‌وه چونی هه‌یه، و زمانی شێعری به‌رده‌وام به‌ره‌و پێشه‌وه ده‌چێ” به‌چه‌شنێكی كه هه‌ر ده‌ڵێی توانای وێستانی نییه.



**خوێنەری ئازیز!**

**پێشەنگ چاوەڕوانی ناردنی نوسراوە و بابەتی هونەری بەپێزی ئێوەی بەڕێزە. دەستی هاوکاریتان بە گەرمی دەگوشین.**

**دەستەی بەڕێوەبەری پێشەنگ**

